دەستوور
رۆژنامەیەکی سیاسی گشتییە، هەفتانە کۆمپانیای سولی تێلیگراف دەریدەکات
٤٥
چوارشەممە
٢٠١٠/٨/١٨
(٢٠) لاپەڕە
نرخ (١٠٠٠) دینارە
www.destur.net

## حکومەتی ئێران هەرەس دەهێنێت!

14

بەپێی زانیارییەکان توانا سەربازییەکانی سوپاکانی ئێران ناتوانێت وەڵامی بەهێزی هێرشی سوپای ئەمریکا بداتەوەو حکومەتەکەی دەڕووخێت، ئەگەر هێرش بکرێتە سەر وڵاتەکەی، بەڵام دەتوانێت سوپای ئەمریکا توشی قەیرانێکی هاوشێوە بکات کە لەئەفغانستانو عێراق رووبەڕوویبووەتەوە...

# پارتی ١٣ ساڵە گەنجێکی دەستگیرکردووە

## بەبێ بەڵگەی یاسایی حوکمی لەسێدارەدان دراوە

تایبەت بەدەستوور

١٣ ساڵە گەنجێکی شاری سلێمانی لەلایەن پارتییەوە بەتۆمەتی ئەوەی گوایا دەستی لەکوشتنی محێدین رەحیمدا هەبووە دەستگیرکراوە، بەڵام تائێستا لەزینداندایەو ئازاد نەکراوە.
دادگای هەولێریش حکومی لەسێدارەدانی بەسەردا سەپاندووە، بەبێ ئەوەی بەڵگەیەک بۆ تاوانبارکردنی هەبێت، رێگەش نەدراوە پارێزەر بگرێت لەکاتی دادگاییکردنەکەیدا.
لە ١٩٩٧/٦/٦ گەنجێکی شاری سلێمانی بەناوی عوسمان سەلام عارف کەئەوکات تەمەنی ٢٣ ساڵ بوو، لەهەولێر بەتۆمەتی ئەوەی دەستی لەکوشتنی محێدین رەحیم ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتیدا هەبووە دەستگیرکراوە.
بنەماڵەکەیان دەڵێن کوڕەکەیان هیچی لەسەر ساغنەبووەتەوە، بەڵام دەڵێن "بەناعەدالەتیو بەبێ ئەوەی رێگەی پێبدرێت پارێزەر بگرێت، لەدادگاییکردنێکی تەمومژاویدا ساڵی ٢٠٠٢ بڕیاری لەسێدارەدانی بۆ دەردەچێت".
عەباسی برای عوسمان، دەڵێت عوسمان دەستگیرکراوە، تاوەکو ساڵێکو ١٠ مانگ بێسەروشوێن بووەو نەیانزانیوە لەکوێ زیندانیکراوە.
ئەو وتی "کە یەکەمجار دەستگیرکرا بەئێمەیان وت گومانی شتێکی لێدەکرێتو هیچیتر، گومانەکەش ئەوەیە لەسەر کوشتنی محێدین رەحیم بێتو ئیتر نەمانبینیەوە".
بنەماڵەی عوسمان ئاماژە بەوە دەدەن کەدوای ماوەیەکی زۆر لەڕێگەی عارف تەیفوورەوە زانیویانە کوڕەکەیان لەسەری رەش (مەکتەبی سەرۆک) زیندانیکراوەو دواتر گواستراوەتەوە بۆ زیندانی ئاکرێ.
دایکی عوسمان، وتی "کاتێک عوسمان مەحکەمەکرا ئێمە لەوێ نەبووین، کەسمان لەوێ نەبووین، هەر ئاگاداریش نەکراینەوە".
لەڕۆژی ٢٠٠٩/٨/٢٠ عوسمان دەگوازرێتەوە بۆ سلێمانی، بەڵام لەمانگی ٢ی ئەمساڵ، بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی گەورانی هەولێر داوادەکات عوسمانیان بدەنێ تەنها بۆ دوو رۆژ بەمەبەستی لێکۆڵینەوە، بەڵام ئێستا شەش مانگ تێپەڕیوەو نەیاننادرووەتەوە بۆ سلێمانی.
عەباسی برای عوسمان دەڵێت لەدوا بینینی عوسماندا پێیوتین "ئەگەر ئەو شتەمکردووە با لەسێدارەمبدەنو بابمهێننە سەر تەلەفزیۆن، بابڵێن ئەم پیاوە دەستی لەو قەزییە هەبووە، ئەگەر نا با ئازادمبکەن".

درێژەی راپۆرتەکە لەلاپەڕە ١٠و ١١دا بخوێنەرەوە.



عوسمان سەلام پێش دەستگیرکردنی



دوای دەستگیرکردنی



## "ئێمە هەستمانکرد لەلایەن گۆڕانەوە کراینە ئامرازێک بۆ بانگەشەی هەڵبژاردنو فریودراین، دوای ئەوە وازیان لێهێناین"

15

## کۆسرەت رەسوڵ هێزێکی چەکدار دەنێرێتە سەر کۆمپانیای نالیا





زانیار محەمەد

بەهۆی کێشەی کۆمپانیایەکی تورکییەوە، کۆسرەت رەسوڵ هێزێکی چەکداری مەکتەبی کۆمەڵایەتیی یەکێتی دەنێرێتە سەر کۆمپانیای نالیاو هێزەکەش هەڕەشە لەکارمەندانی کۆمپانیای نالیا دەکەن.
شاسوار عەبدولواحید خاوەنی کۆمپانیای نالیا لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی "ماوەیەک لەمەوپێش چەند تورکێک هاتن، وتیان ئێمە ئامۆزای خاوەنی ئەو کۆمپانیا تورکییەین کەلای ئێوە ئیشدەکەن، لەتورکیاوە شتمان بۆ ناردوون، پارەیان نەداوینەتیو داوای پارەیان کرد".
وتیشی "پێموتن برۆن لەدادگای تورکیا یان سلێمانی داوا تۆماربکەنو رێگەی یاسایی بگرنەبەر بۆ یەکلاکردنەوەی ئەو کێشەیە، بەڵام دواتر دەرکەوت کەڕاستناکەن".
شاسوار ئاماژەی بەوەشدا کەئەو تورکانە دواتر چوونەتە لای کۆسرەت رەسوڵو یەکلایەنانە بابەتەکەیان بۆ باسکردووە، ئەویش بێ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ یاسا، یەکسەر تەلەفۆنی کردووە بۆ هەندێک شوێن، کەچەکدار بنێرنە سەر کۆمپانیای نالیاو پاشان تەلەفۆنیان کردووە بۆ مەکتەبی کۆمەڵایەتیو وتی "بۆ ئەوەی چەکدار بنێرنە سەر ئێمە".
خاوەنی کۆمپانیای نالیا وتی "مەکتەبی کۆمەڵایەتی چەکداریان ناردووەتە سەر کۆمپانیای نالیاو هەڕەشەیان لەکارمەندەکانمان کردووەو وتوویانە بەشەق دەتانبەینو ئیهانەیان کردوون".
هەروەها وتی "کۆسرەت رەسوڵ بۆی نییە تەداخول لەکاری بازرگانیو کۆمپانیا بکات، ئەو تەنیا بەرپرسێکی حیزبییە، تەنانەت پۆستی جێگری سەرۆکی هەرێمیشی نەماوە، بۆیە بەهیچ شێوەیەک مافی ئەوەی نییە تەداخول لەکاروبارەکانی ئێمە بکات".
ئاماژەی بەوەشدا کەدواتر ئەو تورکانە چوونەتە لای کەسێکی دانیشتووی رانیە، ئەو کەسەش هات بۆ لای ئێمە، ئێمە بابەتەکەمان تێگەیاند، دواتر کە لەگەڵیان دانیشتبووەوە، بۆی دەرکەوتبوو، ئەوان راستناکەن".
وتیشی "ئێمە بەقسەی کۆسرەت رەسوڵ ناکەین، ئێمە سەرشۆڕ ناکەین چەکدار بهێننە سەرمان، ئێستا ساڵانی ٩٥ و ٩٦ نییەو گلۆڵەی چەکو زەبری چەکداری کەوتووەتە لێژی، بەڵام ملیشمان لەتاڵە تەزوو باریکترە بۆ یاسا".
کۆمپانیای نالیا ماوەی سێ ساڵە لەسلێمانی کاردەکاتو خاوەنی ٥٤٠٠ کارمەندەو تائێستا ٢٨٠٠ یەکەی نیشتەجێبوونی دروستکردووە.
دەستوور چەندجارێک پەیوەندیکرد بەمەریوان مەسعود سکرتێری رۆژنامەوانی کۆسرەت رەسوڵەوە، وەڵامی نەبوو.




# دەربازی كۆسرەت رەسوڵ راوێژكارەو دەوام ناكات

محەمەد نەجیب

دەربازی كوڕی كۆسرەت رەسوڵی جێگری سكرتێری گشتی یەكێتی كەراوێژكاری د. بەرهەم سالّح سەرۆكی حكومەتە، تائێستا لەمەكتەبی سەرۆكی حكومەت دەوامی نەكردووەو دەستبەكار نەبووە.

بەپێی ئەو زانیارییانەی بەدەستوور گەیشتوون تائێستا دەربازی كوڕی كۆسرەت رەسوڵ عەلی لەپۆستەكەی كەوەك راوێژكاری سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان لەمەكتەبی سەرۆكی حكومەت دامەزرێنراوە، دەست بەكارنەبووەو دەوام ناكات.

دەستوور لەوبارەیەوە پەیوەندی بەنوری عوسمان سەرۆكی دیوانی سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە كرد، ئەویش هەواڵەكەی پشتڕاستكردەوەو لەلێدوانێكدا بۆ دەستوور رایگەیاند "دەرباز كارەكەی لەمەكتەبی سەرۆكی حكومەتی هەرێمە، بەڵام بۆ ئەوەی كەدەوام ناكات، ئەوە لەخۆی بپرسن كەبۆچی دەستبەكارنەبووە لەپۆستەكەیدا، لەبەر ئەوە بۆ ئەو بابەتە هیچ وەڵامێكم پێ نییە".

دەستوو چەندجارێك بۆ ئەو مەبەستە پەیوەند بەدەربازی كوڕی كۆسرەت رەسوڵەوە كرد، بەڵام وەڵامی نەدایەوە.

# بەرپرسێكی پارتی خانووی دادوەرێكی داگیركردووە

تایبەت بەدەستوور

بەرپرسێكی پارتی خانووی حكومی دادوەری ناحیەی هەریری داگیركردووەو حكومەتیش لەسەری تاپۆ كردووە، لەكاتێكدا ئەو بەرپرسە دادوەر نییە، بەڕێوەبەری ناحیەكەش دەڵێت خانووەكە بەپێی رێنمایی حكومەت لەسەر ئەو بەرپرسە تاپۆكراوە.

سەرچاوەیەك لەناحیەی هەریر بەدەستووری راگەیاند سەرۆكی دەزگای ئەیلولی پارتی لەكاتی شەڕی ناوخۆدا ئەو خانووە حكومییەی داگیركرد كەدرابوو بەدادوەرێك، دوای یەكگرتنەوەی دوو ئیدارەكەو ئاساییبوونەوەی رەوشەكە، بەڵام تائێستا ئەو خانووەی تەسلیمی حكومەت نەكردووەتەوە، وتی "لەو كاتەوەش تائێستا چەندین هەوڵدراوە كەخانووەكە بگەڕێنێتەوە، بەڵام بەهۆی ئەو بەرپرسیاریەتییە حیزبییەی هەیەتی هەوڵەكان بێ ئەنجام بووە".

سوارە ئەكرەم بەڕێوەبەری ناحیەی هەریر، وتی "ماوەی دوو ساڵە ئەو خانووە بەپێی رێنمایی حكومەت لەبەرانبەر بڕێك پارە لەسەر ئەو بەرپرسە تاپۆكراوە".

سوارە ئەكرەم وتی "خانووی حكومی زۆر تاپۆكراوەو هەر ئەو خانووە نییە، بەڵكو خانووی حكومی لەقەزاو ناحیەكانو هەتا لەهەولێریش نەماوە هەمووی تاپۆكراوە، ئێستا لەهەریر لەكۆی هەموو خانووە حكومییەكان سێ خانوو ماوە ئەویتر هەمووی تاپۆكراوە".

سەبارەت بەچۆڵنەكردنی خانووەكە لەلایەن ئەو بەرپرسەوە، وتی "ئەو خانووەی بەبێ تاپۆ كردووە، خەڵكانێك چوونە ناو ئەو خانووانەو داگیركرا، دواتریش دەستكاریانكردنو نۆژەنو بۆیاخكرانەوەو بەهەندێك پارە لەسەریان تاپۆكرا".

ناحیەی هەریر بەدووری ٢٥ كیلۆمەتر لەقەزای شەقلاوەو بەدووری ٧٥ كیلۆمەتر دەكەوێتە باكووری شاری هەولێرەوە.

# گۆڕان: رازیبووین بەكاندیدكردنەوەی تاڵەبانی بۆ پۆستی سەرۆك كۆمار



كاروخ نامیق

ئازاد چالاك نوێنەری بزووتنەوەی گۆڕان لەئیئتیلافی فراكسیۆنە كوردستانییەكان لەلێدوانێكدا بەدەستووری راگەیاند كەپشتگیری ئەو ١٩ خاڵەیان كردووە كەئیئتیلافی فراكسیۆنە كوردستانییەكان رایانگەیاندووە، بەو خاڵەشەوە كەباس لەوەرگرتنی پۆستی سەرۆك كۆمار دەكات لەلایەن كوردەوە.

ئازاد چالاك لەلێدوانێكیدا بۆ دەستوور وتی "لەمكاتەدا بارودۆخی كوردمان لەبەرچاوگرتووە، بۆیە ئەو خاڵەمان پەسەندكردووەو دژی نەوەستاوینەتەوە، لەبەرانبەر ئەوەدا داوامانكردووە چاكسازی بنەڕەتی لەهەرێمی كوردستان بكرێت، بۆ ئەو مەبەستە حكومەتی هەرێم لیژنەیەكی دروستكردووە بۆباسكردن لەو گیروگرفتانەی لەهەرێم هەیە، بۆیە بەوە رازیبووین".

ئیئتیلافی فراكسیۆنە كوردستانییەكان لەسەرەتای ئەم هەفتەیەدا ١٩ داواكارییان خستە بەردەستی كاندیدە سەرەكییەكانی سەرۆك وەزیرانی عێراق، لەخاڵی ١٣ ئاماژە بەوە دەدات كەئەو لایەنەی كورد لەگەڵیدا هاوپەیمانی دەكات بۆ پێكهێنانی حكومەت، دەبێت پاڵپشتی پاڵێوراوی ئیئتیلافی فراكسیۆنە كوردستانییەكان بكات بۆ سەرۆكایەتی كۆماری عێراق.

خالید شوانی نوێنەری یەكێتی لەئیئتیلافی فراكسیۆنە كوردستانییەكان لەلێدوانێكدا بۆ دەستوور وتی "مام جەلال كاندیدی هاوپەیمانی كوردستانە بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆك كۆماری عێراق".

ئازاد چالاك وتی "دژی هیچ خاڵێك نەوەستاوینەتەوە، هەرچەندە پێشتر تێبینیمان هەبوو لەسەر پۆستی سەرۆك كۆمار".

# ٣١٨ كەس بەهۆی رووداوەكانی هاتوچۆوە لەپشدەر بوونەتە قوربانی



فەرمان چۆمانی

رووداوەكانی هاتوچۆ لەناوچەی پشدەر بەپێی ئامارەكان روو لەزیادبوونەو لایەنە پەیوەندیدارەكانیش خراپی رێگەوبان بەهۆكاری سەرەكی زیادبوونی رووداوەكانی هاتوچۆ دەزانن.

لەپشدەرو بتوێن بەهۆی خراپی رێگەوبانو خێرایی شۆفێرانی سنوورەكەوە، چەندان رووداوی هاتوچۆ روودەدەن، بەپێی ئامارێكیش كە لەبەشی فریاگوزاریی هەریەكە لەنەخۆشخانەكانی رانیەو قەڵادزێ وەرگیراون، ئەمساڵ ٣١٨ كەس بوونەتە قوربانی.

ئیبراهیم عەبدوڵڵا بەڕێوەبەری بنكەی پۆلیسی قەڵادزێ زیادبوونی رووداوەكانی هاتوچۆ بەپلەی یەكەم بۆ دوو سایدنەبوونی رێگەی نێوان دەربەندی رانیەو قەڵادزێ دەگەڕێنێتەوە، وتی "زۆربوونی شۆفێری بێ مۆڵەتو كەمشارەزایی لەسەر شەقامەكانو پابەندنەبوون بەرێنماییەكانی هاتوچۆوە، هۆكارەكانی دیكەی زیادبوونی رووداوەكانی هاتوچۆن".

هەروەها بەپێی ئامارێكی دیكەی بنكەكانی پۆلیسی هاتوچۆی قەڵادزێو سەنگەسەر لەشەش مانگی سەرەتای ئەمساڵدا ٤٠ رووداوی هاتوچۆ روویداوەو ٩٩ هاووڵاتی بریندار بوونو ١١ كەسیش گیانیانلەدەستداوە.

ئیبراهیم عەبدوڵڵا نەبوونی هێماكانی هاتوچۆ لەسەر شەقامەكان بەهۆكارێكی تری زیادبوونی رووداوەكانی هاتوچۆ دەزانێت، وتی "ماوەی ساڵێكە شارەوانی قەڵادزێ سەد ملیۆن دیناری دابینكردووە بۆ كڕینی هێماكانی هاتوچۆو ماوەیەكی تر دادەنرێن".

كانەبی حەسەن بەڕێوەبەری ئاوەدانكردنەوەی رانیە ئاماژەی بەوەدا كەرێگەی دەرەوەی شار فراوانەو نزیكەی دە مەتر پانە، وتی "بەڵام لەهەندێ شوێن پێچی تێدایەو هەوڵدەدەین ئەو پێچانەش چاكبكەین".

بەڕێوەبەری ئاوەدانكردنەوەی رانیە وتی كەهەرچەندە داوای دوو سایدكردنی رێگەكانی دەرەوەی شاریان كردووە، بەڵام بەكارێكی زەحمەتی زانی.

هاوكات بەپێی ئامارێكی بنكەی پۆلیسی هاتوچۆی رانیە لەماوەی حەوت مانگی رابردوودا ٤٦ رووداوی هاتوچۆ تۆماركراوە، بەهۆیەوە ٤٥ كەس برینداربوونو ٨ كەسیش گیانیانلەدەستداوە.

موحسین خدر لێرسراوی بنكەی پۆلیسی هاتوچۆی رانیەش پێیوایە خراپیی رێگەوبانو یەك سایدیی رێگە سەرەكییەكان هۆكاری یەكەمن بۆ رووداوەكانی هاتوچۆ.

بەپێی وتەكانی موحسین خدر بەهۆی رووداوەكانی هاتوچۆوە، هاووڵاتیان ئەو رێگەكەیان ناوناوە "رێگەی مەرگ".

هەروەها روونیكردەوە كەرۆژانە ٢ هەزار ٥٠٠ ئۆتۆمبێل هاتوچۆی رانیە دەكەن، ئەوەش پاڵەپەستۆو قەرەباڵغی لەسەر شەقامەكان دروستكردووە.




## ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بەسەدان ملیۆن دینار لەپرۆژەی لەم شێوەیەدا خەرجكردووە بەبێ ئەوەی هیچ كەسێك سودمەند بێت لێی

# ئەو کاتەی کار دەبێتە مەرگو ئەشکەنجە

بەیان عەزیزی

لەبەیاننامەی مافی مرۆڤدا بەندی ٢٣ سەبارەت بەکارکردنو ئازادی دەوترێت: هەموو کەس مافی ئەوەی هەیە کەکاربکاتو ئیشو پیشەی خۆی بەئازادی هەڵبژێرێتو هەلومەرجێکی رەزامەندانەی بۆ کارەکەی هەبێتو دژی بێکاریی یارمەتی بدرێت. هەمووان مافی ئەوەیان هەیە بێ هیچ جیاوازییەک لەبەرانبەر کاری یەکساندا مووچەو پاداشتی یەکسان وەرگرن. هەروەها خاڵێکی دیکەش هاتووە کەهەر سەبارەت بەکارکردنە.

دەوترێ کەکارکردن گرنگترین بەشی ژیانی کەسەکانە کەهەموو چالاکیەکانیتر بەجۆرێک پێوەند دەدرێنەوە بەکارو چۆنیەتی کارکردن، بەڵام لەدرێژایی مێژوودا پرۆسەیەک بەردەوام بیندراوە ئەویش کاری زۆرە ملێو بێگاریکردن بەکەسەکانە. لەسەرەتاوە کاری زۆرەملێ تایبەت کرابوو بەکوێلەکان، ئەو کەسانەی هەموو ژیانیان تەرخانکرابوو بۆ خزمەتکردنو کاری زۆرەملێ بۆ ئەربابو خواوەندەکەیان. پاش شۆڕشی کۆیلەکانو لەدوای ئەوەش شۆڕشی فەرەنساو پاشان بەیاننامەی جیهانیو فەرمانەکانی نەمانی کۆیلەیی ئەم جۆرە کارکردنە بەرواڵەت بۆ هەمیشە سڕدرایەوە. تێپەڕبوونی کاتو گەیشتن بەسەردەمی مۆدێرن ئەوەی نیشاندا کەمرۆڤ رووخسارو مێتۆدو ئامێری نوێ دەدۆزێتەوە بۆ جەنگ، شکاندنی کەرامەتی مرۆڤو ئازاردانی جەستەو رۆحی مرۆڤەکانیتر. لەبەندیخانەکانی جیهانیی نەریتیدا، زیندانییەکان تەنیا ئەشکەنجە دەدران یان دەکوژران، بەڵام لەئۆردوگاکانی کاری زۆرەملێی سیبریا، لەیەکیەتی سۆفییەتدا کار بوو بەئامێری ئەشکەنجە، کارکردن هەتا مردن، ئەمە یاسای ئەو ئۆردوگایە بوو. مەحکومکراوەکانی مەرگ دەنێردران بۆ سیبریاو لەوێ لەدڕندانەترین بارودۆخدا لەکانزاکاندا کاریان دەکرد یان رێگەوبانو بینایان دروستدەکرد. زۆرێک لەزیندانییەکان لەکاتی دروستکردنی کارگەدا لەبەرلاوازبوون ئێسقانەکانیان تێکدەشکاو هەر لەژێر دیوارەکاندا چاڵیان دەکردن. ئەوێ شوێنی کەسانێک بوو کەدژ بەدەسەڵاتی سیاسی بوون، ئەو زیندانییانەی پێیان دەوتن مەترسیدارن بۆ حکومەتو خەڵکی یەکیەتی سۆڤیەت. بەڵام رەنگە ترسناکترین نمونە ئۆردوگاکانی ئەڵمانیای نازی بێت کە بەناوبانگترینییان ئۆردوگاکانی ئاشۆویتزو داخائۆن. لەوێدا سێ دەرکەوتەی شکاندنی کەرامەتی مرۆڤو تاوانی دژ بەمرۆڤایەتی پێکەوە دەکرا: کاری زۆرەملێ، کۆیلایەتیو جینۆساید.

**ئۆردوگای مەرگ**

ئاشۆویتز کۆمەڵێک ئۆردوگای کاری زۆرەملێ بوو کەسێ بەشی سەرەکی هەبوو، بەژمارە لەیەکەوە هەتا سێ دەستنیشانکرابوو. لەهەر سێ بەشەکانیدا هەموو زیندانییەکان کاری زۆرەملێیان دەکردو یەکێک لەبەشەکان وەک بەشی کوشتار کەڵکی لێوەردەگیرا. ئۆردوگاکان لە٣٧ مایلی رۆژئاوای کراکۆف ناوچەیەکی سەرسنووری پۆڵۆنیاو ئەڵمانیا سازکرابوون. هەموو بەشەکان لەنێوان چەند مانگی جیاوازو لەساڵی١٩٤٢دا دروستکران، بەڵام وەک سەرەتا لە١٩٤٠دا کۆمەڵێک زیندانی سیاسی ئەڵمانیو پۆڵۆنیایی کەتاوانبارکرابوون، نێردران بۆ ئەو ناوچەیە. زەوییەکی رووت کەفەرمان درابوو سێ بینای سەرەکی تێدا دروستبکرێت. چارەنووسی زۆرێک لەو زیندانییانە نادیارەو نازانرێت لەوێوە نێردران بۆ کوێ. لە ١٩٤٢دابوو کەئەوێ تەرخانکرا بۆ جولەکەکانو بەمەبەستی جینۆساید لەبەشی سێهەمدا کورەکانی مرۆڤ سووتاندنو ژوورەکانی گاز دروستکران. ئەندازیارە ئەڵمانییەکان دیزاینیانکردو زیندانییەکان خرانە بەرکارێکی بێ کۆتایی. ئەوان نەیاندەزانی ئەم کورانە بۆ دروستدەکرێن وەک هەمیشە وایاندەزانی کارگەو شوێنی پیشەییە، بەڵام دوایی زانرا کەئەوێ شوێنی سووتاندنی مەیت یان جەستەی ئەو مرۆڤانەیە کە لەلایەن نازییەکانەوە مەحکوم کراون بەمەرگ. دروستکردنی ئۆردوگای ئاشۆویتزو دیکەی شوێنە هاوچەشنەکان سێ مەبەستی سەرەکی جێبەجێدەکرد: کەڵکوەرگرتن لەو کەسانەی بەدوژمنی ئەڵمان دەزانران، بێگاریکردن بەجەستەو رۆحی ئەوان، دووهەم وەبەرهێنانی کەرەستەو دروستکردنی کەلوپەلی پێویستی ئەڵمانییەکان بۆ شەڕو ژیانی ئاسایی لەسەرشانی زیندانییەکانو سێیەم کوشتنی بەرەبەرەو سڕینەوەی جولەکەکانو دوژمنانی نازیسم لەو ئۆردوگایانەدا بەکارکردنێک کەرێک نمونەی ئەشکەنجەدان بوو.

**ژیانی رۆژانەو جەستەی زیندانی**

سیاسەتی داڕێژراو لەو ئۆردوگایانەدا ئەمەبوو: کاری زۆرتر، ئابووری باشترو مەرگی زۆرتر. هەرسێ حاڵەتەکە بۆ نازییەکان پڕ لەقازانج بوو، یاسای داڕێژراویش کارکردنی بێ پشوو بوو هەتا سنووری مردن.

رۆژانی هاوین زیندانییەکان سەعات ٣ی بەیانی لەخەو هەڵدەسێنرانو ٢٠ خولەک کاتیان هەبوو هەموو کارەکانیان بکەن. پاشان سەرژمێری دەکرانو زستانان لەژێر بەفرو سەرمای ١٨ دەرەجە ژێرسفردا رادەوەستان تا سەرژمێری تەواوببێت. بڕێکجار رێدەکەوت کەزیندانییەک رەق دەبووەوە. پاشان بەپێی ژمارەو شوێنی کارکردنەکەیان دەنێردران بۆ شوێنی پیشەکەیان. شەوانە سەعات٩ لەهاویندا و٧ لەزستاندا دەگەڕانەوە بۆ شوێنەکەی خۆیانو سەرانسەی رۆژ برسی بوون، ئەو نانو شۆربایەی پێیاندەدرا بەهیچ شێوەیەک تێری نەدەکردن.

رێک لەکاتی هاتنی زیندانییەکان بۆ ئۆردوگا برسیەتی دەستیپێدەکرد. بەلانیکەمەوە هەر زیندانییەک مانگی ٣تا٤ کیلۆ کێشی دادەبەزیو نەخۆشەکان خراپتربوون. نەخۆشیی برسیەتی بەسەر هەموو کەسەکاندا زاڵبوو، بێجگە لەوەش نەخۆشییەکانی سکچوونی خوێناوی، تیفووسو کۆلێرە بەئاسانی جەستەی لاوازی ئەوانی لەبەین دەبرد. دوای ئەوانە بوو کەقۆناغێکیتر لەتێکچوونی جەستە دەستیپێدەکرد کەپێی دەوترێ هەیکەل عەزمی. لەم قۆناغەدا کارکردنی مێشک دەگاتە کەمترین رادەو مل ناتوانێت بەئاسانی بسووڕێتەوە، ئێسکەکان بەتەواوەتی دەردەکەون، رادەی شەکری خوێن دادەبەزێت، ریخۆڵەکان دەگوشرێت، حەجمی دڵ، گورچیلەکان، سییەکانو جەرگ رۆژ بەرۆژ بچووکتردەبێتەوەو زیندانییە لاوەکانیش لەنێوان ١٧تا٣٥ ساڵدا رەگو ماسوولکەکانیان رەقدەبێت. ئەوان ئیتر سیمایان لەمرۆڤ ناچێتو ئەگەر لەشتێکی ساکار بکەون، ناتوانن خۆیان رابگرنو دەدرێن بەعەرزدا. زۆرجار لەباری دەروونیشەوە کەسەکان شێت دەبوون، خۆیان دەکوشت یان نەخۆشیی سەیریان دەگرت. ئەمە ئەو کارەساتە بوو کەکاری زۆرەملێ، ئەشکەنجەو بەندکردن هەمووی بەمەبەستی جینۆساید بەسەر جەستەو رۆحی هەزاران هەزار کەسی هێنا. مێژوو هەرگیز شکاندنی کەرامەتی مرۆڤی لەم رادەدا بەخۆوە نەبینیبوو.

# ٧٥٠ خێزانی عەرەبی بێ ناسنامە، لەداقوق ناسنامەی عێراقیان پێدەدرێت

زانیار داقوقی

تەواوی ئەو خێزانە عەرەبە بێ ناسنامانەی کە لەسەردەمی رژێمی پێشوو بۆ تەعریبکردن لەناوچەکانی داقوق جێگیرکرابوون، بەهۆی ئەوەی ناسنامەیان نییەو مادەی ١٤٠ نایانگرێتەوە، هەر لەو قەزایە ماونەتەوەو لەماوەکانی پێشوودا بەنهێنی لەبەڕێوەبەرایەتی رەگەزنامەی داقوق ناویان تۆمارکراوەو کراون بەخەڵکی ئەو قەزایە.

سەرچاوەیەک لەفەرمانگای رەگەزنامەی قەزای داقوق، لەلێدوانێکیدا بەدەستووری راگەیاند "ئەو خێزانە عەرەبانە ژمارەیان ٧٥٠ خێزان دەبێت، کەپێشتر بەناوی بەبێ ناسنامەوە لەو قەزایە بوون، ئێستا بەنهێنی لەداقوق تۆمارکراونو ناسنامەیان پێدراوە".

ئەو سەرچاوەیە وتی "بەپێی یاسای ناسنامەی عێراقی ئەو هاوردانە بوونەتە خەڵکی داقوقو مادەی ١٤٠یش نایانگرێتەوە بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە".

بەپێی زانیارییەکانی دەستوور ئەو خێزانە عەرەبانە لەئێستادا لەگوندەکانی وەحدەو گوندی سەعدو حوریەو عومەر بن خەتاب جێنشینکراوون، پێشتریش بەشێکی زۆریان لەسەردەمی رژێمی بەعسدا لەوڵاتانی کەنداوەوە هێنراوەنەتە ئەو قەزایە.

ئەمیر خواکەرەم سەرۆکی ئەنجومەنی قەزای داقوق لەلێدوانێکیدا بەدەستووری وت "ئێمە بەهیچ جۆرێک پرۆژەی خزمەتگوزاری بۆ هیچ گوندێکی هاوردە لەداقوق ئەنجامنادەین".

وتیشی "عەرەبێکی زۆری هاوردە لەلایەن رژێمی پێشووەوە هاتووەتە ناوچەکە، دەبێت بەمادەی ١٤٠ بگەڕێنەوە بۆ شوێنی خۆیان، ئەگینا بەهیچ جۆریک پرۆژەی خزمەتگوزاریان بۆ ئەنجامنادرێت"

# ٣٠٠ ئەندامی یەکێتی قوتابیان لەگەرمیان دەستیانلەکارکێشایەوە





دەستوور

ئەو ٣٠٠ ئەندامەی یەکێتی قوتابیانی کوردستان کەناڕەزاییان لەهەڵبژاردنەکانی ئەو رێکخراوە دەردەبڕی، دوای ئەوەی لەلایەن مەکتەبی سیاسی پارتییەوە وەڵامیان نەدرایەوە، نامەی دەستلەکارکێشانەوەیان لەچەند رۆژی رابردوودا رەوانەی مەکتەبی سیاسی کرد.

هێمن محەمەد سەرپەرشتیاری قوتابیانی پارتی لەباوەنور بەدەستووری راگەیاند "ئێمە بەچاوی خۆمان کۆمەڵێک ساختەکاریو ناعەدالەتیمان بینی لەکاتی هەڵبژاردنەکانی قوتابیاندا، بۆیە خۆمو زیاتر لە ١٠٠ ئەندام کەهەموویان بەواژۆو بە بەڵگە دەیسەلمێن ئەندامی قوتابیان بوون، دەستمان لەکارکێشایەوە، چونکە ئەو رێکخراوەی ئێمە کارمان بۆ دەکرد، ئەوە دەرنەچوو".

ئەو ٢٠٠ ئەندامەی تری یەکێتی قوتابیان لەکەلارو ناحیەی رزگاریو دەربەندیخان دەستیانلەکارکێشاوەتەوە.

ئەو وتی "رێکخراوەکە پڕبووە لەگەندەڵی، لەئێستادا کەسی وای تێدایە ، کەپلەی باڵاشی لەنێو قوتابیاندا هەیە، دوو مووچە وەردەگرێت، ئەمە یەکێکە لەو گەندەڵیانەی لەناو قوتابیاندا هەیە لەگەرمیان".

کەیوان شەهاب بەرپرسی لقی پێشووی دەربەندیخانی قوتابیانی پارتی، لەلێدوانێکیدا بەدەستووری راگەیاند "بەهۆی ئەو ناعەدالەتییەی لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا هەبوو، وایلێکردم کەدەستلەکاربکێشمەوە، چونکە لەپەیڕەوی ناوخۆی قوتابیاندا نەهاتووە کەبەرێککەوتن بەرپرسی لق دابنێن".

نێچیر شێخ عەزیز یەکێکیتر لەو قوتابیانەی کەدەستی لەکارکێشاوەتەوە، لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور، وتی "داوامان لەجەنابی سەرۆکو نێچیرڤان بارزانیو مەکتەبی سیاسیو چەند دەزگایەکی تری پارتی کرد، کەس گوێی لێنەگرتین، بۆیە بەیەکجاری بڕیاری دەستلەکارکێشانەوەماندا".

عیرفان عەزیز سکرتێری یەکێتی قوتابیانی کوردستان لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی "هیچ ئەندامێکی یەکێتی قوتابیان دەستیلەکارنەکێشاوەتەوە، ئەوەی دەوترێت راست نییە".

لەبارەی نامەی دەستلەکارکێشانەوەی ئەو ئەندامانەی کەکۆپییەکی لای دەستوورە، عیرفان وتی "مەرجەعی یەکێتی قوتابیان ئێمەین، هیچ کەسێک لەئەندامانی یەکێتی قوتابیان نامەی دەستلەکارکێشانەوەی نەداوەتە من".

# حکومەتی عێراق تائێستا نەسرییەی بەبنکەکانی پۆلیسی کەرکوک نەداوە



دەستوور

لەدوای ساڵی ٢٠٠٦ەوە بنکەکانی پۆلیسی کەرکوک یەک دیناری نەسرییەیان نە لەحکومەتی عێراق نە لەئەمریکییەکان وەرنەگرتووە، کە لەپێش ئەو بەروارەوە لەلایەن ئەمەریکییەکانەوە مانگانە نەسرییە بەسەرجەم بنکەکانی پۆلیس دەدرا.

عەقید شێرزاد مۆفەری بەڕێوەبەری بنکەی پۆلیسی عروبە، لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور، رایگەیاند "کێشەی گەورەی پۆلیس لەشاری کەرکوک لەئێستادا بۆ چالاککردنی جموجۆڵەکانیان، ئەوەیە نەسرییە بدرێت بەبنکەکان، چونکە زۆربەی زانیارییەکانی ئێمە لەبارەی گروپو چەکدارە توندڕەوەکانەوە هاووڵاتیانن، ئەگەر ئێمە نەسرییەیەکمان هەبێت، دەتوانین دیارییەک بدەین بەهەر هاووڵاتییەک کەزانیاریمان پێدەدات، بەڵام نەسرییەمان نییە".

بەڕێوەبەری بنکەی پۆلیسی عروبە ئاماژەی بەوەشدا کە لە ٢٠٠٣وە تاساڵی ٢٠٠٦ مانگانە لەلایەن ئەمریکییەکانەوە نەسرییە دەدرا بەهەموو بنکەکانی پۆلیسی ناوەوەو دەرەوەی شار، بەڵام چوار ساڵە ئەو نەسرییەیەش بڕدراوە.

هەروەها وتی "چەندینجار لەرێگەی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی کەرکوکەوە داوامان لەوەزارەتی ناوخۆ کردووە، بەڵام هیچ وەڵامێکیان نەداوینەتەوە".

لەزۆربەی پارێزگاکانی عێراق نەسرییە بۆ بنکەکانی پۆلیس سەرفدەکرێت، بەڵام هیچ بنکەیەکی پۆلیس لەسنووری پارێزگای کەرکوک نەسرییەی پێنادرێت.


REKLAM


STC
Suly Telegraph Company
Press Print and Distribution
کۆمپانیای سولی تێلیگراف
ڕۆژنامەوانی و چاپ و بڵاوکردنەوە
کۆمپانیای سولی تێلیگراف
ڕۆژنامەوانیو چاپو بلاوکرڈنەوە
دەروازەیەک بۆ ڕاگەیاندنی پیشەگەر




بەیانی هەموو چوارشەممەیەک
ڕۆژنامەی دەستوور بخوێنەرەوە
www.destur.net

# فریاد ڕەواندزی: گۆمەکەمان شڵەقاندووە


فریاد ڕەواندزی

> تا هێزەکانی ئەمەریکا لەعێراق بن، دەرفەتی ئەنجامدانی کودەتای سەربازی کەمتر دەبێتەوە

سازدانی: زانیار محەمەد

فریاد ڕەواندزی ئەندامی شاندی دانوستانکاری ئیئیتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان، ئاماژە بەوە دەدات کە بەشێک لەلایەنە عێراقییەکان دەترسن کودەتا لەعێراقدا ڕووبدات، دەڵێت بەڵام تا هێزەکانی ئەمەریکا لەعێراق بن، دەرفەتی ئەنجامدانی کودەتای سەربازی کەمتردەبێتەوە.

لەبارەی بەرهەمی ئیئیتیلافی لیستە کوردستانییەکانەوە، فریاد ڕەواندزی وتی "کورد بەشێکە لەپرۆسەی سیاسی، بۆیە کورد ناتوێنیت موعجیزە دروستبکات. دروستکردنی موعجیزە کارێکە لەسیاسەتدا دەگمەنە. ئێمەش هێزو توانای خۆمان هەیە، کە لەهێزو توانای لایەنەکانی تر کەمترە. بۆیە چاوەڕوانی موعجیزە لەکورد مەحاڵە". بەڵام وتی "ئێمە وەرەقەیەکمان پێشکەشکردووە، گۆمەکەمان شڵەقاندووە، وەرەقەکەمان لە١٩ خاڵ پێکهاتووە. ١٩ خاڵەکە بۆ ئێمە مەسەلەیەکی یەکلاکەرەوەیە. بۆیە گۆمەکەی شڵەقاندووەو بووەتە هۆی دروستبوونی جوڵەی سیاسی لەعێراق".

**دەستوور:** تادێت کێشەی نێوان لایەنەکانی براوەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق قووڵتردەبێتەوە، بۆیە پێناچێت بەمزوانە لایەنەکان بگەنە ڕێککەوتنێک بۆ پێکهێنانی حکومەت، مانەوەی ئەم دۆخە بەم شێوەیە، مانای گەڕانەوەیە بۆ سەردەمی نائارامی؟

**فریاد ڕەواندزی:** گەشبین نیم بەوەی لایەنەکان لەنزیکەوە بگەنە ڕێککەوتنێکی هەمەلایەنە بۆ ئەوەی گرێ کوێرەی پێکهێنانی حکومەت بکرێتەوە. لەبەرئەوەی ناکۆکییەکانو جیاوازییەکان زیاترو قووڵتربوون. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێستا لایەنەکان سەرقاڵن خۆیان یەکلابکەنەوە. بۆ ئەوەی بتوانن لەڕێگەی یەکلاکردنەوەکەوە، هەنگاوێک بەرەو پێشەوە بڕۆنو کوتلەیەکی گەورە پێکبێتو توانای ئەوەی هەبێت حکومەت دروستبکات. بێگومان ئەگەر بارودۆخەکە بەمشێوەیە بمێنێتەوە، ئەوا سێبەری ترسناک دەخاتە سەر بارودۆخی ئەمنی لەعێراق، بەتایبەت کەئەو لایەنانەی دژایەتیی عێراق دەکەن، دەیانەوێت ئەم دەرفەتە بقۆزنەوەو لەهەر بۆشاییەو ڕێگەیەکەوە بێت، کاری تیرۆریستی ئەنجامبدەن. لەهەمانکاتدا پێشانیبدەن کەعێراقییەکان شایەنی ئەوە نین ئەم عێراقە نوێیەیان بۆ دروستبکرێت، شیاوی ئەوە نین دیموکراسی لەم وڵاتە بەرپا بکەن، بۆیە ئەوان لەم ڕوانگەیەوە کاری تیرۆریستی زیاتر دەکەن. لەهەمانکاتدا سەرقاڵبوونی سیاسییەکانی عێراق، دەبێتە هۆی ئەوەی کەدەرفەتی کەمتریان هەبێت کات تەرخانبکەن بۆ کاری حکومیو ئەمنی، ئەوەش ئەنجامی خراپی لێدەکەوێتەوە.

**دەستوور:** ڕێکنەکەوتنی لایەنەکان دەرفەت بۆ کودەتای سەربازیو گێڕانەوەی سیستەمی تاک حزبی دروستناکات؟

**فریاد ڕەواندزی:** ئەو ترسە هەندێک لایەنی سیاسیو تەنانەت چاودێری سیاسیش دەیخەنەڕوو. بەڵام تا هێزەکانی ئەمەریکا لەعێراق بن، دەرفەتی ئەنجامدانی کودەتای سەربازی کەمتر دەبێتەوە. زۆرکەس وایدەبینێت کە وەک ساڵی ١٩٥٨ یان ١٩٦٨ کودەتای ناوخۆی ڕوویدات. بەڵام تائێستا هێزەکانی عێراق بەتایبەت زۆربەی لایەنەکانی شیعە، ئامادەنین واز لەعێراقی نوێ بهێننو بیخەنە پشت سەریانەوەو ببێتە ئەگەری ڕوودانی کودەتای سەربازی. بۆیە ئەوە ئەگەرە، بەڵام ئەگەری ڕوودانی کەمە.

**دەستوور:** کورد لەم ڕەوشەدا پێگەی چییەو دەیەوێت چی بکات، بۆچی تائێستا هەوڵەکانی بەرهەمێکی نییە؟

**فریاد ڕەواندزی:** هیچ بەرهەمێک ڕوونو ئاشکرا نەبووە، کوردیش بەشێکە لەپرۆسەی سیاسی، بۆیە کورد ناتوانێنیت موعجیزە دروستبکات. دروستکردنی موعجیزە کارێکە لەسیاسەتدا دەگمەنە. ئێمەش هێزو توانای خۆمان هەیە، کە لەهێزو توانای لایەنەکانی تر کەمترە. بۆیە چاوەڕوانی موعجیزە لەکورد مەحاڵە. لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە وەرەقەیەکمان پێشکەشکردووە، گۆمەکەمان شڵەقاندووە، وەرەقەکەمان لە١٩ خاڵ پێکهاتووە. ١٩ خاڵەکە بۆ ئێمە مەسەلەیەکی یەکلاکەرەوەیە. بۆیە گۆمەکەی شڵەقاندووەو بووەتە هۆی دروستبوونی جوڵەی سیاسی لەعێراق بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانی لەنێوان کوردو لایەنەکانی تر بۆ دروستکردنی حکومەت.

**دەستوور:** ئەمەریکا بەردەوامە لەپاشەکشەی هێزەکانی، لەلایەکی ترەوە هەوڵە دیبلۆماسیەکانی تائێستا بەرهەمێکی واینەبووە، پێتانوایە ئەمەریکا بێهیوابێت لەدروستکردنی عێراقێکی جێگیرو ئارام؟

**فریاد ڕەواندزی:** نەخێر ئەمەریکا بێهیوا نەبووە، بەڵام ئەمەریکا دەسەڵاتەکانی سنووردارە. ئەگەر عێراقییەکان خۆیان ئیرادەی چارەسەرکردنی کێشەکانی ناوخۆیان نەبێت، ئەوا ئەمەریکا هیچی پێناکرێت. ئەمەریکا ناتوانێت هێز بەکاربهێنێت. ئەمەریکا حەیزەرانی پێنییە بەکاریبهێنێت، تا سیاسییەکانی عێراق بخاتە بەردەمیو بۆکوێی بوێت بیانبات. ئەمەریکا تەنیا دەتوانێت عێراقییەکان لێک نزیکبکاتەوە. لەم بوارەش تائێستا بەردەوامە لەهەڵوێستەکانیو بەردەوامە لەهەوڵەکانی، بەڵام ئەو هەوڵانەی، مانای وانییە، کەسەرکەوتنی بەدەستبهێنێت. چونکە چارەسەرکردنی کێشەکە بەدەست عێراقییەکان خۆیانە.

**دەستوور:** بەحوکمی ئەزموونی چەند ساڵەت لەگەڵ لایەنە عێراقییەکان، چەند ڕازین لەڕۆڵی کورد لەم قۆناغەدا، پێویستە چۆنو بەچ شێوەک مامەڵە لەگەڵ ئەم دۆخەدا بکەن؟

**فریاد ڕەواندزی:** کورد لەچەند بوارێکەوە کاردەکات. یەکەم بۆ لێکنزیککردنەوەی لایەنە عێراقییەکان. هاوکات حەزدەکات کێشەکانی پەیوەست بەپێکهێنانی حکومەت زوو چارەسەربکرێن. لەبواری هاوپەیمانیشدا کورد وەرەقەیەکی ١٩ خاڵی پێشکەشکردووە. کە لەم بوارەدا ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت. هیوادارین بتوانین لەڕێگەی ئەو وەرەقەیەو لەڕێگەی هەوڵەکان بۆ لێک نزیککردنەوەی لایەنەکانو کەمکردنەوەی بۆچوونە جیاوازەکان، بتوانین شتێک بکەین.

# مالکی.. خاڵی بەیەکگەیشتنی تارانو واشنتۆن!

حەیدەر نەجم

تاکو ئێستا کەس نهێنی کۆک بوونی ئێرانو ئەمەریکا نازانێت لەبارەی پاڵپشتیکردنیان بۆ نوری مالکی سەرۆک وەزیرانی ماوە بەسەرچو لەپێناو دووبارە وەرگرتنەوەی پۆستەکەی بۆ ماوەی چوار ساڵی داهاتوو.

لەماوەی ساڵانی ڕابردودا چەندین کێشەو قەیرانی ڕاستەوخۆ پەیوەندییەکانی نێوان تارانو واشنتۆنی بەتەواوەتی لێکترازاندووە، هەر لەتۆمەتەکانی ئەمەریکا لەدژی ئێران لەبارەی پاڵپشتیکردنی گروپە چەکدارە توندڕەوەکانی عێراقو لوبنانو فەلەستینو ئەفغانستان، تادەگاتە ڕەخنە توندەکانی ئێران لەوەی ئەمریکا پاڵپشتی ئیسرائیل دەکات لەدژی وڵاتانی ناوچەکە.

جگە لەوانەش، هێشتا کێشەی سێ هاوڵاتیە ئەمەریکیەکە چارەسەرنەکراوە کە بەهەڵە لەخاکی هەرێمی کوردستانەوە چونە ناو خاکی ئێرانو ماوەی چەند مانگێکە لەو وڵاتە دەستبەسەرن. لەسەرو هەمو ئەمانەشەوە، کێشەو قەیرانی مەلەفی ئەوەوی ئێرانو سزا نێودەوڵەتیەکانی لەلایەن ئەمەریکاوە سەپێندراونەتە سەر کۆماری ئیسلامی ئێران.

ئەم دوو دوژمنە گەورەیە ئێستا لەپشتگیری کردنی مالکیی سەرۆکی دووەمین گەورەترین کوتلەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق یەکیانگرتوەو بەپێی لێدوانو هەڵوێستە سیاسیەکانی ئەم دوایە، هەردو لایان مەبەستیانە مالکی لەپۆستەکەی خۆیدا بمێنێتەوە.

مالکی سەرۆکی ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسا بەهاوپەیمانی هیچ کام لە تارانو واشنتۆن نازاندرێت، بەڵکو وەک چاودێران ئاماژەی پێدەدەن "جێگەی نیگەرانیە" بۆ هەردولایانو لەماوەی ڕابردودا بووە هۆی ئاڵۆزبوونی پەیوەندیەکان لەگەڵیاندا.

لەمبارەیەوە دیپلۆماسیەکی ڕۆژئاوایی بەنیقاشی ڕاگەیاند "نهێنی یەکگرتنی ئارەزوی ئەم دوو وڵاتە لەمانەوەی مالکیدا ئەوەیە کە دەیانەوێت تەنازولی ناڕاستەوخۆ بکەن لەپێناو چارەسەرکردنی پرسە هەڵپەسێردراوەکانی نێوانیان".

ئەم دیپلۆماسە کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت، ئاماژە بەوە دەدات کە پێدەچێت هەردوو لایەن لەسەر ئەوە ڕێککەوتبن "نا هاوپەیمان"ێکی هاوبەش هەڵبژێرن لەبری ئەوەی شەڕی هێنانی کاندیدێکی سەر بەخۆیان بکەن.

چونە نێو ئەو گەمەیەوە، ڕەنگە ببێتە مایەی بەفیڕۆدانی کاتێکی زۆر بەبێ ئەوەی هیچ لایەنێک بتوانێت کاندیدی خۆی پسەپێنێت، ئەمە لەکاتێکدایە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا سورە لەسەر کشاندنەوەی هێزە شەڕکەرەکانی لەگەڵ کۆتایی ئەم مانگە (ئاب)و تەنها هێشتنەوەی ٥٠ هەزار سەرباز بۆ کاروباری مەشقپێکردنو ڕاوێژکاریی.

لەمبارەیەوە کە واشنتۆنو تاران یەکهەڵویستن لەسەر دوبارە بونەوەی مالکی بەسەرۆک وەزیرانی عێراق، پەرلەمانتاری سەربەخۆی کورد، مەحمود عوسمان، دەڵێت "هەڵوێستێکی سەیر نییە کە ئەم دو وڵاتە یەکیانگرتبێت لەپێناو خزمەتکردنی بەرژەوەندیەکانیان"، ڕونیشیکردەوە "ئەمەریکیەکان دەیانەوێت بەکەمترین زەرەرو زیان بکشێنەوەو گەرەنتی بەرقەراربونی عێراق لەماوەی داهاتودا مسۆگەر بکەن، ئێرانیەکانیش ویستیانە ڕۆڵێکی زیاتر لەعێراقدا بگێڕن".


ئێران و ئەمریکا دەیانەوێت لەڕێگای مالکییەوە کێشەکانی نێوانیان چارەسەربکەن

لەمیانەی چاوپێکەوتنێکیشیدا لەگەڵ تەلەفزیۆنی عێراقیەی سەر بەدەوڵەت، نوری مالکی سەرەک وەزیرانی ماوە بەسەرچو بەمتمانە بەخۆبونێکی زۆرەوە دەرکەوت وەک ئەوە وابێت دوبارە وەرگرتنەوەی پۆستەکەی مسۆگەر کردبێت.

دەرکەوتنەکەی مالکی لەکاتێکدابوو کە دەنگۆی ئەوە بڵاوبووەوە وەفدێکی ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکا سەردانی عێراقی کردووەو داوایان لەئەیاد عەلاوی سەرۆکی ئیئتیلافی عێراقیە کردووە بەپێشنیارەکەی جێگری سەرۆکی ئەمەریکا جوزێف بایدن ڕازی بێت کە بریتیە لەمانەوەی مالکی لەپۆستەکەی بۆ چوار ساڵی داهاتو لەبەرامبەر دانی پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانی بەدەسەڵاتێکی فراوانترەوە بەعەلاوی.

سەرکردایەتی نێو لیستەکەی عەلاوی، ئوسامە نوجەیفی، دوپاتیکردەوە کە هەڵوێستی ئەمەریکیەکان بەئاڕاستەی پشتگیریکردنی نوری مالکیە. نوجەیفی وتی "وەفدێکی فەرمی ئەمەریکا داوای لێکردین ڕازی بین بەمانەوەی مالکی لەپۆستەکەیدا، بەڵام ئێمە ئەو داواکاریەمان ڕەتکردەوە"، ڕونیشیکردەوە "وەفدە ئەمەریکیەکە لەهەمان دانیشتندا لەداواکاریەکەیان پاشگەزبوونەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە تەنها پێشنیار بووە نەک بڕیار".

جێی ئاماژەپێدانە هەر یەک لەئەنجومەنی باڵای ئیسلامی بەسەرۆکایەتی عەممار حەکیمو ڕەوتی سەدر بەسەرۆکایەتی موقتەدا سەدر کە هاوپەیمانی ئیئتیلافەکەی مالکین لەچوارچێوەی هاوپەیمانێتی نیشتمانی، لەمانگی ئایاری ڕابردودا هۆشداری ئەوەیان دا کە بەهیچ شێوەیەک قبوڵی ناکەن ڕێککەوتنێکی سیاسی بەسەرپەرشتی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا لەنێوان مالکی عەلاویدا بێتە ئاراوەو لەئەنجامدا قەبارەی ئەوان لەحکومەتی داهاتوو کەمبکرێتەوە.

بەشێوەیەکی گشتی چاودێرانی سیاسیو هەندێ لەپەرلەمانتاران سەرسوڕمانی خۆیان دەردەبڕن لە "ڕێککەوتن"ی واشنتۆنو تاران لەسەر پشتگیریکردنی هەمان کەس لەلایەکو گۆڕانی لەپڕی هەڵوێستی لایەنی کوردی لەمەڕ پشتگیریکردنی مالکی لەلایەکی ترەوە، ئەمە لەکاتێکدایە کورد، بەتایبەت سەرۆکی هەرێم، مەسعود بارزانی، بەهەڵوێستە ناڕەزایەتیەکانی ناسرابوو لەدژی مالکی.

لەمبارەیەوە نوجەیفی دەڵێت "بەدڵنیاییەوە ئەمەریکا ڕۆڵی سەرەکی هەیە لەم گۆڕانکاریە لەپڕەی بەسەر هەڵوێستی کورد دا هاتووە، چونکە تا ماوەیەکی کورتی لەمەوبەر ئەوان پشتگیری دکتۆر ئەیاد عەلاویان دەکرد".

تاکو ئێستا هیچ کام لەچاودێران نازانن ئەم قەیرانە سیاسیەی عێراقی تێکەوتوە بەرەو کوێ دەگاتو کەی چارەسەردەکرێت کە زیاتر لەپێنج مانگی خایاندووە.

ئەگەرچی زۆربەی زۆری لایەنە سیاسیەکانی عێراق لەدژی مانەوەی مالکین لەپۆستەکەیدا بۆ چوار ساڵی داهاتو، بەڵام دیپلۆماسیە ڕۆژئاواییەکە، لەناو پەرلەمانی بەغداوە بەنیقاشی ڕاگەیاند "واشنتۆنو تاران دەست لەپشتگیری کردنی مالکی هەڵناگرن، تەنانەت گەر هەمو لایەنە سیاسیەکانی تر لەدژی ئەو هەڵوێستەبن".

لەبارەی هۆکاری ئەم هەڵوێستەشیانەوە، دیپلۆماسیەکە ڕونیکردەوە کە هەردو لایەن "ویستیانە مالکی وەک خاڵی بەیەکگەیشتنی نێوانیان بەکاربهێننو لەو ڕێگەیەوە پرسە هەڵپەسێردراوەکانیان چارەسەربکەن".

هەرکەسێک بێت سەرۆک وەزیرانی داهاتوی عێراق، پێدەچێت چوارساڵی داهاتو لێوان لێو بێت لەململانێی مەزهەبیو نەتەوەییو سیاسی وەک ئەوەی چاودێران ئاماژەی پێدەدەن.

**لەسایتی نیقاشەوە وەرگیراوە**

www.arshivakurd.org

# کۆیە.. لەدوولاوە مەستو حەیرانە

## بەهۆی شەڕی ناوخۆو دوو ئیدارەییەوە، فەرمانگەکانی کۆیە تووشی چەندین گیروگرفتی ئیداری بوون



جیاوازی هەیە لەنێوان موچەی مامۆستایان لەکۆیەو هەولێر

کاروخ نامیق

شارو شارۆچکەکانی هێڵی تەماسی نێوان ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی پارتیو یەکێتی، لەشەڕی ناوخۆ زۆرترین زیانو لەیەکگرتنی دوو ئیدارەکەشدا زۆرترین گرفتیان رووبەڕووبووەتەوە.

دوای شەڕی ناوخۆو لەتبوونی حکومەتی هەرێم بۆ دوو ئیدارە، سنووری ئیداری ئەو قەزاو ناحیانەی دەکەوتنە هێڵی تەماس گۆڕانکاری زۆریان بەسەرداهات، دوای یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکە ئێستا ئاساییکردنەوەی سنوورە ئیدارییەکان رووبەڕووی گرفتبوونەتەوە، بەهۆی جیاوازی بەشێک لەیاساو رێنماییەکانی دوو ئیدارەکە، کەتائێستا یەکنەخراون.

قەزای کۆیە ژمارەیەک ناحیەی لێدابڕا، بەهۆی کەوتنە ژێرکۆنترۆڵی پارتیەوە، هەندێک ناحیەی تری خرایەسەر کە سەر بەقەزاکانی تر بوون، بەهۆی ئەوەی کەوتنە ناوچەی حکومڕانی یەکێتیەوە.

دۆڵی مەلەکانو مامانو هەندێک ناوچەی تری قەزای سۆرانو ناحیەی بالیسانو هەندێک ناوچەی تری قەزای شەقڵاوە لەبەرئەوەی لەکاتی شەڕی ناوخۆ بەدەستی یەکێتییەوە بوون، ئێستا سەر بەقەزای کۆیەن، ئێستا دەزگاکانی ئەو ناوچانە لەلایەن قەزای کۆیەوە بەڕێوەدەبرێت.

ناحیەی دێگەڵە، لەبنەڕەتدا سەر بەقەزای کۆیەیە، بەڵام هەموو دەزگاکانی لەلایەن هەولێرەوە بەڕێوەدەبرێت، چونکە لەکاتی شەڕی ناوخۆدا پارتی تا دێگەڵە فەرمانڕەوایەتی کردووە.

قەزای کۆیە لە ٢٠٠٩/٩/١ لەرووی ئیداریو داراییەوە گەڕایەوە سەر پارێزگای هەولێر، لەو کاتەوە رووبەڕووی ئەو بڕیارو یاسایانە دەبێتەوە کە لەئیدارەی هەولێر هەیە، لەکاتێکدا جیاوازیەکی زۆر هەیە لەنێوان بڕیارو یاساکانی ئیدارەی سلێمانیو هەولێر.

پەرلەمانی کوردستان لیژنەیەکی پێکهێناوە، بۆ لێکۆڵینەوە لەوگیرگرفتانەو یەکخستنەوەو رێکخستنەوەی سنوورە ئیدارییەکانو یاساو بڕیارەکان.

پەرلەمانتار گۆران ئازاد ئەندامی ئەو لیژنەیە، لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور دەڵێت لەدوای شەڕی ناوخۆ، قەزای کۆیە بەشێوەیەکی نایاسایی کراوە بەمەڵبەندی پارێزگای هەولێری ژێر کۆنترۆڵی یەکێتی، هەروەها لەکۆیە ئەو بڕیارو یاسایانە جێبەجێدەکران کە لەئیدارەی سلێمانیەوە دەردەچوون.

گۆران ئازاد دەڵێت بەپێی یاساکانی ئیدارەی سلێمانی پێشوو ١٠ جۆر کەمئەندام موچەی وەرگرتووە، بەڵام بەپێی یاساکانی ئیدارەی هەولێر ٥ جۆر کەمئەندام موچە وەردەگرێت، واتا پێنج جۆر کەمئەندام لەکۆیە بێبەشدەبن لەموچە وەرگرتن. وتی «جیاوازی هەیە لەنێوان موچەی مامۆستایان لەکۆیەو هەولێر، بەدواداچوون بۆ موچەی مامۆستایان کراوە بۆ ئەوەی وەک هەولێری لێبکرێت».

گۆران ئازاد ئاماژە بەوە دەدات کەهەندێک فەرمانگەو بەڕێوەبەرایەتی گشتی لەکۆیە هەن، کە بەپێی یاسای وەزارەتەکان دەبێت تەنها لەمەڵبەندی پارێزگاکاندا هەبن. وتی « تائێستاش دوو ئیدارەیی لەکۆیە بوونی هەیە».

هەرچەندە ئێستا کۆیە گەڕێنراوەتەوە سەر هەولێر، بەڵام تەنها بودجە لەو پارێزگایە وەردەگرێت، بەڵکو تائێستا یاساو بڕیارەکانی ئیدارەی سلێمانی لێ جێبەجێدەکرێت.

لەچەند رۆژی رابردوودا حکومەتی هەرێمیش لیژنەیەکی پێکهێنا بەسەرۆکایەتی جێگری سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیرانو بەنوێنەرایەتی بەڕێوەبەرایەتی گشتی دارایی سلێمانیو هەولێرو پارێزگاری هەولێرو وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتیو قایمقامی کۆیە، بۆ ئاساییکردنەوەی سنووری ئیدارەی کۆیەو ناوچەی تەماسی نێوان یەکێتیو پارتی.

چاپوک سەید عومەر قایمقامی کۆیە دەڵێت ئەو رێنمایانە کێشەی بۆ دروستکردون، وتی «ئێستا کۆیە کەگەڕاوەتەوە سەر هەولێر، ئەو یاسایانەی جێبەجێمانکردووە جیاوازە لەیاساکانی هەولێر».

چاپوک ئاماژە بەوە دەدات کەجگە لەناحیەکانی سەر بەسۆرانو شەقڵاوە، هەندێک ناوچەی پارێزگای کەرکوکیش وەک ناحیەی پردێو رێدارو شوانو شێخ بزێنی خراونەتە سەر کۆیە.

چاپوک سەید عومەر وتی «هەندێک فەرمانگە هەن یاساکانیان جیاوازە، ئەو لیژنەیە هەوڵدەدات رێنماییەکانی فەرمانگەکان یەکبخاتەوە».

کێشەو گرفتەکان تەنها لایەنە ئیدارییەکانی نەگرتووەتەوە، بەڵکو کێشەی بۆ پرۆژە خزمەتگوزارییەکانو کارە رۆژانەییەکانی خەڵکیش دروستکردووە.

فاتیح حسێن بەڕێوەبەری ناحیەی تەقتەق لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی «ئێستا کەگەڕاوینەتەوە بۆ سەر پارێزگای هەولێر، کۆمەڵێک کێشەمان بۆ دروستبووە لەوانە رایکردنی کاروباری هاووڵاتیان، جۆری موچەی فەرمانبەرانو دابینکردنی سوتەمەنی کەپێشتر بەسیتمێک بووە ئێستا بەسیستمێکی ترە».

فاتیح حسێن دەڵێت یاساکان جیاوازن، بۆ نمونە ئەو کەسانەی لەهەولێر زیادەڕەویدەکەنە سەر زەوی شارەوانی، بەبڕیاری ١٤١ ئەو زەوییە تاپۆ دەکرێتە سەر ئەو هاووڵاتییە، بەڵام لەتەقتەق بڕیاری ژمارە پێنج هەیە بەشێوەیەکی ترە. وتی «لەبەرئەوە پێویستە چارەسەرێکی ناوەندی بدۆزرێتەوە لەنێوان ئەو دوو جۆرە بڕیارەدا».

> ناحیەی دێگەڵە، لەبنەڕەتدا سەر بەقەزای کۆیەیە، بەڵام هەموو دەزگاکانی لەلایەن هەولێرەوە بەڕێوەدەبرێت

# کارەبای خانەقین لەژێر رەحمەتی ئێراندایە

## لەپێنج ساڵی رابردوودا خانەقین ٢٤ کاتژمێر کارەبای لەرۆژێکدا هەبووە، هەرچەندە هیچ گرەنتیەک بۆ مانەوەی نییە

بابان عەبدولکەریم

کارەبای خانەقین رووبەڕووی گرفت دەبێتەوەو هیچ گرەنتیەک بۆ بەردەوامبوونی نییە، دوای ئەوەی لەپێنج ساڵی رابردوودا، زۆرترین بڕە کارەبای هەبووە لەچاو هەموو شارەکانی عێراقو کوردستاندا.

لەدوای رووخانی رژێمی پێشووی عێراق، بۆ ماوەی ٢ ساڵ کارەبای خانەقین لەکارەبای شاری کەلارەوە دابینکراوە، دواتر کارەباکەی گوازرایەوە سەر ئەو هێڵەی کە لەئێرانەوە راکێشرا.

ساڵی ٢٠٠٥ وەفدێکی حکومەتی هەرێم بەسەرۆکایەتی قایمقامی کەلار سەردانی ئێرانیان کرد، پێشنیازیانکرد بۆ کڕینی کارەبا لەسەر بودجەی حکومەتی ناوەندی بۆ گەرمیان، بەڵام دواتر هێڵەکە لەخانەقینەوە راکێشرا، کاتێک کەهێڵەکە تەواوبوو، پارێزگای دیالە بەپشتیوانی حکومەتی بەغداد کارەباکەی بۆ دیالە برد، لەو نێوەندەشدا خانەقین پشکی شێری بەرکەوت.

هێڵەکە بەخانەقیندا بۆ دیالە تێپەڕدەبێت، ١٤٠ بۆ ١٥٠میگا کارەبا دابیندەکات، خانەقین کارەباری بەردەوامی هەبووە لەپێنج ساڵی رابردوودا، بەڵام لەمانگی ٧ی ئەمساڵەوە تاوەکو ٨/٨ کارەباکە توشی گرفت بوو بەهۆی ئەوەی ئێران کارەبای ئەو هێڵەی بڕیبوو کەدەهاتە عێراقەوە.

ئەندازیار سامی جیهاد بەڕێوەبەری کارەبای خانەقین لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی «لەبەرئەوەی یەکەمین شارین لەئێرانەوە ئەو هێڵە کارەبایەمان بەسەردا تێپەڕدەبێت، بەمافی خۆمانمان زانیوە ٢٤سەعات کارەبا لەو رێگەیەوە بۆخانەقین دابینبکەین».

جیهاد ئاماژە بەوە دەدات خانەقین بڕی ٣٥ میگا کارەبای پێویستە، ئێستا بە بەردەوامی ٣٠ میگا کارەبا لەرێگەی ئێرانەوە بۆ خانەقین دابیندەکرێت، دەڵێت ماوەی هەفتەیەکە کارەبا وەک جارانی لێهاتووەتەوە، ئێستا رۆژانە ٢٠ سەعات کارەبا دەدرێت بەهاووڵاتیان.



بەڕێوەبەرایەتی کارەبای شاری دیالە بۆی بکرێت یەک ئەمپێر کارەبا بەخانەقین نادەن

بەڵام بەرپرسانی کارەبای پارێزگای دیالە دەڵێن خانەقین بڕە کارەبای زیاتری بردووە، محەمەد حەمدی مەحمود بەڕێوەبەری گشتی کارەبای پارێزگای دیالە بەنووسراوی فەرمی کەوێنەیەکی دەست رۆژنامەی دەستوور کەوتووە، داوای لەلێپرسراوی سەربازی هێزەکانی سوپای عێراقی کردووە، بەمەبەستی سزادان لێکۆڵینەوە لەگەڵ بەڕێوەبەری کارەبای خانەقیندا بکرێت.

سامی جیهاد وتی«بەڕێوەبەرایەتی کارەبای پارێزگای دیالە بۆی بکرێت یەک ئەمپێر کارەبا بەخانەقین نادات، هەندێک بەڵگەو نووسراومان لایە دەیسەلمێنێت دیالە چۆن دژایەتی ئێمە دەکاتو هەوڵی شکستپێهێنانمان دەدات».

بەڵام شارۆچکەکانی سەعدیەو جەلەولاو مەندەلیو قەرەتەپەو گوندەکانی ئەو سنوورە، کەهەموویان سەر بەخانەقینن، وەک شاری خانەقین لەو بڕە کارەبایە سودمەند نەبوون.

ئەنوەر حسێن بەڕێوەبەری کارەبای شارۆچکەی جەلەولا لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور دەڵێت کۆنترۆڵی دابەشکردنی کارەبای شارەکەیان، بەدەست بەعقوبەوەیە، ئەوانیش بەئارەزووی خۆیان کارەبا دەدەن بەجەلەولا.

ئەنوەر حسێن وتی «رەوشی خزمەتگوزاری کارەبامان زۆر خراپە، هەموو قەزاکانی دیالە کارەبایان لەئێمە باشترە، بەعەدالەتی وزەی کارەبا دابەش ناکرێت، لەم سنورە هاووڵاتیبوونو مافی مرۆڤ بەپلەیە، خەڵکی شارو قەزاکان لەپێش خەڵکی گوندو شارۆچکەکانەوەن».

باسم عاسی کوردێکی زرگوشی دانیشتوی شارۆچکەی سەعدیەیە وتی «کارەبای سەعدیە زۆر کەم و خراپە، ڤۆڵتیەی لاوازەو هیچ بەرنامەکیشیان نییە بۆ دابەشکردنی کارەبا».

باسم دەڵێت لە ٢٤ سەعاتدا ٤ تا ٦ سەعات کارەبای نیشتمانیان هەیە، وتی «ماڵەکان هەمووی ٢ تا ٣ موەلیدەی بچوکو گەورەیان هەیە، کە بەبەنزینو گاز ئیشدەکەن، ئەوەندە ئیشمان بەموەلیدە کردووە، هەمووما بووین بەفیتەری چاککردنەوەی موەلیدە».

جیهاد دەڵێت بەڕێوەبەرایەتی کارەبای گشتی دیالەو بەرپرسە ئیدارییەکانی بەعقوبە، ناهێڵن بەڕێوەبەری کارەبای شارۆچکە کوردنشینەکانی دیالە پەیوەندی بەخانەقینەوە بکەن، وتی «ئەوانیش لەبەرموچەو لەترساندا، ناتوان بێنە لای ئێمەو دانیشتووانی ئەو ناوچانە لەو بوارەوە خۆیان زیانیان کردووە».

نەسرین بەهجەت ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای دیالە لەسەر لیستی هاوپەیمانی کوردستان، لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور دەڵێت کارەبای جەلەولا خراپەو هی سەعدیەش خراپتر، وتی «بەڵام ئێمە بەرنامەیەکمان دارشتووەو لەماوەی کەمتر لەساڵێکی تردا کارەبای هەرێم بگەیەنینە خانەقین، ئێمەش لەئەنجومەنی دیالە بڕیارمانداوە بەفەرمی ئەو بڕە کارەبایەی خانەقین بدەینە شارۆچکەکانی سەعدیەو جەلەولا».

مەهدی عەلی دانیشتوی گەڕەکی تۆڵەفرۆش لەخانەقین دەڵێت بەهۆی کێشەی کارەبای مانگی رابردووەوە، خەڵک ناچاربوون موەلیدەی بچوک بکڕن، وتی «ئەمەش بەنزینێکی زۆری دەوێتو گران لەسەر خەڵک دەکەوێت».

وتی «راستە ئێستا کارەبای خانەقین باشتربووە لەچاو مانگی رابردوودا، بەڵام هەموومان دەزانین ئێران متمانەی پێناکرێتو دەبێت بەدیلی تر بدۆزنەوە».

بەڕێوەبەری کارەبای خانەقین کۆکبوو لەگەڵ بۆچوونی ئەو هاووڵاتیەدا، دەڵێت کێشەکە لەدەسەڵاتی حکومەتی هەرێمو وەزارەتی کارەبا عێراقدا نەبوو، وتی «کێشەکە پچرانی کارەباکە بوو لەئێرانەوە، ئێرانیش دەتوانێت کارەباکەی وەکو کارتێکی سیاسی لەبەرژەوەندی خۆی بەکاربهێنێت».

هەرچەندە حکومەتی هەرێم لەچەند ساڵی رابردوودا، نزیکەی ٢٥ ملیار دیناری بۆ بواری خزمەتگوزاری کارەبا لەقەزای خانەقیندا خەرجکردووە، بەڵام هێشتا خانەقین بۆ کارەبا پشت بەئێران دەبەستێت.

جگە لەوەش لەدوای ساڵی ٢٠٠٣وە حکومەتی هەرێم ١٨ موەلیدە کەبەرزترینیان لەجۆری یەک ١مێگاو نزمترینیان ٢٥٠ KV بووە، بۆ شاری خانەقین دابینکردووە، بەڵام پاش چەند مانگێک سەرجەم ئەو موەلیدانە لەناو گەڕەکەکانی خانەقین لابران، هاووڵاتیانیش گومانیان هەیە لەدیارنەمانی ئەو موەلیدانە.

جیهاد دەڵێت لەبەرئەوەی کارەبای خانەقین ٢٤ سەعات هەبووە، پێویستیان بەکارەبای موەلیدە نەبووە، وتی «خۆم پەیوەندیمکرد بە بەڕێوەبەری گشتیو وەزارەتی کارەباوەو بەنووسراوی فەرمی هەموو موەلیدەکانمان گەڕاندەوە بۆ سەر میلاکی وەزارەت. هەموو ئەو قسانە بەدۆردەخەمەوە کەدەڵێن بەشێک لەو موەلیدانە لەماڵی بەرپرسەکانی خانەقیندایە».

سامی جیهاد دەڵێت پلانیان داناوە بۆ ئەوەی لەرێگەی هەرێمی کوردستانەوە بڕی ٢٥میگا کارەبا بۆ شاری خانەقین دابینبکەن، تا ئەگەر ئێران جارێکیتر کارەباکەی پچڕیەوە، یان گرێبەستەکەی لەگەڵ حکومەتی عێراقی کۆتاییپێهێنا، خانەقین بێکارەبا نەبێت.

# بەتۆمەتی بەرتیلوەرگرتن، قایمقامی شارەزوور دەدرێتە دادگا

## قایمقامی شارەزوور: ئەوە بوختانی سیاسییەو من لەحیزبی سۆسیالیستم بۆیە وادەڵێن

کامەران کەریم. شارەزوور


عومەر عەزیز

هاووڵاتی عومەر عەزیز ئەحمەد داوایەکی یاسایی لەدژی سۆران عەلی قایمقامی شارەزوور تۆمارکردووە، بەتۆمەتی ئەوەی کەداوای بەرتیلی لێکردووەو ٣٦ ملیۆن دیناری لەکیسداوە.

ساڵی ٢٠٠٨ بڕیارێک دەردەکرێت کەدیاردەی ئاژەڵداری لەناو شاری هەڵەبجەی تازەدا قەدەغەبکرێت، بۆ ئەو مەبەستە بڕیاردرا بەدروستکردنی دوو خانی ئاژەڵ لەدەرەوەی شار، کەهەریەکەیان لەسەر رووبەری ٦ دۆنم دروستبکرێن‌و خاوەنی زەوییەکان قەرەبووبکرێنەوە، هەریەکەیان بە ٣٦ ملیۆن دینار.

عومەر عەزیز خاوەنی یەکێک لەو دوو پارچە زەوییە، وتی "(ع.ا.ک) منی بەقایمقامی شارەزوور ناساند، لەبری ئەوەی قاتێکی شاڵی بۆ بکرم، بۆ ئەوەی ئەو پارچە زەوییە کشتوکاڵییەی کەهی منە، ئیفرازبکرێت‌و تەرخانبکرێت بۆ دروستکردنی خان‌و دواتر من قەرەبووەکە وەربگرم".

دوای ئەوەی فەرمانی ئیفرازکردنی زەوییەکان لەپارێزگای سلێمانیەوە دەردەچێت، هاووڵاتی یەکەم قەرەبووەکەی خۆی کەبڕی ٣٦ ملیۆنە وەردەگرێت.

بەڵام عومەر عەزیز کێشەی بۆ دروستبووە، وتی "دوایی بۆم دەرکەوت زەوییەکەی من گرێبەستەکەی بەناوی (ع)ەوە کراوەو فێڵم لێکراوە، پاش ئەوەی رۆژێک لەلایەن قایمقامەوە بانگکرام، لەژوورەکەی خۆیدا پێی وتم دەبێ سێ یەکی ئەو پارەیە بدەی بەمن، لەگەڵ ئەوەشدا من رازی نەبووم".

عومەر دەڵێت پاش ئەوەی گرفتی بۆ دروستکراوە کەقەرەبووەکەی وەربگرێت‌و بەهۆیەوە نەیتوانیوە پارەکە وەربگرێت، ناچاربووە بەرتیلبدات بەقایمقام، وتی "ناچاربووم رازیبم لەڕێگەی (ع)ەوە بەشێک لەپارەکە بدەمە قایمقام".

عومەر دەڵێت یەکەمجار بۆ وەرگرتنی پارەکە بانگنەکراوەو (ع) لەبری ئەو پارەکەی وەرگرتووە، لەکاتێکدا تاپۆی زەوییەکە بەناویوەیە.

وتی "کەوتمەگومان، لە (ع)م پرسی پێی وتم بەشێک لەپارەکە بۆ خۆی بووەو بەشێکی زۆریش بۆ قایمقام، ئیتر منیش چووم سکاڵام لەسەر قایمقام تۆمارکرد".


قایمقامی شارەزوور

دوای سکاڵا تۆمارکردنەکە، هەموو پارەکە گەڕێنراوەتەوە خەزێنەی پارێزگای سلێمانی، جگە لەوەی داواکە لەدادگایە، لیژنەیەک لەوەزارەتی ناوخۆ دروستکراو ئەنجامی کارەکانیان نێردراوە بۆ وەزیر تا بڕیاری لەسەر بدات.

سۆران عەلی قایمقامی شارەزوور رەتیدەکاتەوە پارەو بەرتیلی وەرگرتبێت، وتی "ئەمە بوختانی سیاسییە، من لەحیزبی سۆسیالیستم بۆیە وادەڵێن".

سۆران وتی بەتۆمەتی ناوزڕاندن بەنیازە سکاڵا لەسەر عومەر عەزیزو (ع) تۆماربکات.

سەرچڵ ئەنوەر لێپرسراوی بەشی یاسایی لەپارێزگاری سلێمانی دەڵێت پێش ئیفرازکردنی، زەوییەکە فرۆشراوە بە ٦ ملیۆن‌و پارەکە دراوە بەعومەر عەزیز، وتی "لەنێوانی عومەرو قایمقامدا کەسێک هەیە، ئەوکەسە زەوییەکەی کڕیوەو بەڵێنامەی کاتب عەدلی هەیە، کەهیچ کێشەیەک دروست نەکات، بەڵام ئێستا بەهۆی ئەو کێشەوە کەس مافی بەکارهێنانی نییە تا دادگا کێشەکە یەکلاییدەکاتەوە".

# تاهیر هەورامی یاسا شکێنی کردووە

## پسپۆڕێکی سیاسەتی تەندروستی: بەپێی یاسا تەنها سەندیکا دەتوانێت دەستکاری نرخی عیادەکان بکات

دەستوور

بەرزبوونەوەی نرخی عیادەکان ناڕەزاییەکی زۆر لەشاری سلێمانی بەدوای خۆیدا دەهێنێت، ئەوان پێیانوایە لەو بڕیارە سلێمانی دەبێتە زەرەرمەندترین شار، پسپۆڕێکی سیاسەتی تەندروستیش دەڵێت وەزیری تەندروستی یاسا شکێنی کردووەو پێویستە بەو بڕیارەدا بچێتەوە.

بڕیارێکی دکتۆر تاهیر هەورامی وەزیری تەندروستی، بەژمارە ١٩٧٢ لە ٢٠١٠/٤/٢٧دا سەبارەت بەزیادکردنی نرخی بلیتی عیادە تایبەتە ئەهلییەکان لەشاری هەولێرو سلێمانی، ناڕەزایی‌و گلەیەکی زۆری لای هاووڵاتیان‌و رێکخراوەکانی داکۆکیکەر لەمافەکانی هاووڵاتیان لێکەوتەوە.

لەیاسای ژمارە ٦ی ساڵی ٢٠٠٠ کە لەپەرلەمانی کوردستان دەرچووە، بواری داوە بەسەندیکای پزیشکان نرخی عیادەکان دیاریبکات، هەروەها لەپەیڕەوی ناوخۆی سەندیکای پزیشکانیشدا لەساڵی ٢٠٠٤دا دەرکراوە، لەو پەیڕەوەدا هاتووە تەنها کۆنگرەی گشتی سەندیکای پزیشکان بۆی هەیە دیاریکردنی نرخی عیادەکانی پزیشکان بگرێتەئەستۆ.

لەئێستادا ناڕەزاییەکان بەجۆرێک پەرەیسەندووە کەژمارەی ئەو رێکخراوانەی دژی ئەو بڕیارە وەستاونەتەوەو داکۆکی لەمافی هاووڵاتیان دەکەن، گەیشتوونەتە ٤٠ رێکخراو و کەمپینەکەشیان تادێت زیاتردەبێت.

لیژنەی کەمپینەکە ئاماژە بەوەدەکەن کە لەم رۆژانەدا هەڵوێستێکی توند دەگرنەبەر، بەهۆی ئەوەی تائێستا وەزارەتی تەندروستی وەڵامی نەداونەتەوە. کەمپینەکە بەناوی کەمپینی (داکۆکیکردن لەبەرزبوونەوەی نرخی عەیادەکان)، پێکهێنراوە.

دڵخواز عەبدوڵڵا ئەندامێکی ئەو کەمپینە وتی "تائێستا کاری پزیشکان کەبەم شێوەیە دەڕوات ئەوەندەی سیمایەکی بازرگانی پێوە دیارە ئەوەندە سیمایەکی مرۆڤانەو پێشکەشکردنی خزمەتێکی مرۆڤانەی پێوە دیارنییە".

هەروەها وتی "لەبەرئەوەی کارێکی نایاسایش کراوە لەبەرزکردنەوەی نرخی عیادەکان، دەبوو یەکەمین کەس لایەنی پەیوەندیدار سەندیکای پزیشکان قبوڵیان نەکردایە، چونکە دەرچوونی بڕیارێکی ئاوا بازدانە بەسەر سەندیکای پزیشکان، کەخۆی لایەنی پەیوەندیدارە".

بەپێی یاسایەکی تایبەت بەوەزارەتی تەندروستی کە لەساڵی ٢٠٠٧دا لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە دەرکراوە، لەبارەی زیادکردنی نرخی عیادەو کلینکە پزیشکییەکان لەهیچ بڕگەیەکدا ئاماژەی بەزیادبوونی نرخی عیادەکان نەکردووە لەژێر راسپاردەی وەزیری تەندروستیدا، بەڵکو ئەو بڕیارە بەستراوەتەوە بەداوای سەندیکای تەندروستییەوە.

د. گۆران عەبدوڵڵا ماستەر لەسیاسەتی تەندروستی بەدەستووری وت "وەزیری تەندروستی یاسا شکێنی کردووە، بەبێ رەچاوکردنی یاسا بڕیاریداوە".

هەر لەسەرەتاوە لە ٢٠١٠/٤/٢٧دا کاتێک ئەو فەرمانە وەزارییە لەوەزارەتی تەندروستی دەرچووە، نرخی عیادەکان بەتایبەت لەسلێمانی بەرزبوونەتەوە.

د. گۆران وتی "ئەو بارە تەندروستییەی عیادەکان‌و سیستمی تەندروستی تیایەتی شایەنی ئەوە نییە ئەو پارەیەی پێش فەرمانەکە نرخی عیادەکان بێت، چ جای ئەوەی لەڕێی ئەم فەرمانەوە بێت".

جەلال رەحیم دوکاندار لەشەقامی کاک ئەحمەدی شێخ لەشاری سلێمانی بەدەستووری وت "نرخەکان زۆر بەئاسانی بەرزدەبێتەوە، بەڵام جارێکی تر دابەزینیان بۆ نییە، بۆیە دەبێت دەستی لێ بشۆین نرخی عەیادە وەک خۆی لێبێتەوە".



نرخی کلینکە پزیشکییەکان بۆ پزیشکی پسپۆڕ لە ١٠ هەزار دینارەوە کراوەتە ١٥ هەزارو بۆ پزیشکی راوێژکاریش لە ١٥ هەزارەوە کراوەتە ٢٠ هەزار.

هاووڵاتیان دەڵێن لەکوردستاندا نرخی عیادەکان لەبەرزترین رێژەی نرخی کالاکانیتردایەو گلەیی ئەوە دەکەن کەکاری پزیشکیش زیاتر وەکو کارێکی بازرگانی لەلایەن پزیشکانەوە دەبینرێت.

ئەوان دەڵێن داهاتی هاووڵاتیان لەئاست بەرزی نرخی ئەو عیادانەدا نییە، بەڵام ناچارن روویان تێبکەن، بەڵام دەڵێن لەمەودوا تا پێویست نەبێت سەردانیان ناکەین.

نەرمین نوری خۆی‌و هاوسەرەکەی فەرمانبەرن، دەڵێت باری بژێوی ژیانیان زۆر خراپەو وتی "ناچارین لەمەولا ئەگەر زۆر نەخۆش نەبین عیادە نەکەین‌و کەمتری بکەینەوە".

د. گۆران عەبدوڵڵا ئاماژەی بەوەکرد کەسەردانی وەزارەتی تەندروستیان کردووە وەک کەمپینەکە بەلایەنی بەرپرسیاریان وتوە کەخەڵکی پارێزگای سلێمانی زۆر زەرەرمەند دەبن لەو بڕیارە.

کوێستان ئیبراهیم مامۆستای دواناوەندی وتی "ناکرێت تەنها لەکرێی عیادەکاندا نرخی شاری هەولێرو سلێمانی یەکبخرێت، چونکە ژمارەیەک تایبەتمەندی هەیە کە لەشاری سلێمانیدا نییە".

د. گۆران عەبدوڵڵا ئەندامی لیژنەی کەمپینەکە وتی "وەزارەتی تەندروستی لەڕێی ئەو بڕیارەوە کارێکی نایاسایی کردووە، چونکە بەپێی یاسای وەزارەتی تەندروستی لەهیچ بڕگەیەکدا نییە ئاماژە بەوە بکات کەوەزیری تەندروستی یان وەزارەتی تەندروستی ئەو دەسەڵاتەی هەبێت دەستکاری کارێکی تایبەت بکات کەعیادەی پزیشکەکانە".


گلەییشیکرد لەوەی حکومەت لەبری ئەوەی پاڵپشتی خەڵک بکات پاڵپشتی پزیشکەکان دەکات.

رێکخراوانی ئەو کەمپینە گلەیی ئەوە دەکەن کەهەردوو سەندیکای پارێزەران‌و سەندیکای پزیشکان بەرۆڵی خۆیان هەڵنەساون. کەدەتوانن رۆڵی تەواو ببینن لەدەرکردنی بڕیارداو داکۆکی لەمافی هاووڵاتیان بکەن.

هەندێک لەپزیشکان بڕیارەکەی وەزارەتی تەندروستی جێبەجێناکەن، بەبیانووی ئەوەی پەیوەندیان لەگەڵ نەخۆشەکانیاندا هەیەو نایانەوێت نرخەکان بەرزبکەنەوە.

یەکێک لەو دکتۆرانە کەنەیویست ناوی بڵاوبێتەوە بەبیانووی ئەوەی لەهاوپیشەکانی جیانەبێتەوە، بەدەستووری وت "نرخی عیادەکەم زیادنەکردوەو پابەندم بەو پەیوەندییەی لەگەڵ نەخۆشەکانمدا هەمە، باوەڕناکەم سەندیکاو وەزارەتیش ئەم کارەی منیان پێ ناخۆش بێت".

هەروەها وتی "من بەزەییم بەنەخۆشەکاندا دێتەوە".


بەبێ ئاگاداری سەندیکای تەندروستی نرخی عیادەکان بەرزکراوەتەوە

# هەرێم، لەبەردەم دوو کۆمیسیۆنی هەڵبژاردندا

## لەحاڵەتی بوونی دوو کۆمیسیۆندا نازانرێت کێ هەڵبژاردنە فیدراڵییەکان بەڕێوەدەبات

دانا جەمیل لەهەولێر

پرۆژە یاسای دامەزراندنی دەستەی هەڵبژاردنەکانی هەرێم، تووشی رووبەڕوونەوەی یاسایی دەبێت لەگەڵ بەغداو گرفت بۆ بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنە فیدراڵییەکان دروستدەکات لەهەرێم. پەرلەمانتارانی ئۆپۆزیسیۆنو چالاکوانانی رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، دەڵێن پەلەکردن لەپەسەندکردنی پرۆژەکە گومانی ئەوەی لا زیاترکردوون، کەئامانج لەدروستکردنی دەستە دەستبەسەراگرتنی بەڕێوەبردنی هەڵبژاردن بێت لەهەرێم.

**ئۆپۆزیسیۆن گوماندەکەن**

سەرۆکایەتی پەرلەمان دوای تەنیا چوار رۆژ پرۆژە یاسای دامەزراندنی دەستەی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی خستە بەرنامەی کارەوەو خوێندنەوەی یەکەمی بۆ ئەنجامدرا.

چاوەڕواندەکرێت هاوکات لەگەڵ دەستپێکردنەوەی دانیشتنەکانی پەرلەمان ئەو پرۆژەیە پەسەندبکرێت. پەرلەمانتارانی فراکسیۆنە ئۆپۆزیسیۆنەکانیش دەڵێن ئەو پەلەپەلییە دەریدەخات کەمەبەستی سیاسی لەپشتەوەیە.

عومەر سدیق پەرلەمانتار لەفراکسیۆنی کوردستانی دەڵێت پرۆژە یاساکە ئیشی زۆری لەسەر کراوەو لیژنەی یاسایی بەهاوکاری ژمارەیەکی بەرچاو لەشارەزایانی بواری یاساو بەڕێوەچوونی پرۆسەی هەڵبژاردنەکان سەرقاڵی تاوتوێکردنی پرۆژەکەن، وتی "چونکە کەموکوڕی تێدایە".

جگە لەئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم، ئەنجامدانی راپرسی لەسەر دەستووری هەرێمیش لەچاوەڕوانی بەڕێوەچووندایە.

بەلەبەرچاوگرتنی ئەنجامی هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێم لەمانگی تەمموزی ١٠٠٩ و هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق لەمانگی ئازاری ٢٠١٠دا، ئەوا هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی کوردستان هاوکێشە سیاسییەکان دەگۆڕێت، پێدەچێت لەسلێمانی ئۆپۆزیسیۆن بێتە سەر حکوم.

زانا رەئوف ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەفراکسیۆنی گۆڕان دەڵێت ئەو پرۆژانەی پەیوەندییان بەدامەزراندنی دەستەی نوێوە هەیە، رەوانەی حکومەت دەکرێن تا وەڵامی حکومەت نەگەڕێتەوە، پەرلەمانتاران گفتوگۆی لەسەر ناکەن، وتی "بەڵام بەپێچەوانەوە لەم حاڵەتەدا گفتوگۆی لەسەرکرا، دیارە مەبەست ئەوەیە کەئەم پرۆژەیە تەمریربکرێت".

ئارام جەمال بەڕێوەبەری پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن، کەرێکخراوەکە وەک چاودێر لەهەڵبژاردنەکانی چەند ساڵی رابردوودا کاریکردووە، دەڵێت ئەو گومانی هەیە لەوەی کەبتوانرێت لەم قۆناغەی ئێستای هەرێمدا دەستەیەکی تەواو سەربەخۆ دروستبکرێت.

ئارام جەمال دەڵێت هەرێم لەبۆشاییدا ناژی، بەڵکو کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق هەیەو ئۆفیسی هەرێمایەتی هەیە، وتی "ئەگەر دروستبوونی ئەو دەستەیە پێویست بوایە، دەبوایە لەکاتی هەڵبژاردنی شاروانییەکانەوە لەساڵی ٢٠٠٠دا دروستبکرایە".

ئارام جەمال، دەڵێت ئەگەر ئەو کۆمیسیۆنەی دروستدەکرێت سەربەخۆ نەبێت، کاریگەری لەسەر دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان دروستدەکات، وتی "کاریگەری سلبیشی دەبێت لەسەر میسداقییەتو شەرعییەتی هەرێم لەناوخۆو دەرەوەدا".

**کێشەی یاساییو دارایی بۆ هەرێم زیاددەکات**

ئۆفیسەکانی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردن لەهەرێم سەدان کارمەندی هەمیشەییو هەزاران کارمەندی کاتیان هەیە کە لەرۆژانی هەڵبژاردندا کاردەکەن.

بەهۆی زۆری کارمەندەکانی کۆمیسیۆنەکە لەعێراقدا، هەمیشە کێشەی درەنگکەوتنی موچەو پارەی گرێبەستی کارمەندە کاتییەکان دروستدەبێت.

بەگوێرەی داتاکانی کۆمیسیۆن تەنها لەهەرێمی کوردستاندا ٣٩ هەزار کارمەندی کۆمسیۆن هەیە، ئەو بودجەیەش کەبۆ پرۆژە تەرخاندەکرێت دوو جۆر بودجەیە، بودجەیەکیان پێیدەوترێت میزانییەی حسابی، ئەوی تریشیان پێی دەوترێت میزانییەی تەشغیلی، ئەگەر میزانییەی حسابی لەبەغدادەوە بێت، ئەوا میزانییەی تەشغیلی لەئەستۆی هەرێمی کوردستان دەبێت، لەکاتێکدا کۆمیسیۆنی بەغداد دەتوانێت پرۆسەی هەڵبژاردن بەڕێوەبباتو لەبودجەی عێراق پارەکان خەرجبکات.


ئۆپۆزیسیۆن دەڵێت مەبەستی سیاسی لەپشت پەلەکردن لەدەرکردنی یاساکەوەیە

زانا رەئوف دەڵێت دروستکردنی دەستەیەکی لەو جۆرە قورساییەکی دارایی زۆر لەسەر ئەستۆی حکومەتی هەرێم دروستدەکات.

بەپێی یاسای ژمارە یانزەی ساڵی ٢٠٠٧، کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق، مافی سەرپەرشتیکردنی سەرجەم هەڵبژاردنەکانی لەهەموو عێراقدا هەیە.

زانا رەئوف وتی "ئەگەر ئێمە بمانەوێت کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنی هەرێم بکەین بە بەدیلی دەستەکانی بەغداد، ئەوا بەلایەنی کەمەوە پێویستمان بەهەموارکردنی یاساکانی بەغداد هەیە، کەئەمە خۆی لەخۆیدا گرفتێکی یاساییمان بۆ دروستدەکات کەکۆمیسیۆنی هەرێم بەپێی ئەم پرۆژە یاسایە دەسەڵاتی رەهای هەیە".

هەندرێن محەممەد بەرپرسی ئۆفیسی هەولێری کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق، وتی "ئەوەی جێگەی ئیشکالو ناکۆکییە، لەکاتی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی فیدراڵی، چۆن پرۆسەکە بەڕێوەدەبردرێت؟ ئایا ئەگەر دوو ئۆفیسی هەڵبژاردن لەشارەکانی هەرێم هەبن، چۆنو بە چ داتایەک کاردەکەن".

هەندرێن دەڵێت ئەوان بەگوێرەی داتاکانی وەزارەتی بازرگانی عێراق کاردەکەن، ئەگەر ئەوەی هەرێم بەداتاکانی هەولێر کاریکرد، ئەوا تێکەڵییەک دێتە ئاراوە.

وتی "لەهیچ شوێنێکی دنیادا، دوو ئۆفیسی هەڵبژاردن لەشارێکدا نابن".

زانا رەئوف دەڵێت گرفتەکە قورسدەبێت ئەگەر هەرێم دەستەیەکی دروستکردو کۆمیسیۆنی باڵاش ئامادە نەبێت ئۆفیسەکانی خۆی لەهەرێم بکێشێتەوە.

**پاساوەکانی کوردستانی**

عومەر سدیق پەرلەمانتاری کوردستانی دروستکردنی دەستەکە بەپێویست دەزانێت، دەڵێت ئەزموونی کێشەکانی رابردووی هەرێم لەگەڵ کۆمیسیۆنی بەغداد، پێویستی بوونی دەستەکەی هەرێم دەسەلمێنێت.

عومەر دەڵێت لەکاتی هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمان، حکومەتی بەغداد ئامادەنەبوو بودجەی بۆ دابینبکات، بەو هۆیەوە هەڵبژاردن بۆ ماوەیەک دواکەوت.

دەڵێت لەکاتی هەڵمەتەکانی وشیارکردنەوەی دەنگدەران، کۆمیسیۆن لەرووی زمانەوە کەمتەرخەم بووە، ئەوەش کاریگەری کردووەتە سەر دەنگدەرانی کورد. جگەلەوەش لەکاتی نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەراندا لەرووی راگەیاندنەوە، کۆمیسیۆن کەمتر کاری لەسەر دەنگدەری کورد کردووە. وتی "ئەمەش وایکرد ژمارەیەکی کەمی دەنگدەران بچن تۆماری خۆیان نوێبکەنەوە".

بەڵام زانا رەئوف دەڵێت کەموکوڕییەکانی کۆمیسیۆن گەورە نەبوون، وتی "هەموو لایەک ئەنجامەکانیان پەسەندکردووە، هیچ هێزێکی سیاسیی نەبووە لەکوردستاندا دەرئەنجامەکان رەتبکاتەوە، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت شتێکی دیکە لەپشت ئەو مەسەلەیەوە بێت".

# پارتی دەیەوێت سەرۆکی حکومەت لەیەکێتی وەربگرێتەوە

## لەبارەی پۆستی سەرۆکایەتی حکومەتەوە، پارتیو یەکێتی لێدوانی دژ بەیەک دەدەن

بورهان قادر

لێدوانێکی محەمەدی مەلاقادر بێمتانەیی لەنێوان یەکێتیو پارتی نوێکردەوە، نیازی پارتی بۆ بێبەشکردنی یەکێتی لەپۆستە سیادییەکانی هەرێم ئاشکراکرد، کەدوای نەدانەوەی جێگری سەرۆکی هەرێم بەیەکێتی، دەیانەوێ سەرۆکی حکومەتیش لەبەرهەم ساڵح وەربگرنەوە.

محەمەد مەلاقادر ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان لەدیدارێکی رۆژنامەوانی لەگەڵ گۆڤاری سڤیلدا دەڵێت "ئیحتیمالی زۆرە کەدکتۆر بەرهەم دوو ساڵ سەرۆکی حکومەت بێتو دوو ساڵەکەی تریش پارتی وەریبگرێت، چونکە ئەگەر بەرێککەوتنی نێوانمان بێت دەبێ وابێت، تا ئێستاش وا دەڕواتو وامان بەباش زانیوە، ئەو کاتیش نازانم چ بڕیارێکی تر دەدرێت، ئەوان خۆیان داوایانکردو ئێمەش پێمان باشبوو".

هەرچەندە بەپێی رێککەوتننامەکەی نێوان یەکێتیو پارتی کابینەی پێنجەم دەبوو دووساڵ بۆ پارتیو دوو ساڵ بۆ یەکێتی بێت، بەڵام یەکێتی دوو ساڵەکەی خۆیدا بەپارتی بەو هیوایەی ئەویش دواتر چوار ساڵ سەرۆکایەتی حکومەت وەربگرێت.

بەڵام ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ٢٥ تەمموزی ٢٠٠٩ هەموو شتێکی گۆڕی، دوای ئەوەی یەکێتی تووشی شکستێکی قورس هات لەپارێزگای سلێمانیو گەرمیان، چونکە پارتی بەهۆی لاوازی یەکێتییەوە خواستی ئەوەی هەبوو کەجارێکی تر سەرۆکایەتی حکومەت بۆ خۆیان بێت.

محەمەدی مەلاقادر دەڵێت کەسەرۆکایەتی حکومەتیان داوە بەیەکێتی، بۆ ئەوە بووە کەئەوان بۆیە پێیان باشبووە تا یەکێتی لەهەڵبژاردنەکان وەزعیان باش ببێتەوە.

هەرچەندە بەپێی بەندەکانی رێککەوتنەکەی نێوان یەکێتیو پارتی، چارەسەر بۆ زۆربەی کێشەکان دیاریکراوە، بەڵام زۆربەی کێشەکانی وەک یەکخستنەوەی حکومەتو دەزگاکانی، یەکخستنی هێزی پێشمەرگەو پشکیان لەپۆستەکان هێشتا جێگای مشتومڕی بەردەوامی نێوان ئەو دوو هێزەیە.

پۆستی سەرۆکی حکومەتی هەرێم یەکێکە لەئاڵۆزترین کێشەکانی نێوان ئەو دوو حیزبە، بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست دەستوور کەوتوون، ئەو لێدوانەی محەمەدی مەلاقادر بووەتە هۆی دروستبوونی گفتوگۆو مشتومڕی بەهێز لەناو سەرکردەکانی یەکێتیدا، بەتایبەت هێشتا جێگری سەرۆکی هەرێم نەدراوەتەوە بەیەکێتی، بۆیە یەکێتی ئەوە وەک ئاماژەیەک سەیردەکات کەباڵێکی ناو پارتی بیەوێت ئەو پەیامە بە بەرهەم ساڵح بگەیەنێت، بڵێن ئەو یەک ساڵی ماوە لەحکومڕانی هەرێمو دەبێ دەست لەپۆستەکەی هەڵبگرێ.

بەڵام سەرچاوەیەکی سیاسی ئاگادار، لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور رایگەیاند پێدەچێت مەسعود بارزانی ئەو دوو ساڵە بداتەوە بە بەرهەم ساڵح، چۆن کاتی خۆی تاڵەبانی دوو ساڵەکەی یەکێتی دا بەنێچیرڤان بارزانی.

سەرچاوەکە وتی "چونکە یەکێتی لەپەرلەمان بەقەد پارتی کورسی هەیە، لەحاڵەتی دەستلەکارکێشانەوەی بەرهەم ساڵحو متمانەدان بەکەسێکی تر، ئەوا پارتی رووبەڕووی گۆڕانو یەکێتی دەبێتەوە، کەزۆر قورسدەبێت متمانە بەکابینەک بدەن پارتی بەڕێوەیببات".

ئارێز عەبدوڵڵا ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی، لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور دەڵێت ئاگاداری لێدوانەکەی محەمەدی مەلاقادر نییە، ئاماژەی بەوەدا کەیەکێتی لەکابینەی پێنجەم دوو ساڵ مافی خۆی لەسەرۆکایەتی حکومەت بۆ پارتی جێهێشتووە. وتی "دوای تەواوبوونی دوو ساڵەکەی پارتی، یەکێتی لەپێناو سەقامگیرکردنی کاروبارەکانی حکومەتو دروستبوونی دڵنیایی زیاتر لەنێوان هەردوولا، یەکێتی ئەودوو ساڵەی پۆستی سەرۆکایەتی حکومەتی وەرنەگرت، بەڵکو بڕیاردرا کەهەر کاک نێچیر چوار ساڵەکە سەرۆکی حکومەت بێت".

ئارێز عەبدوڵڵا وتی "بۆ ئەو کابینەیەش کەکاک دکتۆر بەرهەم سەرۆکی حکومەتە، بڕواناکەم هیچ گرفتێک هەبێت کەهەرچوار ساڵەکە سەرۆکی حکومەت بێت".


ئاریز عەبدوڵڵا: بڕواناکەم هیچ گرفتێک هەبێت کەهەر چوار ساڵەکە د. بەرهەم سەرۆکی حکومەت بێت

# کێبڕکێ لەسەر ناوچەی بارزان

## بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆی لەبەرانبەر مەسعود بارزانی، نێچیرڤان بارزانی خۆی لەگەنجە بارزانییەکان نزیکدەکاتەوە



بارزان... ئەو ناوچەیەی پێگەی سەرۆکایەتی داهاتوو دیاریدەکات

فۆتۆ/ تایبەت بەدەستوور

تایبەت بەدەستوور

نێچیرڤان بارزانی بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆی لەناو دانیشتووانی دەڤەری بارزانو لاوازکردنی پێگەی مەسعود بارزانی، خۆی لەگەنجەکانی ئەو دەڤەرە نزیکدەکاتەوە، هەر گەنجێکیش خێزان پێکبهێنێت، جگە لەیارمەنی مادی بۆ پرۆسەی هاوسەرگیرییەکە، پارەی خانوو دروستکردنی بۆ خەرجدەکات.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لەدەڤەری بارزان بەدەستووری ڕاگەیاند نێچیرڤان بارزانی بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆیو لاوازکردنی پێگەی بارزانی بۆ داهاتوو ئیش لەسەر گەنجە بارزانییەکان دەکات، دەیەوێ سەرنجیان بۆ لای خۆی رابکێشێت.

ئەو سەرچاوەیە وتی "بەمەش لەرێگەی نووسینگەکەی خۆیەوە سەرەتا پارەی داوە بەهەموو ئەو کەسانەی کەخانووەکانیان کۆنن یان کوڕو باوکێک لەخانوویەکدان، لەدوای ئەوەوە تائێستاش هەر گەنجێک بیەوێت خێزان پێکبهێنێت، ناوبراو پارەی خەرجی خانوو دروستکردنی بۆ دابیندەکات کە بڕی ٢٠ هەزار دۆلار تا ٤٠ هەزار دۆلارە، واتە دوو دەفتەر تا چوار دەفتەر".

بەپێی زانیارییەکان بەهۆی چارەسەربوونی کێشەی نیشتەجێبوونەوە، پرۆسەی هاوسەرگیری لەدەڤەری بارزان لەپەرەسەندندایە.

سەرچاوەکە دەڵێت نێچیرڤان بارزانی بۆیە خۆی لەگەنجەکان نزیکدەکاتەوە، چونکە پێیوایە پێگەو داهاتووی ئەو بەو گەنجانە بەهێزدەبێت، ئەوانەی کەتەمەنیان هەیە زیاتر لەمەسعود بارزانیەوە نزیکنو کار لەسەرکردنیان زەحمەتە.

ئەو سەرچاوەیە ئاشکرایکرد کەئێستا نێچیرڤان بارزانی خانوویەک لەگوندی لێرەبیری ناوچەی بارزان دروستدەکات، هەرچەندە سەرەتا بڕیاریدابوو خانووەکە لەشوێنێکی بڵندی نزیک گوندی ڕێزان دروستبکاتو ڕێگەشی بۆ دابینکرد، بەڵام دواتر بەهۆی دووری لەخەڵک پەشیمانبووەوە، بۆیە بڕیاریدا کەخانووەکەی لەگوندی لێرەبیر دروستبکات کەزۆرترینی خەڵکی ئەو گوندە کاتی خۆی لەگەڵ مەلا مستەفا چووبوونە رووسیا، یەکێکە لەو گوندانەی کە مەلا مستەفا ناوی لێناوە سەری مەزن.

> بارزانییەکان مەسعود بارزانی وەکو مەلا مستەفا تەماشادەکەن، بەڵام مەسروری کوڕی کەسێکی دوورەپەرێزە لەخەڵکی بارزان، نێچیرڤان بارزانیش خۆی لەگەنجەکانی بارزان نزیکدەکاتەوە، لەبەرانبەر پێگەی بەهێزی مامی لەناو بەساڵاچووانی ناوچەکەدا

بەپێی زانیارییەکانی دەستوور، ئێستا گوندی ئازادی کەپێشتر ناوی گۆڕەگۆم بوو لەو دەڤەرە بە ( نێچیراوە) ناوی رۆیشتووە، چونکە زۆربەی گەنجەکانی ئەو لادێیە پاسەوانی تایبەتی نێچیرڤان بارزانین.

سەرچاوەکەی دەستوور کەخۆی خەڵکی ئەو دەڤەرەیە دەڵێت دانیشتووانی ئەو دەڤەرە چۆن پێشتر لەهیچ قسەیەکی مەلا مستەفا دەرنەدەچوونو ڕێزێکی تایبەتیان بۆ دادەناو پابەندی بڕیارەکانی بوون، ئێستاش هەمان شێواز بۆ مەسعود بارزانی دووبارەیە.

وتی "کەسایەتی مەسعود بارزانی زۆر لەکەسایەتی نێچیرڤان بارزانی کاریگەرترە، بەڵام نێچیرڤان بە بەخشینی پارەو هاوکاری بۆ گەنجەکان ئیش لەسەر داهاتووی گەنجەکان دەکات، چونکە دەزانێ ئێستا لەم سەردەمەدا شەڕکردن لەگەڵ مەسعود بارزانی دۆڕاندنە".

سەرچاوەکە ئەوەشی ئاشکراکرد لەبەرانبەر ئەو هەوڵانەی نێچیرڤانو خۆنزیککردنەوەو هاوکاریکردنو ئەو بەهێزیەی کەسایەتی مەسعود بارزانی، مەسرور بارزانیش ئێستا خانوویەک لەشوێنی خانووە کۆنەکەی نیچێرڤان بارزانی دروستدەکاتو دەیەوێماڵێک لەو دەڤەرە دانێت.

سەرچاوەکە وتی "بەڵام ئەو کەسێکی زۆر دوورەپەرێزەو زۆر بەدەگمەن لەو ناوچەیە دەبیندرێت، کەجار بەجارەش سەردانیدەکات ناچێتە ناو خەڵکو پەیوەندییەکانی لاوازن".

وتی "ئەو شێوازەی مەسرور بارزانی بۆ ئەوەیە کەهەر باوکی ناو بێتو کەسی یەکەم بێت، بەڵام بۆ داهاتووی خۆی زیانی پێدەگەیەنێت، لەبەرانبەردا نێچیرڤان بارزانی کار بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆی دەکات".

# ئەمریکاو ئەڵمانیا لەدژی تورکیا دێنە سەرخەت

## دوای بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەدژی پەکەکە، هەڕەشەی سنووردارکردنی توانا سەربازییەکانی تورکیا دەکرێت

محەمەد عەلی کەمال

دوای بڵاوبوونەوەی دەنگۆی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەلایەن سوپای تورکیاوە لەدژی گەریلاکانی پەکەکە، پارتێکی ئەڵمانیا ئەو پرسە دەباتە ئەنجومەنی فیدراڵی وڵاتەکەیو داوای لێکۆڵینەوەش لەڕاستی ئەو هەواڵانە دەکات. ئۆباماش هەڕەشەی سنووردارکردنی توانا سەربازییەکانی تورکیا دەکات، دوای ئەو هەڵوێستانەی تورکیا لەبەرانبەر ئیسرائیلو ئەو لێکنزیکبوونەوانەی لەگەڵ ئێراندا هەیەتی.

بەهۆی ئەو هەڵوێستانەی تورکیا لەبەرانبەر هەریەک لەئیسرائیلو ئێران هەیەتی، باراک ئۆبامای سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕەجەب تەیب ئەردۆگانی سەرۆک وەزیری تورکیا ئاگاداردەکاتەوەو هۆشداریی ئەوەشی دەداتێ کەئەو هەڵوێستانەی وڵاتەکەی، دەبێتە هۆی ئەوەی کەکڕینی ئەو چەکانەی لەدژی پەکەکە بەکاریدەهێنێت، لەلایەن ئەمریکاوە لێی سنوورداربکرێت.

ڕۆژنامەی فاینانشاڵ تایمزی بەریتانی ئەو هەواڵەی بڵاوکردووەتەوە، رایدەگەیەنێت بەهۆی ئەو هەڵوێستانەی تورکیا لەبەرانبەر ئیسرائیلو ئەو لێکنزیکبوونەوانەی لەگەڵ ئێراندا هەیەتی، باراک ئۆباما ڕەجەب تەیب ئەردۆگانی ئاگادارکردووەتەوە.

بەپێی ئەو هەواڵەی رۆژنامەکە لەمانشێتەکەیدا بڵاویکردووەتەوە، لەوانەیە ئەمریکا سنوورێک بۆ ئەو گرێبەستانە دابنێت کەتورکیا بەمەبەستی بەرەنگاربوونەوەی گەریلاکانی پەکەکە بەنیازە بیانکڕێت.

ڕۆژنامەکە ئەوەشی ئاشکراکردووە کەئەو هۆشدارییەی ئەمریکا لەپەراوێزی کۆبوونەوەکانی (G٢٠)دا کە لەوڵاتی کەنەدا بەڕێوەچوو، دراوەتە تورکیا ئەویش بەهۆی ئەو ڕەفتارانەی ئەو وڵاتە بەرانبەر بەئیسرائیل لەلایەکو ئێران لەلایەکی ترەوە هەیەتی.

بەگوێرەی ئەو هەواڵەی لەرۆژنامەکەدا هاتووە، بەرپرسێکی باڵای ئیدارەی ئەمریکا پێی ڕاگەیاندوون ئۆباما بەئەردۆگانی وتووە بەهۆی هەندێک هەنگاوەوە کەتورکیا بەمدواییانە ناویەتی، نیشانەیەکی پرسیار سەبارەت بەتەماشاکردنی یان نەکردنی تورکیا وەک هاوپەیمان لەمێشکی ئەمریکییەکاندا دروستبووە.

بەرپرسەکە وتویەتی "ئەمەش وادەکات هەندێ داواکاری تورکیا لەئێمە لەنمونەی ئەوەی کڕینی هەندێک جۆی چەک بۆ بەرەنگاربوونەوەی پەکەکە، لەکۆنگرێسدا قورستر لەجاران پەسەندبکرێت".

تورکیا ماوەی چەند ساڵێکە لەهەوڵی کڕینی فڕۆکەی بێ فڕۆکەواندایە بۆ بەکارهێنانی لەدژی گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان، بەڵام بەهۆی نزیکبوونەوەی وادەی کشانەوەی هێزەکانی سوپای ئەمریکا لەخاکی عێراقو ئەو گرژییانەی کەوتووەتە نێوان ئەنقەرەو تەلئەبیبەوە، کڕینی ئەو جۆرە لەفڕۆکە بووەتە خواستێکی هەنوکەیی، لەبەرئەوەی لەئێستادا تورکیا فڕۆکەی ئیسرائیلی بەکاردەهێنێت لەجۆری هیرۆن.

فاینانشاڵ تایمز لەگەڵ ئەوەی جەخت لەگرنگی ئاگادارییەکەی ئۆباما دەکاتەوە، سەرنجی خوێنەرانیشی بۆ ئەوە رادەکێشێت کەئەنقەرە داوای کڕینی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانو ئەو جۆرە فڕۆکانەی لەواشنتۆن کردووە، کەتوانای هەڵگرتنی موشەکیان هەیە، بۆ ئەوەی لەدوای کشانەوەی سوپای ئەمریکا لەعێراق لەساڵی ٢٠١١دا هێرشی پێ بکاتە سەر بنکەو بارەگاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان.

بەرپرسە ئەمریکییەکە ئەوەی بەرۆژنامە بەریتانییەکە ڕاگەیاندووە، پێویستە تورکیا کە لەچوارچێوەی هاوپەیمانی باکووری ئەتڵەسی (ناتۆ) دایە، ئەوە دەربخات کەمەسەلەکانی پەیوەست بەئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا بەهەندوەردەگرێت، هەروەک ڕۆژنامەکە ئەوە دەخاتەڕوو کە بەپێی یاسا ئەمریکییەکان، ئیدارەی وڵات کاتێک بڕێکی زۆر چەکو تەقەمەنی بەوڵاتێکی وەک تورکیا کە لەچوارچێوەی ناتۆدایە دەفرۆشێت، پێویستە پێش ١٥ رۆژ کۆنگرێسی لێ ئاگاداربکرێتەوە.

کاتێکیش کۆنگرێس ئەو یاسایە بۆ فرۆشتنی ئەو بڕە لەچەک پەسەندنەکات، ئەگەرچی لەڕووی تەکنیکییەوە هەموو ڕێوشوێنەکانی فرۆشتن تەواوبووبێت، ئەوا دەتوانێ ئیدارەی ئەمریکا لەو گرێبەستانە پاشگەزبکاتەوە، کە بەبڕوای کۆنگرێس نەخوازراون.

هاوکاتو لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئەو راپۆرتە هەواڵەدا لەو رۆژنامە ئەمریکییەدا، لەئەڵمانیاش پارتی دیموکراتی ئەو وڵاتە بابەتی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەلایەن سوپای تورکیاوە لەدژی گەریلاکانی پەکەکە دەباتە ئەنجومەنی فیدراڵی وڵات.

ئەو پارتە پێشنیازێک سەبارەت بەئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لەو بابەتە دەداتە پەرلەمانی ئەڵمانیا.

هەروەک بەرپرسێکی پارتەکەش بەکارهێنانی چەکی لەوجۆرە لەلایەن سوپای تورکیاوە بەهۆکاری شۆکبوونیان دەزانێت، ئاماژە بۆ ئەوەدەدات وێنەی تەرمی ئەو گەریلایانەی دەست ئەوان کەوتووەو جەستەیان شێواوە، ئەگەری زۆری ئەوە نیشاندەدات کەئەو کەسانە لەدەرئەنجامی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی گیانیان لەدەستداوەو هەندێک راپۆرتی پزیشکیش ئەوەیان سەلماندووە.

ئەو بەرپرسەی پارتی دیموکراتی ئەڵمانیا ئەوەش رادەگەیەنێت کەئەنجامدانی کاری لەو جۆرە لەلایەن وڵاتێکەوە کەبەڵێننامەی بەکارنەهێنانی چەکی کیمیایی واژۆکردبێتو ئەندامی ناتۆ بێتو بیەوێت بێتە نێو یەکێتی ئەورووپاوە، بەهیچ جۆرێک مایەی قبوڵکردن نییە.

# پـــارتـــی ١٣ ســـاڵـــە گـــەنـ...

## دادگای هەولێر حوکمی لەسێدارەدانی بەسەر گەنجێکدا سەپاندووە، بەب...

شۆرش خالید، کارۆخ نامیق

١٣ ساڵە گەنجێکی شاری سلێمانی لەلایەن پارتییەوە بەتۆمەتی ئەوەی گوایا دەستی لەکوشتنی (محێدین رەحیم)دا هەبووە، دەستگیرکراوە، بەڵام تائێستا لەزینداندایەو ئازادنەکراوە.

لە ١٩٩٧/٦/٦ گەنجێکی شاری سلێمانی بەناوی عوسمان سەلام عارف کەئەوکات تەمەنی ٢٣ ساڵ بوو، لەهەولێر بەتۆمەتی ئەوەی دەستی لەکوشتنی محێدین رەحیم ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی هەبووە، دەستگیرکراوە، دوای ١٣ ساڵو دوو مانگ کەئێستا تەمەنی بووەتە ٣٦ ساڵ، ئەو گەنجە هەر لەزینداندایە.

بنەماڵەکەیان دەڵێن کوڕەکەیان هیچی لەسەر ساغنەبووەتەوە، بەڵام دەڵێن "بەناعەدالەتیو بەبێ ئەوەی رێگەی پێبدرێت پارێزەر بگرێت، لەدادگاییکردنێکی تەمومژاویدا ساڵی ٢٠٠٢ بڕیاری لەسێدارەدانی بۆ دەردەچێت". بەڵام تائێستا دوای ٨ ساڵ لەو بڕیارە نە ئازادکراوەو نە بڕیارەکەی بەسەردا جێبەجێدەکرێتو نەلێبوردنی گشتیش گرتووەیەتییەوە.

**عوسمان بۆ ئیشی قرتاسییە رۆیشتو نەگەڕایەوە**

لەسەرەتای مانگی ٦ی ساڵی ١٩٩٧ عوسمان لەگەڕەکی مامۆستایانی شاری سلێمانییەوە بەرەو هەولێر بەڕێدەکەوێت، لە ٦/٦ دەچێتە ماڵی دۆستێکیان کەپێشتر ماڵیان لەسلێمانی بووەو دراوسێیان بووە، بەناوی عەلی تایەر، هەمان رۆژ لەلایەن مەفرەزەیەکی چەکدارەوە کەنازانرێت ئاسایش بوون یان پاراستن لەو ماڵە دەستگیریدەکەنو تائێستاش کە ١٣ ساڵە لەزینداندایە.

عەباس سەلام مارف برای عوسمان، تەمەنی ٣٩ ساڵە، بەدەستووری وت "عوسمانی برام ئیشی قرتاسییەی دەکرد، لەتورکیاوە کەلوپەلی بۆ دەهاتە زاخۆو ئەویش دەچووە هەولێرو لەوێشەوە دەچوو لەزاخۆ دەیهێنا، ئەو شەوە لەهەولێر مابووەو بەرێکەوت سەردانی ماڵی عەلی کردووە".

عەباس وتی "ئەو ماڵە پێشتر لەسلێمانی دراوسێمان بوون، بەهۆی ئەوەی پارتی بوون رۆیشتبوون بۆ هەولێرو سەردانی ئەو ماڵەی کردبوو".

عەباس دەڵێت رەنگە کەسێکیتر سەردانی ئەو ماڵەی کردبێتو ئاگاداربێتو دواتر ئیخباریان کردبێت.

**محێدین رەحیم چۆن کوژرا**

محێدین رەحیم ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستانو بەرپرسی لقی (١٢)ی پارتی لەهەڵەبجە لە (١٩٩٧/٣/١١) لەماڵەکەی خۆیدا لەشاری هەولێر بەکوژراوی دۆزرایەوە.

ئەوکات پارتی، یەکێتی بەکوشتنی ناوبراو تۆمەتبارکرد، هەر بەو هۆیەوە لەدانیشتنەکانی رێککەوتننامەی ئاشتی ئەنقەرە کشایەوە، بەڵام بەرپرسانی یەکێتی رایانگەیاند ناوبراو لەسەر نووسینی نامەیەکی رەخنەئامێز لەبارەی رەفتاری بەشێک لەبەرپرسانی پارتییەوە بۆ مەسعود بارزانیو نێچیرڤان بارزانی لەلایەن پاراستنەوە کوژراوە.

**عوسمان ئەو ماوەیە لەسەری رەش زیندانیدەکرێت**

عەباسی برای عوسمان، دەڵێت عوسمان دەستگیرکراوە، تا ساڵێکو ١٠ مانگ بێسەروشوێن بووەو نەیانزانیوە لەکوێ زیندانیکراوە.

ئەو وتی "کەیەکەمجار دەستگیرکرا بەئێمەیان وت گومانی شتێکی لێدەکرێتو هیچیتر، گومانەکەش ئەوەیە لەسەر کوشتنی محێدین رەحیم بێتو ئیتر نەمانبینییەوە".

بنەماڵەی عوسمان ئاماژە بەوە دەکەن کەدوای ئەو ماوە زۆرە، ئینجا لەرێگەی چەند کەسێک، لەوانە عارف تەیفورەوە کەدۆستێکی نزیکیانە بۆیان دەردەکەوێت کەناوبراو لەسەری رەش (مەکتەبی سەرۆک) زیندانیکراوەو دواتر گواستراوەتەوە بۆ زیندانی ئاکرێ.

عەباسی برای وتی "کاک عارف تەیفور پێی وتین خەمتان نەبێت بەتۆمەتی شتێک گیراوە، دەستی لەو مەسەلەیەدا نییەو ئازاددەکرێت".

**لەتەمومژێکدا عوسمان دادگاییکرا**

دایکی عوسمان لەدواساتەکانی تەمەنیدایەو هەموو جەستەی لەگەڵ قسەکردنیدا دەلەرزێ، پێشئەوەی دابنیشین لەماڵیان، پێیوتین یاخوا هەواڵی خۆشتان پێبێت.

ئەو تاکە ئومێدی گەڕانەوەی کوڕەکەیەتی بۆ ماڵەکەی، وتی "کاتێک عوسمان مەحکەمەکرا ئێمە لەوێ نەبووین، کەسمان لەوێ نەبووین، هەر ئاگاداریش نەکراینەوە".

لەساڵی ٢٠٠٢ عوسمان دوای پێنج ساڵ لەزیندانەکانی ئاکرێو سەری رەش، لەدادگاییکردنێکی تەمومژاویدا، بەبێ ئەوەی رێگەی پێبدەن پارێزەر بگرێت، سزای لەسێدارەدانی بۆ دەردەچێت.

دایکی وتی "حوکمی لەسێدارەداندرا، بەهیچ شێوەیەک ئێمەیان لەو دادگاییکردنە ئاگادارنەکردەوە".

لەیەکەم دادگاییکردندا، دادوەر بەعوسمان دەڵێت تۆ ئازاددەکرێیت، بەڵام عەباس وتی "عوسمان گێڕایەوە کەراپۆرتێکی تریان هێنابوو لەسەرەوەو وتبوویان ئەمە ئاگاداری هەموو شتێکە".

**عەلی تایەر دێتە ناو کێشەکەوە**

لەوکاتەدا لەعوسمان دەپرسن چی دەربارەی عەلی دەزانیت، ئەویش دەڵێت عەلی پێشتر بەهۆی ئەوەی



عوسمان سەلام عارف پێش گرتنی



عوسمان سەلام عارف لەناو زینداندا

دراوسێمان بوو، رۆژێک هەر وەکو چیرۆکێک لەبارەی محێدین رەحیمەوە دوای کوشتنی هەندێک قسەیکردووە، بەڵام من کابرایەکی کاسبمو ئەوەندە گوێم بەو قسانە نەداوە.

ئەو عەلی ناوە تائێستاش ونەو دیار نییە، پێشتریش دوو برای بەناوی زەردەشتو محەمەد حەوت ساڵ گیران، بەڵام دواتر ئازادکران.

لەبارەی پەیوەندی نێوان عەلیو عوسمانەوە، عەباس دەڵێت "زۆر ئاگاداربووم پەیوەندییەکە تەنها ئەوەبوو عەلی پێشتر لەسلێمانی دراوسێمان بوو".

**عوسمان لەزیندانی مەکتەبی سەرۆکەوە دەگوازرێتەوە بۆ ئاکرێ**

لەمانگی ٤ی ١٩٩٩ عوسمان لەزیندانی سەری رەشەوە دەگوازرێتەوە بۆ ئاکرێو لەوە بەدواوە خێزانەکەی هەواڵی لەرێگەی خاچی سوورەوە دەزانـنو سەردانیدەکەن.

عەباس وتی "کاتێک بردبوویان بۆ ئاکرێ هەرەشەی ئەوەیان لێکردبوو بەهیچ شێوەیەک نەڵێت ئەوەندە ساڵە گیراوە، دەبێت بڵێ سێ مانگە گیراوە".

هەروەها وتی "لەزیندانی مەکتەبی سەرۆک لەمەسیف، زیندانی بووە".

**عوسمان دەهێنرێتە زیندانی محەتەی هەولێر**

لەرۆژی ٢٠٠٢/٦/١٢ دادگای تاوانی دووی هەولێر سزای لەسێدارەدان بەسەر عوسماندا دەسەپێنێت بەمادەی (٤٠٦)و هەر ئەو رۆژەش عوسمان ناگەڕێنرێتەوە بۆ ئاکرێو رەوانەی زیندانی مەحەتەی هەولێر دەکرێت.

بەپێی نووسراوێکی دادگای تاوانی دووی هەولێر کەئاراستەی جێگری بەڕێوەبەری ئەوکاتی ئاسایشی هەولێر کراوە، هەمان رۆژ داوادەکات کەرەزامەندی بفەرموون بەوەرگرتنی عوسمان سەلام عارف لەزیندانی محەتەی هەولێر.

**لێبوردنی گشتیش عوسمانی نەگرتەوە**

لەساڵی ٢٠٠٥دا یەکێتیو پارتی رێکدەکەون لەسەر ئەوەی بڕیاری لێبوردنی گشتی دەربکەن، بۆ ئەو کەسانەی لەسەردەمی شەڕی ناوخۆدا بەهۆی شەڕی ناوخۆی یەکێتیو پارتیو کێشەی سیاسییەوە حوکمدراون، بەڵام عوسمان دوای چەندین هەوڵی بنەماڵەکەیان ئازادناکرێت.

عەباس وتی "دوای ئەو بڕیارە، چوومە لای جێگری وەزیری ناوخۆی ئیدارەی هەولێر کاک فایەق پێموت برایەکم دە ساڵە گیراوە، بەڕاشکاوانە وتی بۆ دە کەسی کوشتووە، وتم مەلەفیشی نییە، وتی چۆن وادەبێت، لیژنەی ئاشتی لەو کاتەدا لەوێبوون کاک فایەق وتی گوێتان لێیەتی ئەو پیاوە برایەکی دە ساڵە گیراوە، خێرا وتیان ناوی چییەو ناوی سیانیان نووسی وتی باشە بەسەرچاو، دواتر تەلەفونیکرد بۆ زیندانی محەتە وتی مەلەفی عوسمان سەلام عارفم بدەرێ، کەمەلەفەکەی

»

### کاتێک دادگاییکرا هیچ بەڵگەیەک لەسەری نەبوو، نەشیان هێشت پارێزەر بگرێت

«

وەرگرت وتی برادەری خراپ هەیە ئاوای لێدەکەن، وتی بایەک شتت پێبڵێم من خۆم لەحیزبدام، بەخوا ئەو برایەی تۆ یەک زەرە بیانزانیایە دەستی لەکوشتندا هەیە، بەخوا یەکسەر دەیانکوشت".

لیژنەی جێبەجێکردنی لێبوردنی گشتی، ٢٠٠٧/٧/٢٣ نووسراوێک ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی هەولێر دەکاتو لەنووسراوەکەدا کەکۆپییەکی لای دەستووورە، هاتووە "جەخت لەسەر نووسراومان ژمارە ١٥ لە ٢٠٠٧/٧/١ دەکەینەوە سەبارەت بەناردنی دۆسییەی حوکمدراوان بەزووترین کات بەمەبەستی جێبەجێکردنی بڕیاری لێبوردنی گشتی". کەیەکێک لەو دۆسییانە دۆسیەی عوسمان سەلامە.

هەروەها لە ٢٠٠٥/٣/١٩ بەنووسراوێکی نێچیرڤان بارزانی (لیژنەی لێبوردنی تایبەت)، فەرمان دەدات بەهەژمارکردنی ماوەی بەندی "٤٠ تاوانبار"، کەعوسمان سەلام مارف لەزنجیرەی ٣٩ دایە.

**عوسمان لەمحەتەی هەولێرەوە بۆ مەعەسکەر سەلام دەگوازرێتەوە**

بەپێی نووسراوێکی بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاکسازی کۆمەڵایەتی، بەژمارە ١١١٤ لەرۆژی ٢٠٠٨/٨/٢١ کەئیمزای عەمید نەسرەدین عومەری بەڕێوەبەری لەسەرە، داوا لەبەڕێوەبەرایەتی چاکسازی گەوران- سلێمانی کراوە، رەزامەندی بفەرموون بەوەرگرتنی چەند بەندکراوێک لەمحەتەی هەولێرەوە بۆ مەعەسکەر سەلام، یەکێک لەو بەندکراوانەش عوسمان سەلامە. بەڵام یەکێک لەوێنەکان نێردراوە بۆ وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆو هاتووە "گواستنەوەی ناوبراو لەئەستۆی ئێمە نییەو پێویستە پۆلیسی هەولێر ئەو کارە بکات".

بەوتەی عەباسی برای عوسمان ئەو گواستنەوەیە دوادەکەوێت بۆ ٢٠٠٩/٨/٢٠ ئەوکات دەگوازرێتەوە بۆ سلێمانیو سەردانی دەکەن.

**بڕیاردەدرێت عوسمان لەگەڵ دیلێکی پارتیدا بگۆڕدرێتەوە**

لەسەروبەندی هەڵبژاردنەکانی ٧/٢٥ی ساڵی رابردوو، بەوتەی کەسوکاری عوسمان، رێککەوتنێک دەکرێت بەوەی زیندانییەکی پارتی بەناوی فەرهاد خدر عەبدوڵڵا کەلای یەکێتی زیندانی بووە، لەگەڵ عوسمان کەلای پارتییە بگۆڕدرێتەوە.

عەباس وتی "کارەکان چوونە پێشەوە، بەڵام لەپڕێکدا بەبڕیارێکی مەسعود بارزانی لێبوردنی تایبەتی بۆ فەرهاد دەردەچێت، عوسمانیش هەر لەزینداندا دەمێنێتەوە".

مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێم بەنووسراوی ١٢٤ بڕیاری لێبوردنی گشتی بۆ فەرهاد خدر دەردەکات، لەنووسراوەکەدا کەکۆپییەکی لای دەستووورە، هاتووە "بەپێی بڕگەی شەشەمی مادەی دەیەم لەیاسای سەرۆکایەتی هەرێم- عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو و لەبەرئەوەی حوکمدراو فەرهاد خدر لەسەر کارێک حوکمدراوە کەدەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی تاڵی بەسەرچووی نائاساییو یەکێک لەدەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان ئاراستەکراوە بەرەو چارەسەرکردنی ئەنجامی ناخۆشی ئەو سەردەمە، بۆئەوەی هەلی پێبدەین بگەڕێتەوە لای تەنها دایکە پیرەکەیو ناو کۆمەڵ بڕیارماندا لێی خۆشبین".

عەباس وتی "قەزیەکەی هەردووکیان وەکو یەک بووە، ئەو لای پارتی زیندانی بوو، گیرابوو بەواژۆی مەسعود بارزانی بەربوو لە ٢٠٠٩/٧/١٨ بەبێ ئەوەی حاکم بیبینێت".

لە ٢٠٠٩/١٠/١٢ سەرۆکایەتی هەرێم داوای دۆسیەی عوسمان سەلام دەکات، سەرۆکایەتی دادگای پێداچوونەوەی هەولێریش نووسراوێک ئاراستەی دادگای لێکۆڵینەوەی سلێمانی دەکات، بۆ پرسیارکردن لەو دۆسیەیە.


دادگای لێکۆڵینەوەی سلێمانیش نووسراوێک ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی کۆمەڵایەتی (مەعەسکەر سەلام) دەکاتو ئەوانیش بەنووسراوی ژمارە (١٩)، لە ٢٠١٠/١/٣ وەڵامدەدەنەوە بەوەی ناوبراو لای ئەوانەو بەپێی مادەی (٤٠٦) سزای لەسێدارەدانی بۆ دەرچووە.

**عوسمان دەبردرێتەوە هەولێر**

بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی گەوران- هەولێر، بەنووسراوێک داوا لەبەڕێوەبەرایەتی چاکسازی گەوران - سلێمانی دەکات، کەعوسمان سەلام بۆ ماوەی دوو رۆژ بگەڕێنرێتەوە بۆ هەولێر بۆ لێکۆڵینەوەو لەرۆژی ٢٠١٠/٢/١٧ بەنووسراوی ژمارە ٦٧٢ی بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی گەوران- سلێمانی، رەزامەندی

»

عارف تە...
بەخێرا...
گەنجە...
وتبوو...
لەزیندا...
مەکتەبی س...
پارتی بەند...



# حکومەتی هەرێم تەنها ٥٠ مامۆستا بۆ کەرکوک دادەمەزرێنێت

## بەڕێوەبەری خوێندنی کوردی: تەنها بۆ ناو شار ٢٠٠ مامۆستامان پێویستە

هونەر کەریم

وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ ئەمساڵ بڕیاریداوە تەنها ٥٠ مامۆستا بۆ شاری کەرکوک دابمەزرێنێت، بەڕێوەبەری خوێندنی کوردیش لەپەروەردەی کەرکوک دەڵێت خوێندنی کوردی تەنها لەناو شار پێویستی بە ٢٠٠ مامۆستا هەیە.

وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێم هەفتەی ڕابردوو بڕیاریدا بەدامەزراندنی ٣٢٠٠ مامۆستا، بۆ هەرسێ پارێزگای هەولێرو دهۆکو سلێمانیو ئیدارەی گەرمیانیش، بەڵام بۆ کەرکوک تەنها ٥٠ مامۆستا دادەمەزرێنێت.

یوسف سەعید ئەحمەد بەڕێوەبەری خوێندنی کوردی، لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی کەرکوک، لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور، ڕایگەیاند "تائێستا لای ئێمە ناوی هیچ ماموستایەک تۆمارنەکراوە، بەڵام بڕیارە تەنها ٥٠ مامۆستامان بۆ دابمەزرێنن".

یوسف دەڵێت خوێندنی کوردی تەنها بۆ ناو شار پێویستی بە ٢٠٠ مامۆستا هەیە دایبمەزرێنن بۆ قۆناغەکانی ناوەندیو سەرەتایی.

ئەو وتی "خوێندنی کوردی هیچ خەیاڵێکی لەبەغداد نییە کەمامۆستایان بۆ دامەزرێنێت، چونکە چەندینجار داوامانکردووە، بەڵام پشتگوێمان دەخەن".

گلەیی ئەوەشیکرد کەوەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێم ئامادەنین مامۆستا بۆ کەرکوک دامەزرێننو وتی "چونکە کەرکوک ئێستا سەر بەحکومەتی عێراقەو دەبێت حکومەتی ناوەند خەمی بخوات، بەڵام ئێمە بەهیچ جۆرێک چاوەڕوانی بەغدادمان نەکردووە بۆ دامەزراندنی مامۆستا، چونکە تائێستا وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی ناوەند ئاگای لەپەروەردەی کوردی لەکەرکوک نییە".

بەڕێوەبەری بەشی کوردی لەپەروەردەی کەرکوک ڕایگەیاند کەئەگەر حکومەتی هەرێم ئاگاداری پەروەردەی بەشی کوردی لەکەرکوک نەبێت، ئەوا وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی ناوەند هیچ خەمی کوردی کەرکوکی نییە.

لەلایەکی ترەوە ئیسماعیل بەرزنجی بەرپرسی ڕاگەیاندنی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێم بەدەستووری وت "ڕێژەیەک مامۆستا بۆ ئیدارەی گەرمیان دامەزراوە، بەڵام هیچ زانیاریم لانییە بۆ کەرکوک مامۆستا دابمەزرێت".

ئاماژەی بەوەشدا کەئەو ٣٢٠٠ مامۆستایە بۆ هەرسێ پارێزگاکە دەبێت.

# باڵوێزی عێراق لەئۆکرانیا، پارەی خوێندکارە کوردەکان نادات

ئارام کەمالو ئاوارە جاف

باڵوێزە شیعەکەی عێراق لەئۆکرانیا، پارەی خوێندکارە کوردەکان نادات، لەکاتێکدا دەبوو بۆ هەر خوێندکارێکی ماستەر بەبێ جیاوازی ڕەگەزی ٣٠٠ دۆلارو بۆ هەر خوێندکارێکی دکتۆراش ٥٠٠ دۆلار.

بەشێک لەخوێندکارە کوردەکان وەک خۆیان دەڵێن "لەهەردوو دین بوون"، چونکە گلەیی ئەوە دەکەن ئەو خوێندکارەی عەرەب بێت، لەلایەن باڵوێزی عێراق لەئۆکرانیاو ئەو خوێندکارەشی پارتی بێت لەلایەن نووسینگەی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە هاوکاری باش دەکرێن، بەڵام ئەوان لەهیچ لایەکەوە هاوکاری ناکرێن.

تائێستا حکومەتی هەرێم نەیتوانیوە بەشێوەیەکی یەکسان پارە بۆ ئەو خوێندکارانە دابینبکات کەزەماڵەی خوێندنیان لەدەرەوە بۆ دێتەوە، ئەوەی هەیە تەنها بۆ ئەو کەسانەیە کەسەر بەهەردوو حیزبە دەسەڵاتدارەکەن، یان نزیکن لەبەرپرسانی حکومییەوە.

خوێندکارە کوردەکانی وڵاتی ئۆکرانیا گلەیی لەحکومەتی هەرێم دەکەن، بەهۆی ئەوەی کەهیچ هاوکارییەکی خوێندکارانی زانکۆی ئەو وڵاتە ناکەنو حکومەتی عێراقیش تەنها پارە بۆ خوێندکارە عەرەبەکان تەرخاندەکات.

خوێندکارەکان گلەیی ئەوە دەکەن کە لەگەڵ ئەوەی لەسەر ئەرکی خۆیان دەخوێنن، بەڵام ئەو زانکۆیەی ئەوان بڕوانامەکەی لێدەهێنن، لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە دانیپێدا نانرێت.

کەچی دەڵێن لەلایەن ڕێکخراوی یونسکۆوە دانی پێدانراوە.

سامان بەهمەن خوێندکاری کوردی دانیشتووی شاری کەلار، بۆ تەواوکردنی خوێندنی ماستەرو دکتۆرا لەزانکۆی کرازینا لەئۆکرانیا دەخوێنێت. بەدەستووری وت "ماوەی ساڵێکە لەو زانکۆیە دەخوێنمو نزیکەی ٣٥ خوێندکاری تری کوردی لێیە، هەموومان بەژیانێکی کولەمەرگی دەژین".

ئەو وتی "ناچارین ڕوو بکەینە ئەو بەشە ناوخۆییانەی کەخراپنو ئەوانەی خەڵکی چینو تورکو ڤێتنامیو نیجیریو سریلانکایان تێدایە".

هەرچەندە باڵوێزخانەی عێراق لەو وڵاتەدا هەیە، دەبێت مانگانە یارمەتی ئەو خوێندکارە عێراقیانە بدات کە لەوێ دەخوێنن، بەڵام یارمەتی بۆ هیچ کوردێک سەرفناکرێت.

سامان وتی "نووسینگەی پارتیش یارمەتی خوێندکاران دەدات، بەڵام تەنها بۆ پارتییەکانەو ئێمە بێبەشین".

گلەیی لەو نووسینگەیەی پارتی کردو وتی "سەردانی نووسینگەی پارتیمان کردووە، بەڵام ئەو نووسینگەیە بەتەنها نووسینگەیەکی پارتییەو بۆ ئەو خوێندکارانە ئیشدەکات".

باڵوێزی عێراق لەئۆکرانیا شیعە مەزهەبەو بەوتەی خوێندکارە کوردەکان بەتەنها بەتەنگ ئەو خوێندکارانەوە دێت کەعەرەبنو لەمەزهەبی شیعەن.

هەژار عەبدولقادر خوێندکارێکی تری ماستەرە بەگلەییەوە بۆ دەستوور دواو وتی "نە حکومەتی هەرێمو باڵوێزی عێراق یارمەتیمان دەدات، نە نووسینگەی حیزبی".

ئەو خوێندکارە کەئاگاداری وردەکاری ئەو پارەیەیە کە لەڕێگەی باڵوێزی عێراقەوە بۆ خوێندکاران سەرفدەکرا، ڕایگەیاند بڕی موچەی هەر خوێندکارێکی ماستەر ٣٠٠ دۆلارەو بۆ دکتۆراش ٥٠٠ دۆلارە کە لەلایەن باڵوێزی عێراقەوە دەبوایە سەرفبکرایە، بەڵام وتی "ئێمە یەک دۆلارمان بەچاو نەدی، چونکە کەسێکی شیعە مەزهەب لەوێ بوو تەنها بۆ عەرەبەکانو شیعە مەزهەبەکان ئەو بڕە موچەیان سەرفدەکرد نەک بۆ ئێمە".

خوێندکارێکی دکتۆرا کەنەیویست ناوی بهێنرێت بەدەستووری وت "بەشێک لەخوێندکارانی کورد بەهۆی نزکیان لەدوو حیزبە دەسەڵاتدارەکە یان بەرپرسانی حکومییەوە، مانگانە پارەیان پێدەدرا".

ئەو وتی کەگومانیان لەحکومەتی هەرێم هەیە لەچۆنیەتیو نایەکسانیان لەسەرفکردنی ئەو پارانەدا بۆ خوێندکاران.





جیهانبینی پەروەردە

فایەق سەعید
faiekk@hotmail.com

## حکومەتی هەرێم کەرکوکییەکان جیادەکاتەوە؟

ساڵی پار لەوتارێکدا باسی ڕووباری هەشت ساڵەی کەرکووکیم کرد کەهەموو ساڵێک بەیەکەم دەردەچوو، بەڵام جیاوازییەک کەئەو هەیبوو خوێندەوارێکی زۆر سەیربوو، لەڕۆژێکدا دەیتوانی چەندین کتێبی منداڵانە بخوێنێتەوە. ئەو منداڵە خۆی هانی خۆی دەدا کەبەردەوامبێت لەخوێندنەوەی چیرۆکو شیعر، بەڵام گرفتی ئەو منداڵە ئەوەبووە کەهیچ کەسێکی نەبوو کتێبی بۆ بکڕێت یا بەقەرز بیداتێ. من داوام لەوەزارەتی پەروەردەو وەزیری پەروەردە کردبوو کەبەناردنی چەندین کتێب، ڕوحێک ببوژێنێتەوە کەلەوانەیە دوو سبەی ببێتە نووسەرێکی گەورەی ئەم وڵاتە. بەڵام ئەم منداڵە تائێستاش هیچ کتێبێکی لەهەرێمەوە پێ نەگەیشتووە.

ئەمە یەکەمو دوا جیاکاری نییە کەحکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ خەڵکی کەرکوک بەگشتیو خوێندکارەکانی ئەو شارە وێرانەیەدا دەیکات. بەر لەچەند هەفتەیەکی زۆر بەڕێز بەرهەم ساڵح بڕیاری خەڵاتکردنی خوێندکارە یەکەمەکانی هەرێمی کوردستانی دا، بەڵام ئەم خەڵاتکردنە خوێندکارە کوردەکانی کەرکوکی نەگرتەوە، وەکو ئەوەی ئەوان سەر بەکوردستان نەبن. ئێستاش بڕیاری دامەزراندنی ٣٢٠٠ مامۆستا بۆ کوردستان دەرچووە، بەڵام تائێستا باسی کەرکوک ناکرێت. سەرەڕای ئەمەش قوتابخانە کوردییەکانی کەرکوک لەخولەکانی وەزارەتی پەروەردە بێبەشن. تەنها ئەم هەنگاوە سادانە ڕوحێکی وا لەلای کەرکوکییەکان دەخولقێنێت، کەبەڵێ حکومەتی کوردستان ئەوان بەخەڵکی کوردستان نازانێت. لەهەمووشی خراپتر ئەم سیاسەتی جیاکارییە کاریگەری لەسەر خەڵکە ئاساییەکەی هەرێمیش داناوە.

لەلایەکی دیکەوە چەندین ساڵە خوێندکارە کوردەکانی کەرکوک گلەیی ئەوەیانە کەهەرێمی کوردستان جیاکارییان لەگەڵدا دەکاتو بەهیچ شێوەیەک لەزانکۆکانی هەرێمدا وەریان ناگرن، لەکاتێکدا چەندین خوێندکاری عەرەب لەناوچە جیاجیاکانەوە لەزانکۆکانی هەرێمدا درێژە بەخوێندن دەدەن. بەر لەچەند ساڵێک کچە کوردێکم بینی کەناوی لەبەشی ئینگلیزی زانکۆی تکریت هاتبووەو نەیدەوێرا پێ بنێتە ناو ئەو شارەوە. لەهەمانکاتدا لەزانکۆکانی هەرێم ڕێگەیان پێنەدەدا کەدەست بەخوێندن بکاتو بەقسەی خۆی لەزانکۆی سلێمانی پێیانوتبوو کەرکوکییەکان بۆیان نیە لێرە بخوێنن. گرفتی ئەم کچە لاوە ئەوەبوو لەزانکۆی کەرکویش کاری گواستنەوەیان بۆ نەدەکردو ئیدی من نەمزانی چی بەسەر هات . لەلایەکی دیکەوە کچێکی دیکەم بینی ناوی لەکۆلێژی زانستی موسڵ هاتبووەو جورئەتی ئەوەی نەدەکرد کەلەوێ بخوێنێتو داوای ئەوەی لەمن کرد کارێکی بۆ بکەم بۆ ئەوەی نەقلی هەولێر یا سلێمانی بێت، کەبەداخەوە من نەمتوانی هیچ شتێکی بۆ بکەم، چونکە سیاسەتی وەزارەتی خوێندنی باڵا بەرامبەر بەکەرکوکییەکان لەسەر بنەمای جیاکردنەوەی خوێندکارە کەرکوکییەکان وەستاوە. من پرسی خوێندکارە کوردەکانی کەرکووکم لەلای وەزیری خوێندنی باڵای ڕابردوو کردەوە، لەوەڵامدا دەیوت «ئێمە پێمانخۆشە کەرکوکییەکان لەکەرکوک بخوێنن نەک لەکوردستان».

ئەم جۆرە جیاکردنەوەیە نەک لەبواری خوێندندا هەیە، بەڵکو لەهەموو بوارەکانی دیکەشدا زۆر بەرچاو دەکەونو بووەتە مایەی تۆراندنو ئازاری دەروونی بۆ کوردەکانی کەرکوک. کەرکوک شارێکە لەوێرانە دەچێتو زوربەی بەرپرسەکانیش کە لەکەرکوک کار دەکەن، ماڵو منداڵەکانیان لەسلێمانیو هەولێر داناوە، لەکاتێکدا کە لەدوای ٢٠٠٣ وە کارمەندە کەرکوکییەکان لەهەولێرو سلێمانی لەکارەکانیان دەرکران و فشاریان دەخرایە سەر بۆ ئەوەی بۆ کەرکوک بگەڕێنەوە. ڕۆژانە کەرکوکییەکان ئازار بەو جیاکارییەوە دەبینن ئەوەش دووبارەدەکەنەوە کەسلێمانیو هەولێرو دهۆکیان کردووە بە بەهەشتو ئەوانیش لەوێرانەدا دەژین. شەوانە خۆیان لەپارکە خۆشەکاندا کات بەسەر دەبەنو بۆ تەنها جارێکیش بیریان لەوە نەکردووەتەوە بۆ کەرکوک یەک دانە پارکی وای تێدا نییە. منداڵانی قوتابخانەکان کەهەندێکیان لەجۆرە قوتابخانەیەکدا دەخوێنن کە لەکولانەی مریشک دەچن، بەو منداڵیەوە هەست بەو جیاکارییە دەکەن کەحکومەتی هەرێم لەگەڵیاندا پیادەی دەکات. ساڵی پار لەقوتابخانەی دیاربەکر یا وان بووم، کەیەکێکە لەقوتابخانە کوردییەکانی کەرکوک، منداڵێکی ٩ ساڵان لێی پرسیم لەکوێوە هاتووی؟ کەپێم ووت لەسلێمانیەوە هاتووم و لەگەڵ وەزارەتی پەروەردەدا کار دەکەم ...هتد، یەکسەر قسەکەی پێ بڕیمو پێی وتم «کەی دڵتان بەئێمەش دەسوتێ؟، خۆ ئێمەش بەکوردی دەخوێنین». ئەم دیالۆگە کورتەی ئەم منداڵەو منداڵەکانی دیکەش تائێستا ئازارێکی گەورەم دەدەن، چونکە بەهیچ شێوەیەک ناتوانم هاوکارییان بکەم.

کار بەم جۆرە بڕوات جیاکردنەوەی کەرکوک لەسێ شارەکەی دیکەی هەرێمی کوردستان دەبێتە واقیعێک کەزۆر ئەستەمە چاکبکرێتەوە. پێش ئەوەی وابەستبوونی کەرکووک بەهەرێمی کوردستانەوە بەقسە بریقەدارەکانی دەسەڵاتی کوردی ببەستینەوە، دەبێ لەناخی هەموو یەکێک لەئێمەدا زیندووی بکەینەوە. بەر لەهەموو شتێک دەبێ هیچ شێوە جیاکارییەک لەگەڵ کەرکوکییەکاندا نەکەین بۆ ئەوەی ئەو منداڵە وردانە هەست بەو جیاکارییە نەکەن.

# کچان پێشبڕکێی شاجوانییان دەوێت

## لەو پێشبڕکێیەی کە لەمانگی یانزەدا ئەنجامدەدرێت، کچە کەشخەکانی سلێمانی دەیانەوێت ببنە شاجوان



دەستوور لەسلێمانی

بڕیارە لەمانگی یانزەدا لەبڕگەیەکی فێستیڤاڵێکی گەورەدا لەساڵیادی دروستبوونی شاری سلێمانیدا پێشبڕکێیەکی شاجوانیش بکرێت، کچانی سلێمانیش دەیانەوێت لەو پێشبڕکێیەدا ببنە شاجوان.
تائێستا لەسلێمانی تەنها یەکجار پێشبڕکێی شاجوانی کراوە، ئەویش لەساڵی ٢٠٠٤دا بوو، بەڵام کچان دەیانەوێت ساڵانەو لەفێستیڤاڵو بۆنەکاندا پێشبڕکێ بۆ شاجوانان بکرێتو خۆیان بۆ ئەو پێشبڕکێیە کەشخە بکەن.
عەباس عەبدلڕەزاق بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی رۆشنبیری سلێمانی رایگەیاند بڕیاریانداوە ئەمساڵ بەشێوەیەکی جیاواز پێشبڕکێی شاجوانی بۆ کچانی سلێمانی بکەنەوە، ئەو وتی "بۆ سلێمانی بەتایبەت جێگەی دڵخۆشییەو پێویستدەکات ئەو پێشبڕکێیە بکەینەوە".
کچانی سلێمانی ئەوانەی حەز بە بەشداریکردن لەو پێشبڕکێیەدا دەکەن، دەڵێن پێویستە وەکو وڵاتانی جیهان کچانی کوردیش پێشبڕکێی ساڵانەی شاجوانیان بۆ بکرێت.
شەهێن جەمال دانیشتوی شاری سلێمانی بەدەستووری وت "هەمیشە ئاواتم ئەوەیە کە بەڕێوەبەرایەتییەک یان هەر شتێکیتر دروستبکرێت بۆ پێشبڕکێی ساڵانە بۆ شاجوانی، بۆ ئەوەی کچانی کوردستانیش بەشداریبکەنو جوانییەکانی خۆیان دەربخەن".
شەش ساڵ لەمەوبەر لەئاهەنگی جەژنی سەری ساڵدا پێشبڕکێیەکی شاجوانی بۆ کچانی سلێمانی ئەنجامدرا، تێیدا شەهێن جەمال بووە شاجوانی شاری سلێمانی.
شەهێن وتی "زۆر هەستم بەخۆشی کرد، کاتێک پلەی یەکەمم بەدەستهێنا".
شەهێن جەمال وتی "ئەگەر وەزارەتی رۆشنبیری ئەو هەنگاوە بنێت، ئەوا بەخۆشحاڵییەوە ئامادەی ئەوەم ئیشی تێدا بکەمو کار بۆ ئەوە بکەم کەکچانی کوردستان جوانییەکانی خۆیان دەربخەنو خۆیان نمایشبکەن".
تائێستا چەندین کچی کورد توانیویانە شاجوانی وڵاتی تر بەدەستبهێنن، بۆیە شەهین جەمال وتی "کچانی کوردستان لەئاست جوانییەکانی کچانی دنیادا هیچی کەمتر نییەو پێویستە کچانی کوردستانیش بەشداربن لەو پێشبڕکێیانەدا".
شەیما جاف یەکێکی ترە لەو کچانەی کەهیوای وایە ئەو رۆژە بێت کەپێشبڕکێی شاجوانی لەکوردستاندا بکرێتو وتی "پێویستە لەکوردستانیشدا ئەو هەنگاوە بنرێت".
شەیما نمونەی بۆ جوانی کچانی کوردستان هێنایەوە وتی "ئێمە کچی کافرۆشمان هەیە کە لەسەدەکانی رابردوودا بووە، ئێستا لەگەریدەناسەکاندا باسدەکرێتو لێرە گۆرانی پێدا دەڵێن، کەسیش نازانێ کێیە؟ بەڵام لەبەرئەوەی جوان بووە، هەمیشە وەسفکراوەو جوانییەکەی دەنگیداوەتەوە".
شیلان محەمەد چالاکوانێکی بواری مافەکانی ژنانە، هانی کچان دەدات بیر لەوە بکەنەوە وەکو کچانی جیهان بەشداری پێشبڕکێی شاجوانی بکەن.
شیلان وتی "هەرشتێک لەکوردستان بێتە مایەی پێشکەوتن پێمخۆشە بکرێت، چونکە کچانی کوردستانیش هیچیان کەمتر نییە لەکچانی جیهانو پێویستە پێشبڕکێی ساڵانەی شاجوانی بۆ کچانی کوردستانیش بکرێت".
بەڕای شیلان کلتوورو داخراوی کۆمەڵگای کوردی، کاریگەری هەبووە لەسەر ئەوەی ئەو جۆرە پێشبڕکێیە ئەنجام نەدرێتو وتی "ئەوەی من هەستی پێبکەم بۆ کردنەوەی ئەم پێشبڕکێیە رەنگە لەکوردستاندا سەرنەگرێت، ئەویش بەهۆی بوونی ئەو کلتوورەوە".
ئەو چالاکوانە هیوای وایە زیاتر خەڵک لەو جۆرە پێشبڕکێیانەو نمایشکردنانە هۆشیاربکرێنەوەو ئاشنابکرێن بەپێشبڕکێی شاجوانی.
کاوە مەحمود وەزیری رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاند کەوەزارەتەکەی لەبەرنامەیدایە بۆ دروستکردنی گروپێک یان هەر کارێکیتر کەکار بۆ شاجوانی کوردستان بکەنو کچانی کوردستان تێیدا بەشداریبکەن.
ئەو وتی "چونکە ئەو پێشبڕکێیانە کارێکی باشەو هەنگاوێکی نوێیە لەکوردستاندا".
هەروەها وتی "ئەو بیرۆکەیە دەبێت هەوڵی بۆ بدرێت تا ساڵانە پێشبڕکێی شاجوانیش لەکوردستاندا بکرێتو کچانی کوردستان بەشداری تێدا بکەن".
وەزیری رۆشنبیری دەڵێت بۆ کارکردن لەسەر ئەو بیرۆکەیە پێویستدەکات لەوەزارەت کۆبوونەوەو قسەی لەسەر بکەینو رای برادەرانیش وەربگرنو بڕیاری لەسەر بدەنو وتی "ئەوە لەداهاتوودا ئیشی بۆ دەکەینو هەوڵیش بۆ سەرکەوتنی دەدەین".
عەباس عەبدلڕەزاق رایگەیاند کەئەمساڵ ئەو پێشبڕکێیە دەکەن، چونکە لەمانگی یانزەی ئەمساڵدا بەبۆنەی دروستبوونی شاری سلێمانییەوە، فێستیڤاڵێکی نێودەوڵەتی گەورە ئەنجامدەدەن.
هەروەها وتی "لەو فێستیڤاڵە هەموو شتێک پێشکەشدەکرێت، یەکێک لەبڕگە سەرەکییەکانی فێستیڤاڵەکەش بریتی دەبێت لەنمایشی شاجوانی کە کەسێک دەستنیشاندەکرێت بەشاجوانی شاری سلێمانیو ئەو نازناوەی پێ دەبەخشرێت".





# گەنجان دەڵێن کاڵا بەقەد باڵا

## کچان دەیانەوێت خێزانی ئەو کەسەی شووی پێدەکەن لەهەڵسوکەوتدا لەخۆیانەوە نزیکبێت



هونەر کەریم

لەدوای بیرکردنەوە لەتەمەنی بەرانبەریان، بەشێکی زۆر لەکچانو کوڕان حەزدەکەن خێزانی ئەو کەسەی دەبن بەهاوسەریان، لەمامەڵەو بیرکردنەوەو هەڵسوکەوتدا لەخۆیانەوە نزیکبن، ئەوان خۆیان بە بەختەوەرتر دەبینن ئەگەر ئەو شێوازەی سەرەوە ببێت بەنسیبیان.
بۆ هێژە ئەمین بەختەوەرترین کەس دەبێت ئەگەر ماڵی خەزوری لەزۆر شتدا بەتایبەت لەمامەڵەو هەڵسوکەوتدا لەگەڵ خێزانەکەی خۆیدا یەکبگرنەوە، بۆیە بەردەوام راڕایە لەسەر ئەوەی ئاخۆ کێ دەبێت بەنسیبی.
هێژە وتی "دەمەوێت وەکو خۆمان چوونەدەرەوەی کچان بەشتێکی ئاسایی وەربگرن، زۆر چاودێری ژنو کچە کا نیا ن نەکەن، بەڵام پشتگوێشیان نەخەن". هەروەها حەزدەکات لانیکەم چۆ نیە تی رازاندنەوەی سفرەو پێشوازیکردن لەمیوانو تێڕوانینیان بۆ ژن لێکچوونێک هەبێت.
هێژە ئاماژەی بەوەشدا کەزۆرجار بیر لەوە دەکاتەوە خێزانی هاوسەرەکەی نە لەخۆیان دەوڵەمەنتربن نە لەخۆیان هەژارتربن، وتی "دەمەوێت کاڵا بەقەد باڵا بێت".
توێژەرانی کۆمەڵایەتی ئەو بیرکردنەوەیەی کچانو کوڕان بەهەڵە نازانن، بەڵام دەڵێن مەرج نییە ئەگەر شێوازی بیرکردنەوەی خێزانەکان لەیەکەوە دووربن، ئەوا ئەو پرۆسەی هاوسەرگیرییەی لەنێوانیاندا پێکدەهێنرێت، سەرکەوتوو نەبێت.
سامان محەمەد توێژەری کۆمەڵایەتی بەدەستووری وت کەسەرکەوتوویی ئەو پرۆسە هاوسەرگیرییە نزیکترە ئەگەر کچو کوڕەکەو خێزانەکان پێشتر ئاشنابن بەیەکتر.
ئەو وتی "لەژیانی کۆمەڵایەتیدا لێکتێگەیشتنو نزیکبوونەوەو گونجانی بەبێ کێشەی ئەو خێزانانە زیاترە کەمامەڵەو هەڵسوکەوتو بیرکردنەوەیان چوونیەکەو جیاواز نییە".
سامان دەڵێت مەرج نییە ئەوانەی لەهەڵسوکەوتو مامەڵەدا لەیەکەوە دوورن، سەرکەوتوونەبن لەپرۆسەی هاوسەرگیرییدا، بەڵام وتی "چەندین کەسمان بینی لەنەتەوەی جیاوازیش بوون، کەچی زۆریش سەرکەوتوو بوون. لێکتێگەیشتنی پێشوەختەو نزیکی مامەڵەو هەڵسوکەوت مەرجێکی سەرەکییە".
بەشێک لەکوڕان پێشنیازی ئەوە دەکەن کەکچانو کوڕان بەدوای ئەو کەسانەدا بگەڕێن کە "هاوشانی" خۆیانن، دەڵێن دەبێت کاڵا بەقەد باڵا بێت.
هێرش کەریم پیشەی مامۆستایەو ماوەی سێ ساڵە چووەتە پرۆسەی هاوسەرگیرییەوە بەدەستووری وت "باشترین شت بۆ پرۆسەی هاوسەرگیری بۆ کچانو کوڕان ئەوەیە هاوتەمەنو هاوبۆچوون بن، لەمامەڵەو هەڵسوکەوتیشدا نزیکبن".
هێرش خۆی کچی هاوڕێیەکی باوکی هێناوە، پێشتریش چەند جارێک چووەتە ماڵیانو دەڵێت "مامەڵەو هەڵسوکەوتمان زۆر لێکەوە نزیکە، زۆریش بەختەوەرین".
بەشێک لەکچان لەکاتی بیرکردنەوە لەپرۆسەی هاوسەرگیری، بەدوای ئەو کەسانەوەن کەدەوڵەمەندنو خانوو و ئۆتۆمبێلو سامانی زۆریان هەیە، بەپێچەوانەی ئەو پەندەی کەدەڵێت "کاڵا بەقەد باڵا".
شلێر ناوی خوازراوی کچێکی ٢٢ ساڵانە، دەڵێت سامان لەکوێ بێت بەختەوەری لەوێیە، بۆیە وتی "کەسێکم دەوێت کەدەوڵەمەندبێتو لەڕووی داراییەوە گرفتم نەهێڵێت".
توانا برای شلێر وتی "خوشکەکەم دەبێت بیر لەلایەنیتر بکاتەوە، بزانێت تاچەند لەگەڵ ئێمەدا دەگونجێتو لەهەڵسوکەوتی رازیدەبێن".
هەروەها وتی "نامەوێت پێڵاو بۆ کەس دابنێینو کەسیش پێڵاومان بۆ دابنێت".

www.arsivakurd.org

# ”ئێمە هەستمانکرد لەلایەن گۆڕانەوە کراینە ئامرازێک بۆ بانگەشەی هەڵبژاردنو فریودراین، دوای ئەوە وازیان لێهێنایین“

## شێخ عەبدولڕەحمان نەقشبەندی بۆ دەستوور

سازدانی: مەعاز فەرحان

**لەچاوپێکەوتنێکدا کەدەستوور لەگەڵ شێخ عەبدولڕەحمان نەقشبەندی کەسایەتی ئاینی ئەو تەریقەتە سازیداوە، ڕەخنە لەتوانا ئاینییەکانی شێخ مادیحی کوڕی شێخ عوسمانی بیارە دەگرێت، کە لەماوەی ڕابردوودا بەڕێبەری تەریقەتی نەقشبەندی دیاریکرا، بەڵام لەلایەن بەشێک لەشێخانی تەریقەتەوە ڕەتکرایەوە.**

**شێخ عەبدولڕەحمان دەڵێت ئەو شیاو نییە بۆ ڕێبەرایەتی تەریقەت، بەڵکو دەتوانێت ڕێبەری بنەماڵەکەی خۆی بێت.**

**لەتەوەرێکی تری چاوپێکەوتنەکەدا شێخ عەبدولڕەحمان ڕەخنە ئاراستەی بزووتنەوەی گۆڕانو کەناڵی کەی ئێن ئێن دەکات، کەبایەخپێدانیان بەهەورامییەکان کەمبووەتەوەو پشتگوێیخستوون. دەڵێت گۆڕان پێگەی ئەوانی بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن ئیستغلالکردووە.**

**دەستوور:** ماوەیەک بەر لەئێستا بەڕێز شێخ مادیح هەڵبژێردرا بەڕێبەری تەریقەتی نەقشبەندی، ئێوە وەک بنەماڵەی شێخان ئەمە چۆن دەبینن. ئایا پرستان پێکراوەو بۆچوونتان وەرگیراوە؟

**شێخ عەبدولڕەحمان:** دیاریکردنی دکتۆر مادیح بەجێنشینی باوکی یان بەهەرشێوەیەک لەشێوەکانی نەقشبەندی ئێمە ناگرێتەوە، چونکە ئێمە ڕێوشوێنو تەریقەتی بنەماڵەی خۆمان جیایە، تەریقەتەکەمان یەک تەریقەتە، بەڵام کاری خانەقاو ئیرشادو بەڕێوەبردنی موڵکەکانی خانەقاکانو موریدو مەنسوبی خۆمان جیایە، هەر لەسەردەمی شێخ عومەری بیارەوە تاسەردەمی شێخ عەلادینو شێخ حیسامەدین، خانەقاو مەدرەسەو موریدو مەنسوب هەر کەسەو ڕووی لەمورشیدی خۆیکرد، ئەو جێنشینییەی کەبۆی دانراوە شایستەی ئەوە، چونکە شێخ عوسمان دوو کوڕی ماوە شێخ مادیح کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتیو سیاسیو دیبلۆماتی جیهانییە، ئەگەرچی لەکاتی وەفاتیدا شێخ عوسمان ئاماژەی بەهیچ کام لەکوڕەکانی نەکردووە کەببنە جێنشینی، چونکە تەنانەت کوڕەکانی لەقورئان خوێندنیش نازانن، نوێژیشیان لەوانەیە نیوەو ناتەواوبێت، لەڕێبازی نەقشبەندیدا دیاریکردنی جێنشینی لەلایەن باوکەوە نەبووەو نییە، کاتێک شێخ عوسمانی تەوێڵە لەدنیادا بوو شێخ بەهادینی کوڕی زاناترین کەس بوو، بۆیە بەشێوەیەکی خۆڕسک جێگەکەی گرتەوە، بەشێوەی جێنشینی نەبووە، لەتەریقەتی نەقشبەندیدا دوو شت هەیە نابێت پەیڕەوییان لێبکرێت، یەکەمیان دیاریکردنی جێنشینی، واتە کوڕ بچێتە شوێنی باوکی، دووەمیش ئەوەیە شەجەرە واتە کەسێک بڵێت من لەبەرئەوەی بنەماڵەی شێخم ئیتر واز لەعیبادات بهێنێتو پاڵی لێبداتەوە، هەموو ئەمانە لەسەر ئایەتی (ان اکرمکم عنداللە اتقاکم) وەستاوە، جێنشینی نییە مەگەر بەشێوەیەکی عەشایەری لەلایەن بنەماڵەوە بکرێتە جێنشین. دکتۆر مادیحیش پەیوەندی بەبنەماڵەی شێخ حیسامەدینەوە نییەو هیچ کارناکاتە سەرئێمە، ڕێبەری ئێمە نییە ڕێبەری بنەماڵەی خۆیەتی کەبنەماڵەی شێخ عومەری بیارەن.

> **نامەیەکم نووسی بۆ قادری حاجی عەلی گلەییەکەم ڕووبەڕووی ئەو کردەوە، چونکە زیاتر کاک قادر هاتووەتە ماڵمو ئەو دەناسم**

**دەستوور:** واتە ڕێبەری تەریقەتی نەقشبەندی نییە؟

**شێخ عەبدولڕەحمان:** نەخێر ڕێبەری تەریقەتی نەقشبەندی نییە، نەقشبەندی خێڵ نییە عەشیرەت نییە تا گەورەی هەبێت، نەقشبەندی دینە وەک مەزهەب وایە ڕێبازی خواپەرستیو عیرفانەو دەتوانێت ڕێبەری بنەماڵە شێخ عوسمان بێت.

**دەستوور:** دەوترێت شێخ عوسمان وەسیەتی کردووە، کەئەو هیچ کەس بۆ شوێنگرەوەی خۆی دیاری ناکات، ئایا دیاریکردنی شێخ مادیح پێچەوانەی ئەم وەسیەتە نییە؟

**شێخ عەبدولڕەحمان نەقشبەندی:** ئەو لەوەسیەتەکەیدا وتویەتی کەسێک بیەوێت تەمەسوک بکات، ئەوە مەلا عەبدوڵڵای کاتب لەسلێمانیەو شێخ مەولانای برای لەسنە کەهەردووکیان وەفاتیان کردووە.

دوعای کردووە بۆ ئەوەی کەیەکێک هەڵبکەوێت کە لەم بنەماڵەیە لەتەریقەتو شەریعەتدا شارەزاییان هەبێت جڵەوی تەریقەتەکە بگرنەدەست، بەڵام ئاماژەی بەکەس نەکردووە، لەتەریقەتدا ئەوە نییە جێگرەوە دیاریبکرێت ڕەنگە ئەو کەسەی کەدیاریبکرێت شارەزای لەشەریعەتو تەریقەتدا نەبێت، ئەو کەسەش خراپ بێتو تەریقەتەکەش بەلاڕێدا بەرێت وەکو ئەوەی لەڕەوتی حەقیەکاندا کێشە دروستبوو، بەتەفسیری ئایەتی (واعبدربک حتی یاتیک یقین) ئەوان دەستیان لەعیبادەت هەڵگرت لەسەر مەسەلەی ”حتی“ وازیان لەعیبادەت هێنا، ئەوەبوو زانایانیش فەتوای کافربوونیان بۆ دان.

**دەستوور:** واتە دانانی شێخ مادیح بەڕێبەرو جێگرەوە پێچەوانەی وەسیەتەکەی شێخ عوسمانە؟

**شێخ عەبدولڕەحمان نەقشبەندی:** خۆی دانانی پێچەوانەی بنەماکانی ڕێبازی نەقشبەندیە، چونکە لەسەرەتاوە لەئەبوبەکری سدیقەوە تادێتە سەر باپیری ئێمە شتی وانەبووەو جێنشین دانەنراوە، لەئیسلامدا جێنشین نییە، تەریقەتیش پەیڕەوی لەئیسلام دەکات، بۆ ئیشوکاری دنیایی دەتوانی دایبنێیت، بەڵام بۆ دین نابێت.

**دەستوور:** بۆچوونێک هەیە پێیوایە شێخ مادیح لەلایەن یەکێک لەحیزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستانەوە سەپێندراوە؟

**شێخ عەبدولڕەحمان نەقشبەندی:** من ئەوە باس ناکەم ئەوە دەبێتە شتێکی دەستدرێژی بۆ سەر ئیشوکاری ناوخۆی ئەوان، هەیە ئەو دەنگۆیە منیش بیستومە، بەڵام بۆم نییە لەوەدا تەداخول بکەم.

**دەستوور:** بۆچوونێک هەیە لەلایەن خەڵکیەوە، کەپێیوایە لەئێستادا لەلایەن چەند کەسێکی بنەماڵەی شێخانەوە مەقامو منەوەری ئەم بنەماڵەیە بۆ خۆدەوڵەمەندکردنو بازرگانیکردنو خۆبردنەپێشەوە بەکاردەهێنرێت.

**شێخ عەبدولڕەحمان نەقشبەندی:** بەڵێ



> **لەوە ناچێت دکتۆر مادیح شەریعەتی خوێندبێت**

منیش پێموایە ئێستا ئەو تەریقەتە وەکو فاکتەرێک بەکاردەهێنرێت بۆ چەند شتێک، لەوانە بۆ خۆدەرخستن لای دەسەڵات، بۆ خۆدەوڵەمەندکردن، بەدەستهێنانی پۆستی باڵا لەناو حیزبو حکومەتدا، تەریقەتیان کردووەتە ئامراز بۆ بەدەستهێنانی بودجەو پارەو پولو گیرفان پڕکردنو دروستکردنی فێلای گەورە، لەسەر بودجەی گشتی کەئەمە لەئەسڵدا حەرامە، ئێستاش ئەو پارەو سامانە بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆیانو خۆگەورەکردن بەسەر شێخەکانی تردا بەکاردەهێنن.

**دەستوور:** دەتەوێت بڵێیت کام نەوەی

> **لەکاتی وەفاتیدا شێخ عوسمان ئاماژەی بەهیچ کام لەکوڕەکانی نەکردووە کەببنە جێنشینی، چونکە تەنانەت کوڕەکانی لەقورئان خوێندنیش نازانن نوێژیشیان لەوانەیە نیوەو ناتەواوبێت**
>
> **دکتۆر مادیح پەیوەندی بەبنەماڵەی شێخ حیسامەدینەوە نییە، بۆیە ڕێبەری ئێمە نییە، ڕێبەری بنەماڵەی خۆیەتی کەبنەماڵەی شێخ عومەری بیارەن**

شێخەکانن کەتەریقەتیان بەو ڕێیەدا بردووە؟

**شێخ عەبدولڕەحمان نەقشبەندی:** لەلایەن خودی شێخەکانەوە یان وەکیلەکانیەوە، بەتایبەت وەکیلەکان شێخ هاندەدەن، لەلایەکی تریشەوە دەسەڵات ئەو شێخانە بەهێزدەکات بۆ بەربەرەکانیو سەرکوتکردنی حیزبە ئیسلامییەکان، بەڵام ببورە ناتوانم ناوی بنەماڵەو ناوی شێخەکانت پێبڵێم بەس ناوی یەک بەیەکیان دەزانم، مێژووی لەدایکبوونو ڕابردوویان دەزانم لەوانەیە ڕۆژێک لەڕۆژان ڕاپۆرتێک لەڕۆژنامەی ئەلیکترۆنیەوە دابەزێنم لەسەرئەوە، بەڵام چاوەڕێم ڕەتبدرێمەوە، ئەگەر ڕەتبدرێمەوە بەڵگەی بەهێزو دۆکیۆمێنتم هەیە شت دەخەمەڕوو.

**دەستوور:** پێگەی جەنابت لەئێستادا لەناوتەریقەتدا چییە، هەستناکەیت دژایەتی دەکرێیتو پشتگوێخراویت؟

**شێخ عەبدولڕەحمان نەقشبەندی:** لێرە وەکو خادمێکی خانەقای شێخ عوسمان خزمەتدەکەم کەشێخ عوسمان باپیری هەموو شێخەکانی هەورامانە، من لێرە خۆم وەکو خادمێک کاردەکەم نەک وەکو شێخێک، بەڵام کەخەڵکی بەمیوانی دێن بۆ ئێرە لەڕووی مێژوویيو کلتووریو فەرهەنگیو ڕۆشنبیرییەوە لەسەر تەریقەت زانیارییان دەدەمێو قسەیان بۆ دەکەم، تەریقەتی نەقشبەندی بەیەکگرتوویی نەماوە، بەنیسبەت بنەماڵەی شێخ حیسامەدین ئێستا شەش شێخمان هەیە، بنەماڵەی شێخ عوسمان، شێخ مادیحە کەئێستا هاتووەتە گۆڕەپانەکە خزمەتدەکات، ئینجا شێخ ناسیحی برایەتی، لەسنەش شێخ تاریقی کوڕی شێخ مەولانا ئەویش ڕۆڵی هەیە وەکو شێخێکی عەمامە بەسەرو ڕۆحی بێتو شەریعەتی تەواوکردبێتو بتوانێت ئیمامەت بۆ خەڵک بکاتو بتوانێت ئامۆژگاری خەڵک بکات.

بەڵام لەناو بنەماڵەی شێخ عوسماندا لەدکتۆر مادیح شارەزاتر نابینم لەڕووی کەسایەتییەوە، بەڵام لەڕووی توانای زانستییەوە شێخ تاریق باشترە.

بنەماڵەی ئێمە لەشەریعەتدا زیرەکینو خوێندومانە، بەڵام لەبنەماڵەی شێخ عوسمان نازانم دکتۆر مادیح ئاستی خوێندنی چەندە، بەڵام لەوە ناچێت شەریعەتی خوێندبێت، ئەوەمن بەبێ ترس ئەوە دەڵێم من قسەی خۆم بەڕاستی دەکەم، کەهیچ کام لەکوڕەکانی شێخ عوسمان قورئانیان ڕەوان نییە، ئیتر چۆن بتوانن شێخیەتی بکەن، خۆی دەبێت شێخ لەشەریعەتدا شارەزابێت.

**دەستوور:** لەهەڵبژاردنەکانی ٧/٢٥ زۆر بەگەرمی پشتیوانیتان لەبزووتنەوەی گۆڕان کرد، تاکو ئەوەی خەڵکیشتان هاندا بۆ دەنگدان بەم هێزە، دەکرێت بپرسین سەرچاوەی ئەم هەڵوێستەتان لەچییەوە هاتووە.

**شێخ عەبدولڕەحمان نەقشبەندی:** ئەوەندەی من ئەو ڕێبازو ڕەوتەی خۆم بناسم هەرلایەنێک هەرکەسایەتیەک ڕۆڵی ئۆپۆزیسیۆن ببینێتو بیەوێت بارودۆخی وڵاتەکەمانو گوزەرانی خەڵک بەرەو باشتر ببات، بادوژمنو نەیاری خۆم بێت، بەخەڵک دەڵێم دەنگی پێبدەن با منیشی نەوێت، چونکە بەرژەوەندی گشتی لەپێش بەرژەوەندی خۆمانەوەیە، ئێمە هەرگیز بەرژەوەندی خۆمان ناخەینە پێش بەرژەوەندی گشتییەوە، نەک گۆڕان هەر پارتێک باشتر لەگۆڕان بێتە کایەوە بەخەڵک دەڵێم دەنگ بەو بدەن، ئێمە وەکو هەورامییەکان حەزماندەکرد پارتێکمان هەبێت لەژێر چەتری ئەو پارتەدا کۆببینەوە، لایەنی ڕۆشنبیریو فەرهەنگی هەورامان زیندوبکەینەوە، کەزانیمان پێشنیازەکەمان قبوڵ ناکرێت، بۆیە ئێمە لەدیدی گۆڕاندا خۆمان دۆزییەوە، کەئێمە لەگۆڕانەوە دەتوانین یەک بگرینەوەو دەتوانین خواستو ئارەزووەکانمان بێنەدی، تاڕادەیەک لەسەرەتای بانگەشەکەوە گۆڕان هاوکاریکردین بەوەی کەپۆستەر

> **ئۆپۆزیسیۆنی جەماوەریو تەقینەوەی جەماوەری جیا لەگۆڕان لەئارادایە.**

بەزمانی هەورامی بڵاوکرانەوە، هەروەها وەکو خێر پێکردنێک هەواڵەکان لەکەناڵی کەی ئێن ئێنەوە لەدرەنگانێکی شەوەوە وەکو تێپەڕینێک وەکو ئەوەی کەسێک پەلەی بێتو بڵێت ناگەم بەتاقیکردنەوە بەپەلە سەردێڕی هەواڵەکان بەهەورامی دەخوێندرایەوە، پێمانخۆش بوو.

**دەستوور:** دوای ساڵێک لەتەمەنی بزووتنەوەی گۆڕان چەند پێتانوایە داخوازییەکانی ئێوەی بەدیهێنابێت کە لەپێناویدا چوونەناو ئەم هێزەوە؟.

**شێخ عەبدولڕەحمان نەقشبەندی:** لەسەرەتا باش بوو هەندێک جار لەوێ هەورامییەکان کۆدەبووینەوە، هەندێکجار لەماڵانداو هەندێکجاریش لەگردەکە، بەبۆنەی چالاکی گۆڕانو کۆکردنەوەی دەنگەوە ئێمە هەورامییەکان زۆر لەیەک نزیکبووینەوە، ئەگەرچی لەلایەن هەندێک لایەنیش بەسەختی دژایەتی دەکراین، کەچی لەکەی ئێن ئێنیش هەواڵی هەورامی لابرا، وابزانم یەکێک لەبەرپرسانی ڕاگەیاندنی کەی ئێن ئێن وتبووی، بەدەستی من بێت بادینانییەکەش ناهێڵم، ئێمە پێمانوایە ئەوە شۆڤێنیەتە، کەئەویش هۆشیارعەبدوڵڵا بووە.

من زانیاری باشم هەیە، چونکە ئێمە حیزب بوین چوینەتە ناو گۆڕانەوە، حیزبیش هەواڵگری هەیەو شت دەزانێت، ئێمە هیچ گلەییەکمان لەکاک ئارامو قادری حاجی عەلی نییە، ئەوان بەو شێویە نین، بەتەنها هۆشیار عەبدوڵڵایە کۆسپی خستە بەردەم هەواڵەکانو لایبردن.

ئێمە هەستمانکرد کراینە ئامرازێک بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن و فریودراینو دوای ئەوە وازیان لێ هێنایین. ئێستا ئێمە دورە پەرێزیو ساردییەکەمان پێوەدیارە وەکو هەورامییەکان دەرحەق بەگۆڕان، خۆشم دەم بەگلەیم، بەڵام ئیتر ئەمجارە هەوڵ نادەم بانگەشەبکەم بۆ گۆڕانو بەخەڵک بڵێم دەنگ بدەن بەگۆڕان، بەڵام خۆم هەردەنگ دەدەم بەگۆڕان هەتا گۆڕان لەسەرئەو بەرنامەیە بێتو ئۆپۆزیسیۆنێکی باشتر لەگۆڕان دێتەکایەوە، وابزانم هەیەو ئۆپۆزیسیۆنی جەماوەریو تەقینەوەی جەماوەری جیا لەگۆڕان لەئارادایە.

**دەستوور:** ئەو نامەیەی کە لەچەند ڕۆژی ڕابردوودا ئاراستەی نەوشیروان مستەفات کردووە، دەوترێت بەڕوونی لەنامەکەتدا باسکردووە کەئێوە گۆڕان نین؟

**شێخ عەبدولڕەحمان نەقشبەندی**: لەلایەن خۆمەوە ڕاستەوخۆ نامەم ئاڕاستە نەکردووە، بەڵام وەکیلم هەیە هاوکارم هەیە ئەوانەی کەهاوکاری منو ڕۆشنبیرو ئەکادیمین، پێیان دەڵێم کەدەتوانن لەجیاتی من نارەزایی دەرببڕنو لەسایتەکاندا شت بڵاوبکەنەوە، سنووریان بۆ دیاری ناکەم، بەس نامەیەکم نووسی بۆ قادری حاجی عەلی گلەییەکەم ڕووبەڕووی ئەو کردەوە، چونکە زیاتر کاک قادر هاتوەتەوە ماڵمو ئەو دەناسم.

# حکومەتی ئێران هەرەس دەهێنێت!

## دەستوور راپۆرتێکی بەراوردکاری لەبارەی توانا سەربازییەکانی ئێرانو ئەمریکا بڵاودەکاتەوە

هیوا سەلیمی

بەپێی زانیارییەکان توانا سەربازییەکانی سوپاکانی ئێران ناتوانێت وەڵامی بەهێزی هێرشی سوپای ئەمریکا بداتەوەو حکومەتەکەی دەڕووخێت، ئەگەر هێرش بکرێتە سەر وڵاتەکەی، بەڵام دەتوانێت سوپای ئەمریکا توشی قەیرانێکی هاوشێوە بکات کە لەئەفغانستانو عێراق رووبەڕوویبووەتەوە.

ناوەندەکانی هەواڵی جیهانی زیاتر جەخت لەئەگەرەکانی هێرشی سەربازی ئەمریکا بۆ سەر ئێران دەکەنەوە، توانای سەربازی ئەمریکا ئاشکران، ئەزموونی جەنگەکانی رابردووی بەتایبەت لەناوچەکە کاریگەری توانای هێزە سەربازییەکانی دەردەخەن، لەبەرانبەردا توانا سەربازییەکانی ئێران دیار نین، بەڵام حکومەتی ئێران بانگەشە بۆ بەهێزبوونی توانا سەربازییەکانیو کاریگەری کاردانەوەکانی خۆی دەکات لەبەرانبەر هەر هێرشێک کەبکرێتە سەری.

دەستوور لەڕێگەی راپۆرتێکی بەراووردکارییەوە، توانا سەربازییەکانی هەر دوو وڵاتەکە دەخاتەڕوو، کەزانیارییەکانی سەبارەت بەئێران، بەزۆری لەهێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی ئێران لەدەرەوەی ئەو وڵاتەو چاپەمەنییەکان، بەتایبەت هی ئۆپۆزیسیۆنی ئەو وڵاتە وەرگیراون.

### سیستمی سەربازیو ژمارەی هێزە چەکدارەکانی ئێران

سیستمی سەربازی ئێران پێکهاتەیەکە لەدوو سوپای جیا، سوپای ئەرتەش کەهی سەردەمی حکومڕانی پاشایەتییە، ئەویتریشیان سوپای پاسداران، کەدەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی دوای شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ دایانمەزراند.

دوو رێکخراوی سەربازی فەرمی بەشێوازی سوپای کلاسیک، کەتەنیا لەوڵاتی ئێران دەبیندرێ، ئەم مەسەلە تایبەتمەندییەکی تاقانەی بەسیستمی سەربازی ئێران داوە.

ئەرکی ئەرتەشی ئێران بریتیە لەبەشداریکردن لەپرۆسەی بەرگریکردنی وڵات لەکاتی بەزاندنی سنوورەکان لەلایەن هێزە دەرەکییەکان، بەپێچەوانەوە سوپای پاسداران جیا لەم ئەرکە هاوبەشە، ئەرکی پارێزگاریکردن لەشۆڕشی ئیسلامی لەناوخۆی وڵاتیشی لەئەستۆدایە.

لەهەمانکاتدا "بەسیج" وەک ئۆرگانێکی میلیشیایی سەر بەسوپای پاسدارانە، ژمارەی ئەندامانی ئەم ئۆرگانە تێکەڵاوێکە لە ٦٠٠ کەتیبەی بەسیجی پیاو و ٢٠ کەتیبەی بەسیجی ژن، کەتێکڕا بەچەند ملیۆن کەس مەزندەدەکرێن.

سەرجەمی هێزە چەکدارەکانی ئێران جگە لەئەندامانی"بەسیج" لە ٥٤٥ هەزار چەکداری چالاک پێکهاتوون، بودجەی ساڵانەی سەربازی ئێران خۆ لەقەرەی ٧ملیار دۆلار دەدات.

بەپێی ئەو زانیارییانەی دەستوور لەحیزبە ئۆپۆزیسیۆنەکانی ئێرانەوە دەستیکەوتون، هێزە زەمینییەکانی ئەرتەشی ئێران بریتین لە ١٢ فەیلەقی سەربازی کەدابەشدەبن بەسەر ٥ فەیلەقی پیادە، ٢ فەیلەقی میکانیزە، ٣ فەیلەقی مودەرەعات، ١ فەیلەقی پشتیوانی ئاسمانی، ١ فەیلەقی هێزی تایبەتو هەروەها فەوجێکیتری سەربازی کەدابەشدەبێ بەسەر دوو لیوای مووشەکیو گواستنەوە.

هەروەها هێزە زەمینییەکانی سوپای پاسداران پێکهاتووە لە٢٠ فەوجو ٢٠ لیوای سەربازی. کەژمارەی هێزەکانی هەر فەوجێکی سەربازی سوپای پاسداران نیوەی فەوجەکانی ئەرتەشە.

زۆربەی بنکەو ناوەندە سەربازییەکانی ئەرتەش لەرۆژئاوای ئێران دامەزراون، بەڵام سوپای پاسداران بەشێوەیەکی یەکسان لەهەموو ناوچەکانی ئێراندا بڵاوبووەتەوە.

ئەرتەشی ئێرانو سوپای پاسداران لەژێر فەرمانی رابەری کۆماری ئیسلامی عەلی خامنەیدانو سەرۆک کۆماری ئێران یەکێک لەئەندامانی ١١ کەسی ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی ئێرانە. سەرجەمی کاروبارو پلانە سەربازییەکانی هێزە چەکدارەکانی ئێران لەرێگەی ناوەندێک بەناوی ستادی گشتییەوە بەڕێوەدەبرێت.

### چەکو تەقەمەنیە سەربازییەکانی هێزە زەمینییەکانی ئێران

چەکو تەقەمەنیە سەربازییەکانی ئێران بەئەرتەشو سوپای پاسدارانەوە رەنگاڵەیەکە لەچەکی بەرهەمهاتووی ئەمریکی—بەریتانی بەجێماو لەسەردەمی حکومەتی پێشووی ئێران، چەکی کرداوی چینی بەجێماو لەسەردەمی شەڕی ئێران—عێراقو کەلوپەلی سەربازی رووسی کە لەکۆریای باکوورو سوریاو لیبیا وەرگیراوە، یان بەشێوەی راستەوخۆ لەڕووسیا کڕدراوە.

بەپێی راپۆرتەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی، زۆربەی هەرە زۆری چەکو تەقەمەنیە سەربازییەکانی ئێران کۆنن، بەشێکی بەرچاو لەچەکو تەقەمەنیە سەربازییە ئەمریکییە کۆنەکانی ئێران بەهۆی نەبوونی کەرەسەی پێویست بۆ نۆژەنکردنەوە لەکارکەوتوون.

بەپێی ئەو زانیارییانەی دەستوور دەستی کەوتوون، چەکو تەقەمەنیە سەربازییەکانی هێزی زەمینی و هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی بریتین لە: ١٦١٣ دەبابە، ٦٤٠ مودەرەعە (نەفەر هەڵگری سەربازی)، ٦١٠ ئۆتۆمبێلی سەربازی شەڕکەر، ٨١٩٦ تۆپخانەو ٣١١ کۆپتەر.

لەناو ئەم چەکو تەقەمەنیانە چەند جۆری باشتر هەن، ئەوانیش بریتین لە: ٤٨٠ دەبابەی "تی ـ ٧٢" کە لەساڵەکانی ٩٠ لەحکومەتی رووسیا کڕدراوە، هەروەها ٢٠٠ دەبابەی "چیفتەن"ی بەریتانی کە لەجەنگی ئێران – عێراقیشدا "رۆڵێکی کاریگەری" بینیووە.

باشترین جۆری کۆپتەرە هێرشبەرەکانی هێزە زەمینییەکانیش لەجۆری کوبرای ئەمریکییە کە بەپێی راپۆرتە جیاجیاکان کەدەست دەستوور کەوتوون، ٢٥ تا ٥٠ دانەی لەئێراندان. هەروەها ٢٥ کۆپتەری چەند کارەی "می ـ ٨"و "می ـ ١٧"و ٢٠ کۆپتەری گواستنەوەی "چی ـ ٤٧سی"ی ئەمریکی لەبەردەست هێزە چەکدارەکانی ئێرانە.

### توانا سەربازییەکانی هێزی ئاسمانی ئێران

بەپێی وتەی بەرپرسە سەربازییەکانی حیزبە ئۆپۆزیسیۆنەکانی ئێران، بەشێوەیەکی گشتی هێزی ئاسمانی ئێران پێشکەوتوو نییە، لەم نێوەدا هێزی ئاسمانی سوپای پاسداران لەهێزی ئاسمانی ئەرتەش کەمتواناترە.

هێزی ئاسمانی سوپای پاسدارانی ئێران لەکۆتاییەکانی ساڵی ١٩٨٦ دەستی بەکارکرد، لەساڵەکانی دوای جەنگی ئێران — عێراق بەکڕینی چەندین فڕۆکەی وەک "ئیلۆشین"و "سوخۆ" رەوتی بەهێزبوونی خۆی دەستپێکرد.

هێزی ئاسمانی سوپای پاسداران وەک بەکارهێنەری سەرەکی مووشەکی دوورهاوێژی "شەهابی ٣" ناسراوەو بنکەکانی ئەم هێزە لەچەندین شوێنی وەک تاران، مەشهەدو شیراز دامەزراوە.

هێزی ئاسمانی سوپای پاسداران بەفڕۆکەکانی جۆری "سی یو ـ ٢٥ "و "ئێف —٦"و "میگ ـ ١٩"و "پی سی ـ ٧ "تەیارەو کۆی فڕۆکە شەڕکەرەکانی ئەم هێزە خۆی لەنزیک بە ٣٠ فڕۆکە دەدات. زۆربەی فڕۆکەکانی سوپای پاسداران مۆدێلی کۆنو بەسەرچووی رووسینو بەشێکی زۆریان لەناوەندەکانی پیشەسازی سەربازی سوپای پاسداران نۆژەنکراونەتەوە.

بەڵام هێزی ئاسمانی ئەرتەش بەهێزترەو لەسێ فەرماندەیی باکوور، ناوەندو باشوورو چوار ناوچەی بەرگری ئاسمانی پێکهاتووە. بەهێزترین فڕۆکە شەڕکەرەکانی ئەم هێزە بریتیە لە ٢٥ تا ٣٠ فڕۆکەی بۆمب هەڵگری جۆری " سوخۆ ـ ٢٤"و ٣٠ تا ٣٥ فڕۆکەی شەڕکەری" میگ ـ ٢٩". بەشێک لەم فڕۆکانە لەکاتی جەنگی کەنداو لەعێراقەوە بۆ ئێران گوازراونەتەوەو ئەوانیتریش لەرووسیا کڕدراونەتەوە. ٢٥ تا ٦٥ فڕۆکەی شەڕکەری جۆری" ئێف ـ ١٤"ی ئەمریکی کە لەسەردەمی حکومەتی پاشایەتی کڕدراوە، بۆ پاسەوانی سەربازی بەکاردەهێنرێن. بەشێکیتری فڕۆکە شەڕکەرەکانی ئێران کە لەجۆرەکانی "میگ ـ ٢٣"و "میراژی ئێف ١"و...ن، بەکردەوە توانای چالاکی سەربازییان نییەو بەکارناهێنرێن. نزیکەی ١٠٠ فڕۆکەش بۆ گواستنەوە بەکاردەهێنرێن کەباشترینەکانی ١٠ فڕۆکەی جۆری "ئیل ـ ٧٦"و ٥ فڕۆکەی جۆری "بویینگ ـ ٧٤٧"ە.

### توانا سەربازییەکانی هێزی دەریاییو بەرگری موشەکی ئێران

بەپێی ئەو زانیارییانەی دەستوور، لەهێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی ئێران دەستی کەوتوون، توانای سەربازی دەریایی ئێران بەهێز نییە، ئەو کەرەسە جەنگییە نوێیانەشی کەبەردەوام باس لەدروستکردنی دەکرێ تەنیا کۆپیکراوی بەشێک لەمۆدێلە کۆنە رۆژئاواییەکانە.

توانا سەربازییەکانی هێزی دەریایی ئێران بریتیە لە ٦ ژێر دەریایی، ٥ ناوی شەڕکەرو ناوێکی بچوکی دەستکردی ئێران کە بە "جەماران" ناسراوەو باس لەوەدەکرێ کەناوێکی موشەک هاوێژە، بەڵام سەرچاوەکانی دەستوور دەڵێن لەراستیدا ئەم ناوە هەڵگری تۆپی "٧٥ئێم ئێم"ی ئیتاڵیو دوو سیستمی مووشەکی دووانەی "ئێس ـ ٨٠٢"ی چینیە. گرنگترینو بەهێزترین توانای سەربازی هێزە دەریاییەکانی ئێران خۆی لە ٣٢٠ بەلەمی تیژڕەودا دەبینێتەوە، کە بەپێی راپۆرتەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی ئەم بەلەمانە دەتوانن هەڕەشەیەکی جدی بۆ هەر پەلاماردەرێک بن.

توانای بەرگری مووشەکی ئێران بریتیە لە: ٣٠ سیستمی مووشەکی بەریتانی" راپیرا"، ١٥" تایگێر کەت"، ٤٥" ئێس ـ ٧٥"، ١٠ سیستمی"ئێس — ٢٠٠"ی رووسی، ١٥٠ "هاک"ی نۆژەنکراوی ئەمریکی، هەروەها ٢٩"تور"ی رووسی.

لەکۆی ئەم توانایە مووشەکییەی بەرگری ئێران تەنیا سیستمەکانی بەرگری مووشەکی"ئێس ـ ٢٠٠"ی رووسی توانایەکی بەهێزی بەرگریکردنی هەیە، ئەو جۆرە لەم مووشەکانەش کۆن بوونو لەرووبەڕووبوونەوە لەگەڵ توانا ئاسمانییە تازەکان کێشەیان هەیە. مووشەکی بەرگری "ئێس ـ ٧٥"یش لەریزی مۆدێلە کۆنەکانی جیهانەو وەڵامدەرەوەی پێداویستییە تایبەتییەکانی پەیوەندیدار بەم بەشەوە نییە.

بەپێی زانیارییەکانی سەرچاوەکانی دەستوور، فەرماندە سەربازییەکانی هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکان، گومان دەکەن، دەڵێن ئەگەرێکی بەهێزە کەئێران دەستی دابێتە بەرهەمهێنانی مووشەکی "ئێر ـ ١٧"ی رووسی کە لەرۆژئاوا پێی دەوترێ "ئێسکاد"، مووشەکی "شەهاب ـ ٣"ی دوورهاوێژیش لەخێزانی ئێسکادە. کەگومانی زۆرتر لەسەر ئەوەیە کەئێران خۆی بەم مووشەکە تەیارکردووە.

هەر بەپێی زانیارییەکانی سەرچاوەکانی دەستوور، ساڵانەی دوایی ئێران مووشەکی"دونفن ـ ١١و ١٥" ی لەچین کڕیوەو ئەم مووشەکانە دەتوانن مەسافەیەکی ٤٠٠ تا ٩٠٠ کیلۆمەتری بپیۆن.

### وێنەیەکی گشتیی لەتوانا سەربازییەکانی ئەمریکا

سوپای ئەمریکا بەبودجەیەکی ساڵانەی ٧١١ ملیار دۆلاریو هەروەها بەسودوەرگرتن لە ٢ملیۆنو نیو چەکدار (یەک ملیۆن لەم چەکدارانە بۆ کاتی پێویست بەکاردەهێنرین) وەک گەورەترین هێزی سەربازی جیهان پێناسە دەکرێ. کۆمەڵێک سەرچاوە باس لەوەدەکەن کە ژمارەی راستەقینەی چەکدارەکانی ئەمریکا ٤٦٠ هەزار سەربازە.

ناوەندی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا، چەکو تەقەمەنیە سەربازییەکانی ئەمریکای بەمشێوە دەستنیشانکردووە:

هێزی زەمینی: ٨٠٢٣ دەبابە، ٢١٢٤٢ مودەرەعە (نەفەر هەڵگری سەربازی)، ٦٧١٩ ئۆتۆمبێلی سەربازی شەڕکەر، ٨٠٤١ تۆپخانەو ٥٤٢٥ کۆپتەر.

هێزی ئاسمانی: ٣٥٣٨ فڕۆکەی شەڕکەر، ١٧٠ فڕۆکەی بۆمب هەڵگری دوورهاوێژ، ٨٨٣ فڕۆکەی گواستنەوە، ١٥٩ فڕۆکەی سیخوڕی، ١٩٧ فڕۆکەی پاسەوانی کەناری دەریا، ٥٨ فڕۆکەی دژی ژێردەریایی، ٥٣ فڕۆکەی وەڵامدەرەوەی خێرا.

هێزی دەریایی: ٧١ ژێردەریایی، ١٠٦ ناوی شەڕکەر، ١٥٧ قایەقی تیژڕەو و چەندین چەکی دیکەی دەریایی.

بەپێی راپۆرتی میدیاکان، سوپای ئەمریکا خاوەندارییەتی بەهێزترین سیستمی مووشەکیو قەڵغانی دژە مووشەکی جیهان دەکاتو پێشکەوتووترین جۆرەکانی مووشەک بەرادەیەکی بەرفراوان لەدەست ئەمریکادایە، هاوکات سوپای ئەمریکا ٥٤٠٠ کڵاوەی ئەتۆمی هەیە کە ٤٠٧٥ دانەیان ئامادەی تەقاندنن.

بەپێی راپۆرتە جیاجیاکانی میدیاکان، سوپای ئەمریکا لە١٣٠ وڵاتی جیهان بنکەی سەربازی هەیە، بەشێکی بەرچاو لەم بنکە سەربازییانە لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستن. ناوەندی لێکۆڵینەوە سەربازییەکانی "کەنەدی"، لەراپۆرتێکدا ئاماژە بەوە دەدات کەزیاتر لە ٢٠٠ هەزار چەکداری ئەمریکی لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدان، بەشێک لەگرنگترین بنکە سەربازییە ئەمریکا لەناوچەکە بریتین لە: بنکەی ئاسمانی "ئەلعەدید" لەقەتەر، بنکەی دەریایی لەبەحرەین، بنکەیەکی ئاسمانی لەدورگەی "میر"ی عەمانو بنکەیەکیتر بەناوی "کەمپی جاسمیکی"، کەمپی سەربازی "عارف جان"و کەمپی"بوهرینگ" لەکوەیت، بنکە سەربازییەکانی ئەمریکا لەسعودییە، یەکەی تایبەتی سوپای ئەمریکا لەئەردەن، بنکەی ئاسمانی ئەنجەرلیک لەتورکیا، بنکەی ئاسمانی "بگرام" و بنکەی سەربازی ١٠ هەزار سەربازی "هۆلانگ" لە ٤٠ کیلۆمەتری سنووری ئێران لەئەفغانستان، بنکەی ئاسمانی لەنزیک شاری باکۆی ئازەربایجان، بنکەی سەربازی "خان ئاباد"ی ئوزبەکستان، فڕۆکەخانەی "ماناس"ی قرغیزستان، چەندین بنکەی سەربازی لەعێراقو هەروەها یەکێک لەگرنگترین بنکە سەربازییەکانی ئاسمانیو دەریایی سوپای ئەمریکا لە"دیەگۆ گارسیا" لەئاوەکانی ئۆقیانووسی هیندی. فڕۆکە ناسراو و ستراتژیکەکانی"بی ٥٢"، "بی١"و "بی ٢" لەم بنکە سەربازیەدان. کەشتییە فڕۆکە هەڵگرەکانو کەشتییەکانی تەیار بەمووشەکی "کرۆز"و "توماهۆک"یش لەم بنکەدا دابەستراون.

### لەشەڕدا کێ دەیباتەوە؟

بەڕای چاودێرانی سەربازیو سیاسی توانا سەربازییەکانی ئێران لەگەڵ ئەمریکا بەراورد ناکرێت، لەکارخستنی توانا سەربازییەکانی ئێرانو رووخانی حکومەتی ئەو وڵاتە کارێکی گران نابێت بۆ سوپای ئەمریکا. وەک لەئەفغانستانو عێراق روویدا.

بەڵام شارەزایانی سیاسەتی کۆماری ئیسلامی ئێران، دەڵێن خاڵی بەهێزی ئێران توانا مرۆییەکانی هێزە زەمینیەکانو هەروەها وروژاندنی تاقمو گروپە چەکدارەکانی لایەنگری ئێران لەناوچەکەیە. ئەم گروپە چەکدارانە دەتوانن ببنە هەڕەشە بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لەناوچەکەو ناوچەکە تووشی ئاڵۆزیو قەیرانێکی نوێ بکاتەوە.

چاودێرانی سیاسی دەڵێن، هەرچەندە سوپای ئەمریکا لەئەفغانستانو عێراق بەرەوڕووی کێشەو گرفتی جدییە، بەڵام ئەمە بەو مانا نییە کەئەم گرفتو کێشانە دەتوانێ بێتە بەربەست بۆ لێدانی گورزی سەربازی لەئێران.



توانا سەربازییەکانی ئێران لەبەرانبەر لەشکری بەرفراوانی ئەمریکا خۆی ناگرێ و هەرەسدەهێنێت

# مەڕوان حەمە خورشید:
# لەسەر داوای ئەڤین خان چوومە کەناڵ چوار

موحسین یاسین

مەڕوان حەمە خورشید گۆرانیبێژی ئایینی، دوای بێدەنگییەکی زۆر بەسێ بەرهەم دەگەڕێتەوە، کەهەرسێ بەرهەمەکە لەلایەن کەناڵ چوارو کۆڕەک تیلیکۆمەوە کاری بۆ کراوە.

مەڕوان لەچاوپێکەوتنێکی دەستووردا وتی "چوونم بۆ کەناڵ چوار لەسەر خواستی ئەڤین خان بوو، خۆشم حەزدەکەم گۆرانییەکانم بەکوالێتی بەرزترو کلیپی جوانترەوە دەربکەون".

مەروان لەسەر بێدەنگی خۆی وتی "من پێشتر چەندین گۆرانیم تۆمارکردووە، کەسەرجەمیان بابەتی ئایینیو نیشتمانین، بەڵام ئەو بەرهەمانەی رابردوو تاکە تاک بڵاومکردوونەتەوە، دەتوانم بڵێم بە بەرهەمێکی وائەژمارناکرێت کەکارێکی هونەری بێ کەموکوڕیم پێشکەش کردبێ، بەڵام چەندین ساڵە من چاوەڕێم کردووە کەباشترین کلیپ لەیەکێک لەکەناڵە کوردییەکاندا بکەم، کە لەئاستێکی باشدا بێتو کوالیتیەکی جوانو باشی هەبێت".

هەروەها وتی "دەمەوێت زۆرترین بینەر بەرهەمەکانم ببینن، زیاتر ویستی من ئەوەبوو کە لەکەناڵە کوردییەکان وەکو هەموو کەناڵە لۆکاڵییەکانو ئاسمانییەکان پێمخۆشبوو ئەمجارە بەشێوازێکی تر لەکەناڵێکی نوێی کوردی دەرکەوم کەئەویش کەناڵ چوارو کۆڕەک تیلیکۆمە".

لەبارەی چۆنیەتی چوونی بۆ ئەو کەناڵە، مەڕوان وتی "لەسەر بانگهێشتی خودی ئەڤین خان وەک داوەتێک کەبەرهەمی تازەی ئاینیم کلیپبکەم بۆ ئەم کەناڵە، منیش سێ بەرهەمی ئاینم هەڵبژاردو کلیپم بۆ ئەنجامدا، یەکەم بەرهەمیش بەسەر مانگی پیرۆزی رەمەزانە بەناوی یوسفی نێو دوانزە برا، تێکستی عوسمان سەنگاوییەو ئاوازی خۆمەو دابەشکردنو ئامادەکردنی میوزیک لەلایەن هێمن حوسێن ئەنجامدراوە".

ئەو گۆرانییە لەلایەن ژەنیاران هەڵبەست سەلاحو سەید ئەحمەد رواندزیو گۆران جەماڵەوە کاری بۆ کراوە، رێبین جەمالیش کاری ژەنینی کلارنێتی بۆ ئەنجامداوە.

مەڕوان وتی "تۆمارکردنی دوو بەرهەمم لەستۆدیۆی میلۆدی لەشاری هەولێر ئەنجامداوەو لەلایەن ئەندازیاری دەنگ ئاکۆ عومەر ئەنجامدراوە، دووەم بەرهەمم سەڵاوات لەسەر پێغەمبەر (د.خ) لەسەر دەبێتو ئاوازی خۆمەو تێکستی گۆران عەباسە، سێیەم بەرهەمیشم بەناوی پەشیمانی لەشیعری شاعیری گەورەی کورد حەمدیە، ئاوازی هونەرمەند دیاری قەرەداغیو کاری مۆزیکو تۆمارکردنی ئەم بەرهەمە لەلایەن توانا فەرەجو ئارا ئەحمەدەوە بۆ ئەنجامدراوە".

سەبارەت بەوەی کە لەکەناڵەکانی کۆڕەکو کەناڵ چوار، بەرهەمە ئاینییەکانی دادەبەزێت، مەڕوان وتی "خۆشحاڵم کەتەنها کاری دینی لەکەناڵە ئاینییەکان نییە با لەکەناڵی غەیری ئاینەکانی نیشانبدرێتو بوونی هەبێت، ئەم گۆرانییە ئاینیانە ببێتە مۆدێرن ببێتە کارێک کەهونەری ئیسلامی هونەرێکی جوانو زیندووە، لەناو هونەری کوردی لەدێر زەمانەوە هەبووە".

مەڕوان لەبارەی توڕەبوونی لەکەناڵی سپیدەو یەکگرتووی ئیسلامی وتی "سەرەتا لەکەناڵی یەکگرتوو دواتر لەسپێدە دەرکەوتم، بەڵام دەرنەکەوتنم لەم ماوەیەی دوایدا پرسیار دروستدەکات، دەتوانم بڵێم بەشێک لەگلەییەکان دەنێرم بۆ کەناڵی ئاسمانی سپێدەو یەکگرتووی ئیسلامی، چونکە تائێستا بەفەرمی لەلایەن ئەو کەناڵەی حیزبی یەکگرتووی ئیسلامی بانگهێشت نەکراوم، بۆ ئەوەی کەکلیپێکی کوالێتی بەرزو باش و سەردەمیانەم بۆ ئەنجامبدەن".

هەروەها وتی "من خزمەتێکی زیاترم بەکەناڵەکانی یەکگرتوو کرد، لەمارشی برایەتییەوە تاکۆتایی مارشەکە کەمن وتوومە لەگەڵ ئەوەش کەمترین خزمەتی بەمن کردووە، ئەوە لەئەوان دەپرسمو هیوادارم ئەم کەناڵە وەڵاممبدەنەوە".



# تارا رەسوڵ دەگەڕێتەوە بۆ رێبازی ئیمان

موحسین یاسین



خانمە هونەرمەندی گۆرانیبێژ تارا رەسوڵ، لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور ئاشکرایکرد کەدوو گۆرانی کلیپکرد، کەیەکێک لەگۆرانییەکانی سروودێکی ئاینییە بەناوی (رێبازی ئیمان)و ئەوەی تریش بەناوی تا مردن.

گۆرانی رێبازی ئیمان تێکستەکەی هی نەجم هۆگرەو میلۆدی ئیبراهیم سابیرو کاری تۆمارکردنو میوزیکی سەفین خەراجیانی ئەنجامیداوە. هەروەها لەلایەن ستافێکی هونەرییەوە کاری هونەریو وێنەگرتنی بۆ ئەنجامدراوە. کەچەند رۆژێکە بەهۆی هاتنی مانگی رەمەزانەوە پەخشدەکرێت.

(تامردن)ی تارا رەسوڵ تێکستی رێدار سابیرو میلۆدیو میوزیکی حەسەن غەفورەو tv گەلی کوردستان کەناڵی سلێمانی کاری کلیپی بۆ ئەنجامداوەو کاری وێنەگرتنی تەواوبووەو ئێستا لەقۆناغی مۆنتاژدایە.

# هەڵەبجە فێستیڤاڵێکی فیلمی دۆکیۆمێنتی دەگرێتە باوەش

ژەنیار لەهەولێر:

بڕیاروایە لەمانگی ئەیلولی داهاتوو، بەڕێوەبەرایەتی سینەمای سلێمانی سەر بەوەزارەتی رۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەهاوکاری شارەوانی شارۆچکەی هەڵەبجە، خولی یەکەمی فێستیڤاڵی فیلمی دۆکیۆمێنتی کوردی سازبکات.

ئازاد سەوزە بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی سینەمای سلێمانی، لەلێدوانێکی تایبەت بەدەستووری وت "وەکو بەڕێوەبەرایەتی گشتی سینەمای سلێمانی بەهاوکاری شارەوانی هەڵەبجە، لەخۆئامادەکردنداین بۆ سازکردنی خولی یەکەمی فێستیڤاڵی فیلمی دۆکیۆمێنتی کوردی لەهەڵەبجە".

بڕیاروایە ئەو فێستیڤاڵە لە ٢٠ ئەیلولی داهاتوو بە بەشداری فیلمی کوردیو بیانی بەڕێوەبچێتو فیلمەکان لەبارەی ئەو نەهامەتیانەن کەبەسەر کورددا هاتوون.

فێستیڤاڵەکە لەدوو بەش پێکهاتووە یەکەمیان بەشی پێشبڕکێی فەرمییەو بەشی دووەمی بۆ نمایشکردنی فیلمە.

لەبارەی خەڵاتی فێستیڤاڵەوە، ئازاد وتی "خەڵاتی فێستیڤاڵ لەهەنارو مۆنۆمێنتی هەڵەبجەو عومەری خاوەر پێکهاتووە وەک هێمایەک بۆ شاری هەڵەبجەو کیمیابارانکردنی ئەو شارە، بڕیاروایە لەپێنج بواردا خەڵات پێشکەشبکرێن".

بەڕێوەبەرایەتی سینەمای سلێمانی چەند مەرجێکی بۆ بەشداریکردن لەفێستیڤاڵدا دیاریکردووە، ئەویش ئەم مەرجانەن، بۆ بینینی فیلمەکان لەلایەن ئەندامانی لیژنەی هەڵبژاردنی فێستیڤاڵەوە دەبێت هەر فیلمێک لەسەر "دی ڤی دی"یەک DVD و هەروەها لەسەر "مینی دی ڤی" لەگەڵ تەواوی ناسنامەی فیلمەکە بۆ فێستیڤاڵ بنێردرێت، کاتی فیلمەکان دەبێت لەسەرووی ٥ خولەکەوە بێت، فیلمەکان دەبێت بەرهەمی ساڵی ٢٠٠٧ بەولاوە بن، تەواوی فیلمەکان دەبێت بەزمانی کوردی بێت لەگەڵ ژێرنووسی ئینگلیزی.

بەڕێوەبەرایەتی سینەمای سلێمانی تائێستا چەند فێستیڤاڵێکی بۆ فیلم سازکردووە، لەوانەش فێستیڤاڵێک بۆ فیلمی کوردی درێژو فێستیڤاڵێک بۆ کورتە فیلمی کوردی.




**کاوڕ** (٢١ مارس - ٢٠ نیسان)

کەسێکی نامۆ رێگەی دەکەوێتە سەر رێگەتو دەبێتە مایەی بیرکردنەوەیەکی زۆرت. موفاجەئەی زۆری پێیە بۆت، بەڵام لەوانە نییە ئەو جۆرە شتانە تۆ دڵخۆش بکات. تەندروستیت لەیادمەکە.



**گا** (٢١ نیسان - ٢٠ ئایار)

شتێکی نائاسایی رووناداتو هەموو شتەکان وەک جاران دەچنە پێش. نە لەبارەی ژیانی کارو ژیانی خێزانیو شتێکی نوێ دێتە پێشیو نە بۆ ئەو کەسانەی سەڵتن هەلی خۆشەویستی دروستدەبێت.



**دووانە** (٢١ ئایار - ٢٠ حوزەیران)

ژیانێکی زۆر خۆش بەڕێ دەکەیتو جیاواز لەهەر تەمەنێکی دیکە وەک گەنج دەردەکەویت.هەروەک چۆن ئەو کەسانەی لەهەمان بورجی تۆن کەمتر هەست بەتێپەڕینی تەمەنو پیربوون دەکەن.



**قرژاڵ** (٢١ حوزەیران - ٢٢ تەموز)

کەمن ئەو کەسانەی هاوڕێیەکیان بۆ تەواوی ژیانیان هەیە، بەڵام تۆ لەوانەیت. لەبەر ئەوە پێویستە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانت لەبیر نەکەیت. هەمیشە چاوەڕێ مەبە ئەوان دەستپێشخەر بنو تۆ ببە.




**شێر** (٢٢ تەموز - ٢٢ ئاب)

ئەگەر لەگەڵ کێشەیەکدا رووبەڕووبوویتەوە، ئەوا راوێژ بەکەسێکی لەخۆت بەئەزموونتر بکە کەهەمان کێشەی هەبووبێت. دڵی خۆشەویستەکەت بەدیارییەک خۆشبکە، چونکە ئەو شایەنی زیاترە.



**فەریک** (٢٢ ئاب - ٢٢ ئەیلول)

هێندە شتەکان لەخۆت گەورە مەکەرەوەو دنیا زۆر لەوە فراوانترە کەتۆ بیری لێدەکەیتەوە. بەبیرکردنەوەی ژیرانە دەگەیتە ئەوەی هەستی رازیبوونت بەبارودۆخەکە تێدا دروستببێت.



**تەرازوو** (٢٢ ئەیلول - ٢٢ ت. یەکەم)

ئەم هەفتەیە لەو راستییە تێدەگەیت کەتۆ هەندێک جار رووپۆشت داناوەو رووی راستەقینەی خۆت دەرنەخستووە. لەبەر ئەوەی ویستووتە لەکەسێک بچیت، بەڵام ناتوانیو خۆت چۆنی وا دەردەکەویت.



**دوپشک** (٢٣ ت. یەکەم - ٢١ ت. دووەم)

ماوەیەکە بەباشی خۆت ماندوو دەکەیت، بەڵام بەدەرەنجامەکان قایل نیتو بەشایەنی ماندووبونەکەتی نازانی. پێویستە ئەوە بزانی تا ئەزموون نەکەیت کارەکانت باشترو بەرەوپێشتر ناچن.



**کەوان** (٢٢ ت. یەکەم - ٢٠ ک. یەکەم)

هەموو شتێک وەک ئەوە دەردەکەوێت کەدژی تۆ بێت، بەڵام بەو جۆرەش نییە کەخۆت بیرت لێدەکردەوە. بارودۆخەکان بەماوەیەک پێش ئێستا بەراوردبکەو تێدەگەیت لەوەی کەشتەکان دژت نین.




**گیسک** (٢١ ک. یەکەم - ١٩ ک. دووەم)

هەولدەدەیت شتێکی نوێو سەرنجڕاکێش لەژیانتدا رووبدات، بەڵام لەوە ناچێت شت لەو شێوەیە هەبێت لەم ماوەیەدا. لەڕووی خۆشەیستییەوە باشیتو پێویست ناکات لەگەڵ بەرانبەرکەتدا کەللەڕەق بیت.



**سەتڵ** (٢٠ ک. دووەم - ١٨ شوبات)

ئەم هەفتەیە هەندێکە کەسی نوێ دەناسیت، هەروەک تەواوی هەفتە گونجاوە بۆ ئەوەی بازنەی هاوڕێکانت فراوانبکەیت. هەینیو شەمەمە دوو خۆشترین رۆژی تۆن لەم هەفتەیەدا لەلایەنی خۆشەویستییەوە.



**نەهەنگ** (١٩ شوبات - ٢٠ ئازار)

هاوڕێیەتییەکانی ئەم ماوەیە دەیانبەستیت کورتخایەننو هەسارەکان بەوە ئامۆژگاریت دەکەن کەزۆر ئالودەیان نەبیت. چەند هەواڵێکی خۆشت لەکەسێکەوە پێدەگاتو دڵت خۆشدەبێت.



# بەتەمەنەکانی هەولێر واز لەیارییە کوردەوارییەکان ناهێنن

عەلی بانیشاری لەهەولێر

مام قانیعی تەمەن ٦١ ساڵ، هەموو ڕۆژێک لەپاڵ خانووەکانی گەڕەکی عارەبانی شاری هەولێر لەگەڵ هاوڕێ بەتەمەنەکانیدا ئەو یارییە دەستپێدەکەنەوە کەناوی دامەیەو ١٤ ساڵە خوی پێوەگرتووە.

ئێوارانی هەموو ڕۆژێک مام قانیع بە "ئاغایەک یان دووان" کۆتایی بەیارییەکەی دەهێنێت، بەڵام هەموو بەیانییەک بە "داشی سوار"ەوە دەستپێیدەکاتەوە.

دامە یارییەکی کۆنی کوردەوارییە، لە ١٦ بەردی سوورو سپی پێکهاتووەو ٨ بەردی سپی بۆ یاریکەرێکو ٨ بەردە سوورەکەی بۆ ئەوەی بەرامبەر لەچوارچێوەی ٦٤ خانەدا یارییەکە دەستپێدەکات، کامیان زۆرترین بەردیان بمێنێتەوە ئەوەیان دەبێتە براوەی یارییەکە.

مام قانیع وتی "ماوەی ١٤ ساڵە من خەریکی دامەکردنو سێڕسکێنم، تائێستاش یەکجار لەم یارییە بێزار نەبووم، هەر کەرۆژ هەڵهات لەبن ئەم دیوارانەدا دادەنیشینو کۆدەبینەوە بۆ یاریکردن".

مام قانیع بەردەوامدەبێت لەیارییەکەی لەپڕ ئەندامێکی خێزانەکەی بانگیدەکات بۆ خواردنی نانی نیوەڕۆ، بەڵام ئەو بەردەکان هەڵدەگرێتو خۆی بۆ یارییەکانی دوای نیوەڕۆ ئامادەدەکات.

خەڵکی شارەکانی کوردستان ئەنجامدانی ئەو یارییانە بەهەوڵدان بۆ پاراستنی کلتووری خۆیان دەزانن، ئەگەرچی زۆرجاریش ڕووبەڕووی توانجلێدان بوونەتەوە.

زۆرینـەی ئـەو کەسانەی لەبن دیوارەکاندا یاریدەکەن، بێ ئیشو کارو کاسبین. لەبەر بێزار نەبوون پەنا بۆ ئەو یاریانە دەبەنو دواتر خووی پێوەدەگرن.

مام قانع دەڵێت زۆرینەی بەساڵاچووانی هەولێر یارییە کۆنەکان دەزاننو چەندین ساڵە خەڵکی ئەو شارە خەریکی ئەو یارییانەن بەتایبەت لەوەرزی بەهارو هاویندا.

هەروەها وتی "سەدانجار لەلایەن خەڵکییەوە ڕووبـەڕووی توانج بوومەتەوە، بەڵام تائێستا بیرم لەوە نەکردووەتەوە واز لەم یارییە بهێنم".

بەساڵاچووانی هەولێر وەک نەریتێک کەبۆیان مـاوەتـەوە ڕۆژانـە خـۆیان بـەدامـەکردنو شەترەنجو سێڕسکێنەوە خەریککردووە، هەر کـۆڵانو چایخانەو پارکێکی هەولێر بگریت بەدەیان بەساڵاچوو خەریکی ئەو یارییانەن.

هەندێکجاریش بەهۆی ئارەزوییەکی زۆریان بۆ بـردنـەوەو سەرکەوتن لەیارییەکە کێشە لەنێوانیاندا دروستدەبێت.

زانـا بیلال تـوێـژەری کۆمەڵایەتی دەڵێت ئەگەر سەیری مێژوو و کلتووری نەوەکانی کورد بکرێت، هەست بەچەند شتێکی تایبەت دەکرێت کە تائێستاش بەردەوامییان هەیە.

وتی "هەرچەندە ئەو کلتوورە بۆ ناوچەیەکیتر عەیبە بێت، بەڵام بۆ خەڵکی شارەکە وانییەو ناتوانن واز لەو کلتوورەی خۆیان بهێنن".

زانـا وتـی "لـەکـوردەواریـدا یارییە کۆنەکان زۆرنو هەولێرو سلێمانیو دهۆک یاری تایبەتی خۆیان هەیە، با بۆ نەوەکانی ئەم سەردەمەش نەگونجێتو ناشیرن بێت، بەڵام لێرەو لەوێ ئەم یارییانە سەر هەڵدەدەنەوەو لەناوناچنو هەموو نەتەوەکانی جیهان شانازی بەیارییە کۆنەکانی خۆیانەوە دەکەن".

بـەهـۆی کـردنـەوەی پارکێکی تایبەت بۆ فەرمانبەرە خانەنشینکراوەکان، کۆبوونەوەو یەکتربینینی بەتەمەنەکان لەو شارەدا ئاسان بووە، کە لەدوو ساڵی ڕابـردوودا پارێزگاری هەولێر بڕیاریدا ئەو پارکە تایبەت بۆ ئەو بەتەمەنانە بکاتەوە.

مـام قانیع ئـامـاژەی بـەوەشـدا کەئێستا گەنجەکانیش فێری یارییەکە بوونو بەردەوام یاری دەکەن.

ڕەحـمـان مەحمود تـەمـەن ٥٦ سـاڵ، یەکێکی ترە لەو کەسانەیتر کەماوەیەکی زۆرە ئەویش ئەو یارییە دەکات، دەڵێت نـەک بـەڕۆژ بەشەویش ئەگەر میوانی نەبێت لەماڵەوە، ئـەوە چەند کەسێک لەماڵی یەکێکیان یان لەناو باخچەیەکدا لەکۆڵان کۆدەبنەوە بۆ یاریکردن.

لەماوەکانی ڕابـردوودا مامۆستایانی ئاینی لەشاری هەولێر، لەوتاری هەینیدا بەساڵاچووانیان ئـاگـادارکـردووەتـەوە واز لەو یارییە بهێنن، چونکە لەچەند ڕوویەکەوە زیانی هەیە وەک ناشیرینکردنی کلتووری هەولێرو کوشتنی کاتێکی زۆر بەیارییەکەوە.

بورهان محەمەد مامۆستای ئاینی پێیوایە ئەوەی ئێستا بەساڵاچووان بەناوی یاری کۆنەوە دەیکەن، بەهەموو شێوەیەک ناشیرینە، وتی "ناکرێت لەئاست ئەو کارەدا مامۆستایانی ئاینی بێدەنگبن".

بـورهـان وتـی "ئـێـمـە ئـەوان هۆشیاردەکەینەوە لەو کارە، چونکە ئەوە کارێکی خراپە".

هەروەها وتی "لەبڵندگۆی مزگەوتەکانەوە هەموو خەڵکی هەولێرو بەساڵاچووانیشمان ئاگادارکردووەتەوە ئەو یارییە حەرامە".

ئەو مامۆستایە داوایکرد ڕێگری لەو کارە بکرێت.

# قیست، جوڵەی بازاڕی شێواندووە!

## بەهۆی کەمی داهاتەوە، پەنا بردنەبەر قیست لەبەرزبوونەوەدایە

فەرمان ڕەشاد لەهەولێر

ڕێژەی خواستی کڕینی کەلوپەل بەشێوەی قیستی مانگانە لەهەرێمی کوردستاندا ڕووی لەزۆری کردووە، شارەزایانی بواری ئابووریش ڕەخنە لەو شێوازی قیستە دەگرنو بەجۆرێک لەقۆرخکاری دەزانن لەلایەن کۆمپانیاکانەوە.

بەهۆی دیاریکراوی داهاتی مانگانەی تاکەوە، تادێت بازاڕەکانی کوردستان زیاتر پڕدەبێت لەفرۆشتنی کەلوپەل بەشێوازی قیست، ئێستا جگە لەخانوو و شوقە، چەندین کۆمپانیای ئۆتۆمبێلو مۆبیلیاتو کەلوپەلی ناوماڵ، شێوازی قیست لەفرۆشتندا پەیڕەودەکەن.

نیاز محەمەد کەدوو مانگە خەریکی دانــەوەی قــەرزی ئۆتۆمبێلەکەیەتی، دەڵێت لەبەر ئەوەی بۆ کڕینی ئۆتۆمبێل پـارەی تــەواوی نـەبـووە، ناچاربووە بەقیستی مانگانە بیکڕێت.

ئەو ئێستا هەموو مانگێک ٣٠٠ دۆلار قەرزی ئۆتۆمبێلەکەی دەداتەوە.

نیاز دەڵێت بەهۆی کورتی ئەو مـاوەیـەی دەبـێـت قیستەکانی تێدا بداتەوە، ناچاربووە مەسروفی ڕۆژانە کەمبکاتەوە، وتی "ئێستا کەمتر بیر لەکڕینی کەلوپەلی ناوماڵ دەکەینەوە".

نیاز داوایکرد دانـەوەی قیستەکان بەشێوەیەکی لێبکرێت کاریگەری لەسەر داهاتی مانگانەی خێزان کەمتربێت.

هەندێک لەبازرگانان دەڵێن بەهۆی ئەوەی ناتوانن کەلوپەلەکانیان بەقیست بفرۆشن، کڕیاریان کەمتر بووەتەوە. چونکە هاووڵاتیان کەمتر دەتوانن بەکاش شتومەک بکڕن.

زیـاد عوسمان خاوەنی مۆبلیاتی سەفین، دەڵـێـت ئێستا هاووڵاتیان بەهۆی نەبوونی پارەی پێویستەوە، بۆ کڕینی پێداویستی پەنا بۆ ئەو شوێنانە دەبەن کە بەقیست کەلوپەل دەفرۆشن.

زیاد وتی "ئەگەر فرۆشتن بکەینە قیست، ڕێژەی کڕیارەکانمان دوو بەرانبەر زیـاددەبـێـت، بـەڵام بـەهـۆی نەبوونی سەرمایەی تەواو، نەماتوانیوە کەلوپەل بەشێوەی قیست بفرۆشین".

دیاری زەڕەنگەر دەڵێت بە بەراورد لەگەڵ پار خواست لەسەر کڕینی زێر کەمتر بووەتەوە، ئەگەرچی نرخی زێر گۆڕانکاری ئەوتۆی بەسەردا نەهاتووە.

پسپۆڕانی بـواری ئابووری دەڵێن شـێـوازی وەرگـرتـنـەوەی قیستەکان لەهەرێم بەپێی ستانداردە جیهانییەکان نییە، بەڵکو بازرگانەکان لەبەرژەوەندی خـۆیـان ئیستغلالی بـارودۆخـەکـەیـان کردووە.

شەماڵ نوری ئەندامی سەندیکای ئابووریناسان دەڵێت لەزۆربەی وڵاتاندا مەسەلەی قیست بەیاسا ڕێکخراوە، کەقیستێکی درێژخایەن دەبێت لەشەش ساڵ کەمتر نەبێت.

شەماڵ نوری پێیوایە ئەو شێوازە قیستەی هەرێم قۆرخکارییەو هەندێکی قیست نییە، تەنها هاوکارییە. وتی "پێویستە دانـەوەی قەرزەکە ماوەکەی درێژبێتو نەبێتە بارگرانییەکی زۆر لەسەر هاووڵاتیان لەکاتی دانەوەی قیستەکاندا".

بەشێک لەکۆمپانیاو بازرگانەکان، نرخی زیادە دەخەنە سەر کاڵاکان ئەگەر بەقیست بیفرۆشن. شەماڵ نوری وتی "ئەمە پێشێلکردنی مافی بەکاربەرە، کە بەهۆی نەبوونی یاسایەوە بۆ پاراستنی مافی بەکاربەر دروستبووە".

شەماڵ نوری بوونی یاسایەکی بۆ ڕێکخستنی فرۆشتن بەقیستو چۆنیەتی دانــەوەی بەپێویستییەکی هەنوکەیی دانا. تابەر بگرێت لەو "بێسەروبەرییەی ئێستا هەیە.

پسپۆڕانی بواری ئابووریو بازاڕ دەڵێن بەهۆی ئەو ناڕێکوپێکییەی لەپێدانی قیستو وەرگرتنەوەیدا هەیە، جوڵەی بازاڕ ئاسایی نییە، هاووڵاتیان لەپێناو دانەوەی قەرزەکانیان، ناچارن زۆربەی کەرتەکانی تری بـازاڕ فەرامۆشبکەنو پێداویستییەکانیان نەکڕن.

سەبارەت بەکاریگەری پەرەسەندنی قیست لەهەرێم ئەو شارەزایەی بواری ئـابـووری وتـی "جوڵەیەکی لەبازاڕ دروستکردووە، چونکە بەپێی داتا، داهاتی تـاک ساڵانە لەهەرێم ٤٢٠٠ دۆلار کە لەوڵاتێکی وەک سعودیە ٣٢٠٠٠ دۆلارە، بۆیە بەهۆی کەمی داهـات هاووڵاتیان ناچارن پەنا بۆ شێوازی قیست ببەنو کۆمپانیاکانیش بـۆ زۆرکـردنـی خـواسـت لـەسـەر بەرهەمەکانیان نـاچـارن پـەیـڕەوی شێوازی قیست بکەن".





# چەقۆ لەئاودا

ئا: سووسەن ئەبووبەکر

ناکرێ "چەقۆ لەئاودا"، بەبێ لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی سیاسیو کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمەی پۆڵەندا لێکبدەینەوە، ئەو سەردەمەی کەدەسەڵاتی زاڵی ئایدۆلۆژیایی کە لەوڵاتی دراوسێیەوە، واتە لەرووسیاوە بەمیرات پێی گەیشتبوو، ئەمەش وایکردبوو کەباوەڕێکی ئایدۆلۆژیایی بەسەر هەموو وڵاتدا زاڵبێت. لەوەها دۆخێکدا وەک زۆربەی زۆری دەسەڵاتە ئایدۆلۆژیاییو تاکڕەهەندییەکانی دونیا، وەها تەنگ بەهونەرمەندانو رووناکبیرانو بیرجیاوازان هەڵدەچنرا، کەناچاربن وڵات بەجێبهێڵن یان ئەوەی ملکەچی پڕووپاگەندەی دەسەڵاتداران بن . لەم نێوەدا پۆلانسکی هیچکام لەم دوو رێگایەی هەڵنەبژارد، بەڵکو لەوڵاتەکەی خۆیدا مایەوەو دەستیدایە کارکردنو لەسەر باوەڕەکانی خۆی پێداگری کرد. پۆلانسکی لەبەر ئەوەی ئاگاداری ئەزموونی تاڵی نازیسم بوو کەئاوێتەیەک بوو لەبیروباوەڕی سۆسیالیستیو ناسیۆنالیستی، بڕیاریدا لەسینەمادا دژ بەم جۆرە بۆچوونە هەڵوێستبگرێتو ئەم کارەشی کرد. ئەم رووبەڕووبوونەوەیە بوو بەهۆی ئازارێکی زۆر بۆ پۆلانسکی تائەو جێگایەی سەرەنجام وەک دوورخستنەوە دوورخرایەوە بۆ فەڕەنساو لەوێ نیشتەجێبوو. ئەم دوورخستنەوەیە یان بەشێوەیەکیتر بڵێین کۆچکردنە لەچەشنی دوورخستنەوە، هیچکات گەڕانەوەی بۆ نەبوو و لەو کاتەوە کەناچاربووە وڵات بەجێبهێڵێت هیچ فیلمێکی لەپۆڵەندا بەرهەم نەهێناوە. ئەم ئاوارە ئەوروپایی ئەمریکاییە کەفیلمەکانی خۆی لەوڵاتەکانی فەڕەنسا، ئیتاڵیا، بەریتانیاو ئەمریکا بەرهەمدەهێنێت، لەو سەردەمەدا کە لەپۆڵەندا بوو، ببوو بەچەقۆیەک کەدەیویست ئاو شەقکات، بەڵام بەداخەوە چەقۆ لەئاوی ئایدۆلۆژیادا هیچ نابڕێتو ئایدۆلۆژیاو دەسەڵاتی ئایدۆلۆژیکی توانای بڕینی لێ دەستێنێتەوە.

فیلمەکە بە بەلەمێکو سێ کەسایەتییەوە، رێگایەک دەگرێتەبەر، کە لەو سروشتەدا کۆمەڵگاو شارستانیەت کەوتوونەتە شەڕو ناکۆکی لەگەڵ یەکترو ئەم شتە پۆلانسکیو فیلمەکەی دەکات بەداستانێک بۆ دونیای بۆرژوازی. درامایەک کەکۆمۆنیسم نەفرەتی لێ دەکاتو بۆرژوازی لەباوەشی دەگرێت. فەرامۆش نەکەین چەقۆ لەئاودا بوو بەهۆی ئەوەی دەرهێنەرەکەی وڵات بەجێبهێڵێتو لەفێستیڤاڵی ئۆسکاردا پێشوازی لێ کرا.

ئەم کایە سیاسییە یاسایەکی هەبوو و پۆلانسکی کایەکەی وەها دارِشتبوو کەرۆژئاواییەکانو جەمسەری بۆرژوازی بەدڵیان بوو. بەمەشەوە گومان لەوەدا نییە چەقۆ لەئاودا فیلمێکی گرنگو جێگای سەرنجو تێڕامانە . لەباری فۆرمەوە، زۆر جوان رێکخراوە. دێکۆپاژی گونجاوی پۆلانسکیو رۆڵگێڕانی ئەکتەرەکانی بوو بەهۆی ئەوەی فیلمەکە فەزایەکی زۆر جوانو هونەرییانەی هەبێت. وێنەگر جێرسی لیمپەن جێگای پێداهەڵدانو ستایشە. بەگشتی فیلمەکە لەهەموو روویەکەوە فیلمێکی سەرکەوتوو و گونجاوە.

ئەو پیاوە گەنجەی کە لەدرێژایی فیلمەکە ناوی نایەت، نوێنەری بەرەیەکە روو بەداهاتوو و بێهیوا. ئەو پیاوە گەنجە هیچ ئامانجێکی نییەو خۆی داوەتە دەست قەزاو قەدەر. قەزا و قەدەرێک کە لەگەڵ ئاندرێو کریستینا ئاشنای دەکات. ئەمە سەرەتای بەسەرهاتی رووبەڕووبوونەوەی ئایدۆلۆژیا، ئایینو غەریزەیە. هەڵبەت غەریزە، نەک بەمانای حەزو خواستە ئینسانییەکان، بەڵکو لەپێگەی مەیلە سرووشتییەکاندا شتێک نییە کەبکرێت یاسایەکی بۆ دابڕێژیتو ملکەچی یاسایەکی دیاریکراوبێت. سروشت لەراستیدا رێگادەکاتەوە، ئاودزە دەکاتە ناو خۆڵەوەو رەگی گیاکان لەسەر بەرد سەوز دەبێت. سروشتی مرۆڤ شتێک نییە کە لەگەڵ دەورووبەری خۆیدا نەگونجێت، بەڵام سروشتێکی تورەیە. تورەیی سروشت لێرەدا بەچەقۆ شوبهێندراوە. ئەو شتەی خۆی لەخۆیدا شت دەبڕێت بێ ئەوەی خۆی خوازیاری بڕین بێت. لێرەدا چەمکی توندوتیژی وەک چۆن هێگل ئاماژەی پێدەدات، مانایەکی دیالکتیکی نییە، واتە بوونەوەرێک یان شتێکی خۆڕسکە، شتێک نییە کەسیفەت بێت بۆ شتێکیترو بدرێتە پاڵ شتێکیتر، بەڵکو شوناسێکە کەدروستکراوەو بووننااسانەیە. ئەم توندوتیژییە جیاوازە لەو پێناسەیەی نیچە بۆ توندوتیژی دەیکاتو ئەو توندوتیژییەش نییە کەمیشێل فۆکۆ باسی دەکات، شتێکی زاتیو دەروونییە. چەقۆ یان سروشت هەردووکیان بەیەک ئەندازە هێزی بڕینیان هەیەو هەردووکیان ئەو کاتەی پێویستبێت دەبڕنو درز یان قڵیشێک دروستدەکەن. پیاوە گەنجەکە کەکیشەی یەکەمی بێ شوناسییە (لەفیلمەکەدا ناوی نایەتو نازانرێ ناوی چییە) هاتووە کەسروشتی بێت، هاتووە چەقۆ بێت، بەڵام چ شتێکی دەستکرد هەیە کە لەناتۆرالیسمو سروشتگەرایی بەهێز ترە. ئەمە هیچ نییە جگە لەهێزی ئایدۆلۆژیا. ئەو دەستکردییەی کەهێز لەسروشت دەستێنێتەوە. ئاندرێ کەسێکی ئایدۆلۆگە (واتە لایەنگری ئایدۆلۆژیایە). لەلایەکی ترەوە، پۆلانسکی مەعنەوییەتو مینۆکیبوون بەشتێکی جیا لەسروشتی پیاوە گەنجەکە نازانێتو لەراستیدا پێوەندییەک لەنێوان سروشتو ئانتی تێزیەکەی، واتە میتافیزیکدا دەبیندرێ. ئەو پیاوە گەنجە قورساییەکی مەعنەوی بەشانی هەڵدەگرێت، مەعنەوییەتێک کەدوورە لەئایدۆلۆژیا، هیچ فەرمانو یاسایەکی تێدا نییە، تەنها بەسەرچاوەیەکی ئیلاهییەوە بەندە. ئەو ئایینە. کەسێکە وەک عیسا. مەسیحێکە کەپەڕجوو (موعجیزە)کانی خۆی لەبیرکردووەو کردوویانیە بەچەقۆ. رێکردن لەسەر ئاو لەلایەن پیاوە گەنجەکەوە ئاماژەیە بەپەڕجووەکانی عیسای مەسیح. لەشەڕێکی نێوان ئاندرێو پیاوە گەنجەکەدا، ئاندرێ چەقۆکەی لێدەشارێتەوەو سەرەنجام چەقۆکە دەکەوێتە ناو ئاوەکەوەو ونده‌بێت. ئەمە جۆرێک ئاماژەیە بەگۆڕانی مەزهەب لەلایەن ئایدۆلۆژیاوە، کە لەو کاتەدا ئەم فیلمە سازکرا، ئەو ئایدۆلۆژیایە هیچ نییە جگە لەمارکسیسمی سیاسی. لێرەدا جەخت لەسەر ئەوە دەکەینەوە ئەم باوەڕە سیاسییە هیچ پێوەندییەکی بەمارکسیسمی کلتووری یان کۆمەڵایەتییەوە نییە. پیاوە گەنجەکە بەجۆرێک کەسێکی ئایینییە. لەدیمەنێکدا پیاوەگەنجەکە وا لەسەر بەلەمەکە راکشاوە کەدیمەنی عیسای لەخاچدراو دێنێتەوە یاد. (جۆری راکشانی دەستو پێیو تەنافەکانی ژێرسەری) لە سەر بەلەمێک راکشاوە کەناوی (کریستینا) یەو دەزانین کریستینا، واتە مەسیحی. لەشوێنێکی تردا، پیاوە گەنجەکە ئاماژە بەوە دەدات کەبنەماڵەی نییەو تەنها باوکی هەیە، ئەمە ئاماژەیە بە "کوڕو باوک"، واتە خوداو مەسیح. دەکەڵو خێمەکان زۆر وەک خاچ دەچن، بەتایبەت لەو گۆشەنیگاوە کەلیمپەن وێنەی لێهڵگرتووە.

وەک ئەوەی هاتووە، گێڕانەوەکە ململانێیەکی لەنێوان مەزهەبو ئایینی راستەقینە کە لەدەروونی بەرەی بێ شوناسی ئەمڕییدا بوونی هەیەو هیچ بەهایەکی پێنەدراوە (پیاوە گەنجەکە)و ئایدۆلۆژیا (ئاندرێ)و لێرەشدا ئایینیکی جیاوازو پێشنیازکراو بوونی هەیە، کەسەرەنجام دەگەڕێتەوە بۆ سەر رەگەکەی خۆی. کریستینا نوێنەری ئەم جۆرە ئایینو مەزهەبەیە. ئەو ئاینیەی کەپۆلانسکی لەگەڵ ژن دەیشوبهێنێت، بوونەوەرێکی گرێدراو بەکەس یان لایەنی ترەوە، بەڵام جوان. ئاوێتەبوونی کریستیناو پیاوە گەنجەکە لەنەبوونی ئاندرێدا ئاماژەیەکی جوانە بەئاوێتەبوونی ئایینی پێشنیازکراو و ئایینی رەسەن لەلایەن بەرەی ئەمڕۆوە. ئەو شتەی کەدەبێ رووبدات نەک ئەوەی روویدابێت. پۆلانسکی هیچکات ئەوەندە هیوادار نەبووە بە بەرەو چاکبوونی هەلومەرجی ئێستای ئایدۆلۆژیاو ئایین. ئەم بێ باوەڕییەی پۆلانسکی، لەفیلمەکانی تریدا زیاتر رەنگدەداتەوە، تا ئەو شوێنەی کە بەتەواوی لەمرۆڤ هیوابڕاو دەبێت. فیلمەکانی منداڵی رۆز ماری، مانگی تارو کرێچی نمونەی دیاری ئەم جۆرە روانینەیە. بەڵام لایەنەکانی دژە کۆمۆنیستیو سۆسیالیستی فیلمەکە، کەبوو بەهۆی تووڕەیی دەوڵەتی پۆڵەنداو پێشوازی رۆژئاوا زۆرجار لەفیلمەکەدا جەختی لەسەر کراوەتەوەو گرنگی پێ دەدرێت. بەسەرنجدان بەکەسایەتی ئاندرێ، ئاندرێ بەکەسێکی تۆتالیتەرو ئایدۆلۆژیایی دەبینین. ئاندرێ کریستیناو بەلەمەکەو پیاوە گەنجەکە بەموڵکی خۆی دەزانێت، ئەو شتەی لەدەروونی کۆمۆنیسمدا شاراوەیە، دروشمی یەکسانیو دادپەروەری کۆمەڵایەتی تەنیا وەک ئامرازێک کەڵکی لێ وەرگیراوەو لەراستیدا ئایدۆلۆژیا قەڵایەکی پتەوە بۆ پارێزگاری لەدەسەڵاتو سەرمایەی کۆمەڵێک کەسی تایبەت. لەشوێنێکدا ئاندرێ لەوەڵامی پیاوە گەنجەکەدا کە بەلەمەکە بەموڵکی دەوڵەت دەزانێتو دەبێ بدرێت بەکرێ، دەڵێت ئەم بەلەمە موڵکی تایبەتی ئەوە. لێرەدا بەئاماژە بەخاوەنداریەتی تایبەتو سرشتی فرەخوازی خاوەنداریەتی تایبەت کە لەلایەن لیبرالیمەوە جەختی لەسەر دەکرێتەوەو جەوهەرەی سەرمایەدارییە پرسی جیاوازی چینایەتی لەکۆمەڵگایەکی ئایدۆلۆژییدا دەکەوێتە بەر رەخنە. ئاندرێ لەشوێنێکدا دەڵێت "ئەو کاتەی دوو کەس لەسەر بەلەمێکن یەکیان دەبێ بەخاوەنی بەلەمەکەو لێی دەخورێت."

لێرەدا پرسی جەماوەرو رێبەر دەردەکەوێ. لەهەموو ئایدۆلۆژیایەکدا رێبەرو پێڕەوکەر بەدیدەکرێت. ئاندرێ پیاوە گەنجەکە بەپێڕەوکەری خۆی دەزانێتو لەهەمانکاتدا بەشێوەیەکی تایبەت ژنەکە داگیردەکات. لەلایەکی ترەوە، وەرگرتنی ئایدۆلۆژیا بێ هیچ پرسیارکردنێکو رێگەدان بەجەماوەر بەوەی گومان بکەن، لەفیلمەکەدا دەردەکەوێ بەوەی کەئاندرێ ژیاننامەی خۆیو بەسەرهاتی دەگێڕتەوە. لەبیرەوەرییەکدا کەئاندرێ دەیگێڕێتەوە کەسێک هەیە کەهیچکات ئاندرێ نەیتوانیوە لەیاری قەڵەکەکاندا لێی بباتەوەو بەردەوام وەک ئولگوو و نمونەیەک باسی لێدەکات، بەم مانایە پرسی رێبەری شتێکە بەمیرات لەکەسێکەوە دەگوازرێتەوە بۆ کەسێکی ترو هەروها ماهییەتو زاتی تۆتالیتەرەکان بەم شێوەیە. لەسووچێک لەم بیرەوەرییەدا بەلاسایی رێبەرەکی داری چنار بەبی دەبینێتو تەنانەت رێگە نادات گومان بکات لەبینینی رێبەرەکەیو روانینو بۆچوونی خۆی بگۆڕێت. پۆلانسکی لێرەدا بەتوندی رەخنە لەئایدۆلۆژیا دەگرێتو بەشتێکی بێ ماناو پووچی دەزانێت.

ئەگەر ئاو بەسیمبۆلی غەریزە بزانین وەک ژمارەیەک لەرەخنەگران ئاماژەی پێ دەدەن، پیاوە گەنجەکەو ئاندرێ لەململانێیەکی سروشتیدان بۆ ئەوەی ببن بەخاوەنی ژنە. وەها لێکدانەوەیەک هەر چەن لەخۆیدا هەڵە نییە، بەڵام بەدڵنیاییەوە ناتەواو، لەبەر ئەوی هیما ئایینیو سیاسییەکانی فیلمەکە لەبەرچاو ناگیردرێت. خاڵێکیتر کەپێویستە ئاماژەی پێبدرێت کەڵکوەرگرتنە لەئایدۆلۆژیا وەک کاڵایەک. لەدیمەنێکدا ئاندرێ بەناسووسێک چووپێکی مەلە پڕدەکات لەبا کەچی پیاوە گەنجەکەیە ئەم کارە بە دەم دەکاتو بەدەم بای تێدەکات. ئەمە جگە لەوەی ئاماژەیە بەکەرەسە سالاری دەسەڵات، بەڵکو باس لەوە دەکات کەمەعنەوییەتو ژیانی مەعنەوی لەجیهانی ئەمڕۆییدا روو لەناوچووو توانەوەیە. دیمەنی کۆتایی ئەوپەڕی بێهیوایی پۆلانسکی دەخاتەروو. بێ هیواییو بێ باوەڕییەک کە لەکارەکانی پۆلانسکیدا رەنگیدایەوەو هەنوکەش هەر بەم شێوەیە. ئاندرێ لایوایە پیاوە گەنجەکە مردووە، لەراستیدا ئاندرێ مەعنەوییەتو ژیانی مەعنەوی بەشتێکی پێشێلکراو دەزانێت لەلایەن هێزی جەماوەرو ئایدۆلۆژیاوەو لەم بارەوە لەلایەن ژنەوە تاوانباردەکرێت. بەڵام لەراستیدا پیاوەگەنجەکە نەمردووە، ئایینی رەسەن زیندووەو بەشێوەیەکی شاراوە درێژە بەژیانی خۆی دەدات. ئاندرێ سەرەنجام دەست بەسەر ژنەدا دەگرێتو دەبێت بەخاوەنی ژنە. ئەو هەموو شتێکی هەیەو سەرەنجام براوەی یارییەکەیە. گومانی ئەو بەوەی خۆی بدات بەدەست پۆلیسەوەو هەڵبژاردنی رێگایەکی جیا لەیاسا کۆتایی فیلمەکەیە. لەراستیدا یاسا کەپێگەو کارکردی خۆی لەدەستداوە، شتێک نییە کەئاندرێ رێزی لێ بگرێت. یاسا، ئەو شتەیە کەئەو خۆی پێناسەی دەکات. یاسا بۆ ئەو شتێکە کە بەلەمەوان پێناسەی دەکاتو بەلەمەکە دەبێت بەرێگایەکدا بڕوات کە بەلەمەوان دەیەوێ. ئاندرێ کەهەموو کات کار بەپیاوە گەنجەکە دەکات، کەسێکی گشتخوازو یاسادارِێژە. ئەمە دەبێت بەهۆی ئەوەی لەکۆتایی فیلمەکەدا ئاندرێ بێ مبالات بێت بەرانبەر بەپۆلیس کەوەک نوێنەری یاسا دەردەکەوێتو بەدەستبەسەرداگرتنی هەموو شتێک رێگای خۆی بگرێتە بەر.

چەقۆ لەئاودا لەتێڕوانینێکی گشتیدا رەخنەیەکی توندە لەهەلومەرجی ئەو سەردەمەی پۆڵەنداو کۆمۆنیسمی. ئایدۆلۆژیایەک کەناتوانێت دان بەئاییندا بنێت . چەقۆ لەئاودا لەگەڵ ئەوەی فیلمێکی دژە سۆسیالیستییە باس لەشوناسی لەدەستچووی مرۆڤی ئەمڕۆیی دەکات. دوای ئەم فیلمە هیچکام لەفیلمەکانی پۆلانسکی بەم رادەیە لەباری سیاسییەوە قوڵ نەبوون، بەڵام هەموو دەم رەخنەی لەشوناسی لەدەستچووی مرۆڤەکان دەگرت بەهۆی دەسەڵاتە تۆتالیتەرەکانەوە. رەخنەیەکی تیژ، بەڵام وەک چەقۆیەک کەدەڕوات بەئاودا بێ کاریگەر. بەڵام لەسینەمادا وەها فیلمێک بێ وێنەو دەگمەنە.



# بــــەرەو کـــەنـــاری شـــپـــرزەیـــی

ن: مستەفا فاتح

١

سەفەرکردن بەردەوام یەکێک بووە لەخەونە گەورەکانی مرۆڤو هەموو دەم مرۆڤەکان عەودالّی دیتنی شوێنە تازەکان بوونو هەن. گۆڕینی شوێن لەمانا فیزیکییەکەیدا، واتە ڕۆیشتن لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکیترو لەمانا زەینییەکەیدا، واتە فڕێدانی کراسی کۆنو ئاشنابوون لەگەڵ شوێنو فەزاو کلتووری تر. مرۆڤ لەوەتی هەیە عەودالّی ئەم گەڕانانەیەو ئەفسانەو داستانە کۆنەکان پڕاوپڕن لەسەفەرەکان. لەڕاستیدا کەمتر ئەفسانەو حیکایەتو داستان دەبینین کە بەجۆرێک لەجۆرەکان سەفەر ڕەنگی تێدا نەدابێتەوە. سەفەرە دەریاییەکان. سەفەر بۆ ئاسمانو بڕینی حەوت نهۆمی ئاسمان. سەفەر بۆ ژێر زەوی. سەفەر بۆ شارە دوورو نەناسراوەکانو شەڕکردن لەم سەفەرانەدا لەگەڵ دێو. بڕینی حەوت خان لەچەشنی حەوت خانی ڕۆستەم، عاشق بوون بەکچێکو سەفەرکردنی دێوانە ئاسا بۆ گەیشتن بەو کچە، کەمن کێشبوونی شێخو پیرێک مەولەوی بەلخی ئاسا. ئەمانە هەمووی بەجۆرێک لەجۆرەکان سەفەرەو ئەو کەسەی سەفەری کردووە، بەردەوام بەشوێن گەیشتن بەشتێکەوە بووە کە لەشوێنەکەی خۆیدا نەبووە، لێرەدایە لایەنی ئەزموونو تاقیکاری سەفەر دەردەکەوێت. لەئەفسانەو حیکایەتە کۆنەکاندا زۆر گرنگی دراوە بەلایەنی تاقیکاری لەسەفەردا. سەفەر لەدەریاکانو کەوتنە داوی چەتە دەریاییەکان، کەوتنە داوی تۆفانو کەوتنە دورگەیەک لەچەشنی "زیندووی کوڕی نووستوو"، شەڕکردن لەگەڵ تۆفانو جرو جانەوەرە ترسناکەکانی زەریاو زۆر شتیتر ئەو لایەنە تاقیکارییەی سەفەر دەگرێتەوە کەپاش کۆتاییهاتن بەم سەفەرانە ئیتر ئەو کەسەی ئەو سەفەرانەی کردووە، ئیتر هەمان ئەو مرۆڤەی پێشتر نییە، لەبەر ئەوەی ئەو جیهانێکیترو دونیایەکی تری بینیووە، هەرچەن ئەو دونیایەش تەنها پانتای دەریاکان بێت، لەگەڵ زۆرشتدا ئاشنابووە کەپێشتر لەژیانی ئەودا نەبوون یان ڕەنگە بووبێتو نەیدیبێت، بەڵام سەفەر چاوی بەرەو ئەو شتانە کردبێتەوە کە لەشوێنی ژیانی خۆی هەنو هەستیان پێناکات. لەم ڕووەوە سەفەر تێڕوانینی ئێمە بۆ خۆمانو بۆ جیهانی دەورووبەری خۆمان دەگۆڕێت. دەکرێ بڵێین سەفەرکردن نیعمەتێکە دەکەوێتە بەردەم ئەو کەسەی کەدەبێت بەموسافیر (ڕێبوار).

٢

سەفەرنامەکان کەئەنجامی سەفەرەکانن وەک یەکێک لەژانرە ئەدەبییەکان، بەشێکی زۆری ئەدەبی نەتەوەو زمانە جیاوازەکانیان گرتووەتەوە. مەبەستی نووسەر لەنووسینی ئەم سەفەرنامانە گواستنەوەی ئەزموونێکی تاکەکەسییە بۆ ئەزموونێکی گشتی. واتە بەهاوبەش دانانی ئەزموونی تاکەکەسی خۆی لەگەڵ کەسانیترداو ئەو کەسانەی کەنەیانتوانیوەو بۆیان نەلواوە سەفەری لەو چەشنەی ئەوان بکەن. ڕیالیزم تایبەتمەندی سەرەکی سەفەرنامەکانە. نووسەر لەم سەفەرنامانەدا کەمتر پەنادەباتە بەر جۆرو ستایلە جیاوازەکانی گێڕانەوە. بەڵکو ئەو بەشێوەیەکی ڕیاڵ واقع دەیەوێ ئەزموونی تاکەکەسی خۆی لەسەفەرەکەیدا بگێڕێتەوە. چاوی ئەو وەک زوومی کامێرایەک ئیش دەکات، قەڵەمی ئەو، ئەو کاتەی خەریکە بەسەرهاتی سەفەرەکە دەگێڕێتەوە، ئەو شتە دەگێڕێتەوە کەزوومی کامیراکە (چاوی ڕێبوارەکە) بینویەتی. لەم جۆرە گێڕانەوەدا ئەوەندەی پشت بەواقعی ڕووداو، بەبینراوەکان دەبەسترێت پشت بەخەیاڵو فەنتازیاو توخمەکانیتر گێڕانەوە نابەسترێت. هەڵبەت ئەم یاسای ڕیالو واقعبوونە بۆ سەفەرە واقعییەکانە. کەلێرەشدا باس لەسەفەرنامە دەکەین مەبەست ئەو سەفەرانەیە بەڕاست ڕوویداوە، نەک سەفەرە خەیاڵیو فەنتازیاییەکان. وەک وترا بەشێکی زۆر لەمێژووی ئەدەبی جیهانی، بەتایبەت لەڕابردوودا ئەو کاتەی توانای سەفەرو گواستنەوەی ڕووداوەکان کەمتر بوو، تەرخانکراوە بەسەفەرنامەکان. لەم سەفەرنامانەدا جگە لەباری ئەدەبی نووسراوەکە، ئێمە کلتوورو باری جوگرافیاییو دیمۆگرافیو مێژووی ئەو ناوچەیەی سەفەری بۆکراوە لەو سەردەمەدا دەبینین. هەندێکجاریش ئەو کەسەی وەک ڕێبوار دەستی داوەتە نووسینی ئەنجامی سەفەرەکەی، دەستدەداتە بەراوردکردنی شوێنی ژیانی خۆی لەگەڵ ئەو شوێنەی سەفەری بۆ کردووە. لێرەدا دوو کلتوور یان چەند کلتوور دەبینین. ڕەنگە بکرێت یەکێک لەگرنگترین تایبەتمەندییەکانی ئەم چەشنە نووسینانە لەوەدا ببینین کەنووسەر خەریکە سەردەمێکی مێژوویی جوگرافیایەک یان چەند جوگرافیای تایبەتمان بۆ دەگێڕێتەوە. ئێمە لەڕێگای ئەم نووسینانەوە لەگەڵ ئەو سەردەمە مێژووییەو ڕووداوەکانی کاریگەر لەسەر ئەو سەردەمە مێژوویی ئاشنادەبین. لێرەدایە نووسەر بەشدارمان دەکات لەگەڵ ئەزموونێکی تاکەکەسی خۆیدا. ئێمە لەگەڵ خۆی بەناو دەریاو بیابانو شارو دارستانەکاندا دەباتو سەفەرمان پێدەکات. کەچی ڕەنگە هەر لەژوورەکەی خۆمان، نەچووبێتینە دەرەوە، بەڵام لەگەڵ نووسەردا دەکەوینە دڵەڕاوکەو لەگەڵ نووسەردا شەقامو بیابانو شاخو گیانلەبەرو کلتوورە جیاوازەکان دەبینین.

٣

"بــــەرەو کـــەنـــاری شـــپـــرزەیـــی" کتێبێکی نووسەرو چیرۆکنووسی ناودار "ڕەئووف بێگەرد"ە. ئێمە پێشتر ڕەئووف بێگەردمان وەک چیرۆکنووسێک ناسیووە کە بەکۆمەڵە چیرۆکەکانی "سەما" و "هەڵۆ" و.... بوو بەدەنگێکی ناسراوی چیرۆکی کوردی. ئەم بەرهەمەی ڕەئوف بێگەرد کەسەفەرنامەیەکە بۆ ئەوروپا، لەتارانەوە دەستپێدەکاتو نووسەر لەگێڕانەوەکەیدا سەر لەچەند وڵاتی ئەوروپایی وەک هۆڵەندا، ئەڵمانیا، دانیمارک، سوید دەدات. سەرەتا کەدەستدەکات بەگێڕانەوە، هەستدەکەیت لەگەڵ ڕۆمانێک ڕووبەڕووی نەک لەگەڵ سەفەرنامەیەکدا. نووسەر لەڕێگای ڕۆیشتن بۆ فڕۆکەخانە دەکەوێتە گفتوگۆ لەگەڵ شۆفێری تەکسییەک کەپێشتر خوێندکاری فەلسەفە بووەو لەسەردەمی جەنگی عیراق-ئێران وازی لەخوێندن هێناوەو چووەتە بەرەکانی جەنگەوە. جەنگ تەواوبووە، بەڵام هێشتا وێرانییەکانی جەنگ لەدەروونی ئەو شۆفێرەدا تەواو نەبووە. ئەو شۆفێرە ئێستاش دەنگی هاوسەنگەرەکەی کە لەگیانداندا ناوی کچێکی بردووە بە ناو "فەریبا" لەگوێیدا دەزرینگێتەوە. هێشتا تەرمی سووتاوی هاوڕێکانی خەوی لێ دەزڕێنێت. لەم بەشە لەگێڕانەوەدا زیاتر لەوەی وەک سەفەرنامەیەک بچێت وەک ڕۆمانێکی دژە جەنگ دەچێت کەوەک ڕەئوف بێگەرد خۆی ئاماژەی پێدەدات، گێڕانەوەکانی شۆفێرەکە دەیخاتەوە یادی کۆمەڵێک ڕۆماننوسی بەناوبانگ کەبەرهەمەکانیان باسکردنە لەئەزموونی جەنگو وێرانییەکانی جەنگو بەشێوەیەک دەکرێ بەڕۆمانی "دژە جەنگ" ناویان ببیەن. ئەو شۆفێرە ئێستا چەن بێزارە لەو جەنگەی کەتێیدا سەرباز بووەو ئێستا بەداخەوە لەوە دەڕوانێت کەبووە بەچیلکە بۆخۆشبوونی ئاگرێک. ئەو دەڵێت ئەو کات ئەوان بیریان لەوە نەدەکردەوە بۆ جەنگ دەکەن، ئەوەی بەلایانەوە گرنگ بوو ئەوە بوو کەبجەنگن، بەڵام ئەو کەسەی کەسەردەمانێک ئامادەبووە لەجەنگدا بکوژرێو تەنانەت بەشێک لەجەستەشی لەدەستداوە، لەجەنگ بێزارەو تەنانەت ئامادەش نەبووە هیچ پۆستێکی حوکمی وەربگرێت، بەڵکو ڕازییە بەوەی کەشۆفێری تەکسییەک بێت. ئەو شەوە بۆ ئەو شۆفێرە شەوێکی خۆش بووە لەبەر ئەوەی گوێیەکی پەیدا کردووە قسەکانی ببیستێتو گوێ لەڕازی نەوتراوەی چەند ساڵەی بگرێت. ئەم بەشە لەگێڕانەوەیەکی ڕەئوف بێگەرد زۆر جیاوازە لەبەشەکانیتر، هەندێ جار هەست دەکەیت ئەو تەکسییەو ئەو شۆفێرەو ئەو دیالۆگانە تەنها هەڵقوڵاوی زەینی خەیاڵئامێزی نووسەرن نەک وتووێژێکی ڕاستەقینەی نێوان دووکەس. لێرەدایە توانای چیرۆکنووسیی ڕەئوف بێگەرد یارمەتیدەر بووە بەوەی زیاتر وەک چیرۆک بچێت نەک وەک سەفەرنامە. لەمە بەدوای ئەم دەقە زیاتر ڕەنگو بۆی سەفەرنامە دەگرێتەخۆ. هەر لەدڵەڕاوکەی نووسەرەوە بەوەی لەفڕۆکەخانە چی بکات تا ئاشنابوونی لەگەڵ بەهمەن قوبادی دەرهێنەری ناسراو و دڵخۆشبوونی بەوەی کەقوبادی بینیيەوە دەتوانێت یارمەتی بدات. تاجیابوونەوەی لەقوبادی لەفڕۆکەخانەی فرانکفۆرتو چاوەڕوانبوون بەوەی کەفڕۆکەکەی ئەوان بەرەو شوێنی مەبەستی ئەو، واتە هۆڵەندا بڕواتو دڵەڕاوکەی جێمان لەفڕۆکەو نەزانینی زمانی ئەو وڵاتە زۆر شتیتر تا گەیشتنی بەو وڵاتەو گێڕانەوەی سیستمی بۆرۆکراتیکی ئەو وڵاتە. وەرگرتنی جانتای سەفەرەکەی لەئەڵمانیاو پێدانەوەی جانتاکەی لەهۆڵەنداو دڵەڕاوکەی ئەوەی ئاخۆ ئەم جانتایە جانتاکەی خۆیەتی دەرخەری ئەو سیستمە بۆرۆکراتیکەیە. نووسەر ئەو کاتەی پێدەنێتە وڵاتانی ئەوروپایی زیاتر خەریکی گێڕانەوەی واقعی ئەوێیە. وەک ئەوەی جیهانی نامۆی ئەوێ بۆ ئەو ئەوەندە سەرسامی کردبێت کەکەمتر بچێتە ناو خەیاڵەوەو ئەو جیهانە واقعە بەخەیاڵ ببینێت. یەکگرتنەوە لەگەڵ دۆستانی زۆر کۆنیو دانیشتن و نووسەر خۆی وتەنی "چەم کردن" بەهەموو جۆرەکانی "چەم کردنەوە" لەگەڵیان، سەفەر کردنو میوانی چوونو هاتو چۆ بەکۆڵانو شەقامەکانی ئەو وڵاتانەدا کەزۆر لەوڵاتەکەی ئەو (کوردستان) جیاوازنو هەندێکجار خۆزگەخواردن بەوەی بۆچی کوردستان وەها نییەو تەنانەت گوزەرکردن بەبازاڕی لەشفرۆشەکانیشدا بۆ ئەو جۆرێکە لەخەیاڵ، با ئەو شتانە لەواقعی ئەودا ڕوویدابێت. کەباس لەبازاڕی لەشفرۆشەکان دەکاتو ئەو بەشە لەژیانی ئەوان دەگێڕێتەوە بێ یەکو دوو دەکەویتەوە یادی چەمکو کانسێپتێک بە ناوی "بەکاڵابوونی ئینسان". ئاخۆ بەهای مرۆڤ ئەوەیە وەک کاڵایەکی سێکسی لەجامخانەکاندا دابنرێتو بەفرۆش بچێت؟ لەبەر ئەوەی ئەم دەقە سەفەرنامەیە هەموو ئەو ناوانەی لەم کتێبەدا هاتوون کەسانی واقعنو زۆربەی زۆری ئەو ڕووداوانەش حەقیقین یان لانیکەمی وایە هەستدەکەیت حەقیقینو لەژیانی واقعیدا ئەو کەسەو لەو سەفەرەیدا ڕوویاندابێت، هەرچەن بەجۆرێک لەجۆرەکانو هەندێ جاریش لەتوخمی خەیاڵ کەڵکوەرگیرابێت. لەگەڵ ئەمەش ئێمە کلتووری ئەو وڵاتانە دەبینین، کلتووری چەند وڵات لەسەردەمێکی مێژوویی تایبەت کەڕەنگە چەند ساڵێتر بۆ خوێنەرێک ئەم بەرهەمە دەخوێنێتەوەو بەهەمان سەفەردا دەچێت نامۆ بێت. بەڵام ئەو لەبیری دەبێت سەردەمانێک ئەم وڵاتە بەم کلتوورو فەرهەنگەوە ژیاوە.




## سێ کورتە چیرۆک

ن: کامیار عەباسی
و: جەواد حەیدەری

**١٢ ساڵی**

براگەورەکەم لە ١٧ ساڵیدا زەواجیکردو لەتەمەنی ٣٢ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد، دوو کوڕی تەمەن هەشت ساڵانەی هەیە کەدووانەنو زۆر لەخۆی دەچن، براکەی ترم لە ٢٧ ساڵیدا ژنی هێناو لەتەمەنی ٤٠ ساڵیدا مرد، ئەو کچو کوڕێکی هەیەو هەموو جارێ پێم دەڵێ کەکوڕەکەی شێوەی زۆر لەمن دەچێت. منیش لە ١٢ساڵیدا مردم ئەو کاتەی کەهێشتا براکانم ژنیان نەهێنابوو.

**گیانی مرۆڤەکان یەکسان نین**

کاتێک زانی بکوژی ژنەکەی کێیە، تووڕەبوونەکەی بەرەو خاوبوونەوە ڕۆیشت، ژنە جوانو خوێن شیرینو دکتۆرەکەی بەدەستی پیاوێک کەئالودەی مادەسڕکەرەکان بوو، کوژرابوو. لەیەکەم دانیشتنی دادگا، بکوژەکەی بەخشی، لەوەڵامدا وتی: گیان مرۆڤەکان یەکسانو بەرابەر نییە، ئەمەش سوکایەتییە بەژنەکەم کەگیان ئەو و گیانی پیاوێکی بکوژ یەکسان بێت.
هەر هەمان شەو بەج وانترین شێوە خۆی کوشتوە

**زانست باشترە یان سەرمایە**

ن: فەرزام

دەفتەرەکەی بەدەستەوە گرت، چوو بۆ لای دایکیو پرسی دایەگیان زانست باشترە یان سەرمایە؟
دایکی وتی: بنووسە ئەگەر دوو پۆل خوێندەواریم هەبا، حاڵم ئاوا نەدەبوو.
چووبۆ لای مامیو لێیپرسی: مامە چی بنووسم؟
مامی وتی: بنووسە سەرمایە ، ئاخ ، حەیف بۆ ئەو چەند ساڵەی کەخوێندم.
دواتر چووە لای باوەگەورەو لێیپرسی چی بنووسم؟
باوەگەورەش سەرێکی ڕاوەشاندو وتی: گەنجێتی.

دەستوور

**خاوەنی ئیمتیاز:** کۆمپانیای سولی تێلیگراف

**سەرۆکی ئەنجومەن:** ئیدریس عومەر
info@destur.net - 0533187811

**جێگری سەرنووسەر:** وریا حەمەتاهیر
**سکرتێری نووسین:** شۆڕش خالید
**بەڕێوەبەری هونەریی:** لوقمان عومەر

# لەڕەمەزاندا.. هەمووان بۆ ماڵی خودا

# یارمەتیدانی هەژاران لەرەمەزاندا زیاددەکات




مەعاز و محەمەد

هەموو ساڵێک لەرەمەزانانداا هەندێک لەدەوڵەمەندانو بازرگانان هاوکاری هەژاران دەکەن، ئەوەش بەجۆرێکە کەهەندێک کەس بەڕەمەزان دەڵێن مانگی یارمەتیدانی هەژاران.

بەشێوەیەکی گشتی لەمانگی رەمەزاندا خێرو چاکەکەکردن لەلایەن موسڵمانانەوە زیاددەبێت، وێڕای ئەوەی لەڕۆژدا لەخواردنو خواردنەوە دووردەکەونەوە، هەروەها هاوکاری هەژاران دەکەن.

لەرەمەزاندا مسوڵمانان جگە لەبەجێهێنانی ئەرکی رۆژووگرتن، ئەرکێکی دیکەیان بەجێهێنانی زەکاتە، کەپێویستە لەسەر هەر مسوڵمانێکی پێگەیشتوو زەکات بدات بەهەژاران.

زۆرێک لەو کەسانەی کەخێردەکەن بەباشی نازانن ناویان بهێنرێتو قسەبکەن، رۆژنامەی دەستوور پەیوەندیکرد بەچەندان کەسی خێرخوازو دەوڵەمەند، بەڵام ئامادەنەبوون لێدوانبدەنو ئاماژەیان بەوەدەکرد کەپەیامبەری ئیسلام دەفەرموێ "کەخێرتکرد بەدەستی راستت بیکەو مەهێڵە دەستی چەپت پێی بزانێت".

یەکێک لەو خێرخوازانە کەداوایکرد ناوی نەهێنرێت لەلێدوانێکدا بەدەستووری وت "رەمەزان مانگی خێرو بەخشینەو خەڵکیش زیاتر پێویستی بەپارەیە، چونکە رەمەزان پێداویستی زیاترە بۆیە هاوکارییەکانمان زیاتردەکەین".

ئەو خێرخوازە کەزۆربەی ئێواران خورماو ئاو دەبات بۆ مزگەوتەکانو گۆشتو خواردن دەکڕێت بۆ ماڵە هەژارەکان وتی "لەڕەمەزاندا هاوکاریی هەژاران زیاتردەکەمو خورماو ئاو بۆ رۆژووانانو گۆشتو خواردنیش بۆ ماڵە هەژاران دابیندەکەم".

ئەو دەوڵەمەندە داوای لەهەموو دەوڵەمەندو بازرگانان کرد کەهاوکاری هەژاران بکەنو وتی "پێویستە هەموو دەوڵەمەندو دەسترۆیشتویەک لەو مانگەدا زیاتر هەست بە بەرپرسیارێتی بکەن بەرانبەر خوداو پاشانیش بەرانبەر بەهەژاران".

بەشێک لەکەناڵەکانی راگەیاندنیش لەمانگی رەمەزاندا بەرنامەی تایبەت بەهاندانی هاوکاریکردنی هەژاران پەخشدەکەنو ئێواران لەکاتی بەربانگدا دەبنە میوانی رۆژووانان.

یەکێک لەو کەنالانە تەلەفزیۆنی یەکگرتووە، لهۆن قادر بەڕێوەبەری پێشووی تەلەفزیۆنی یەکگرتوو کەناڵی سلێمانی کەماوەی هەفتەیەکە دەستی لەکارکێشاوەتەوە وتی "ئەم پرۆژانە لەمانگی پیرۆزی رەمەزاندا، چڕتردەبنەوە، چونکە لەم مانگەدا جگەلەوەی کەلایەنی رۆحی تاکەکان ئامادەی هەیە بۆ خێرکردن، لەهەمانکاتدا وەرزی جێبەجێکردنی ئەرکێکە کەئەویش زەکاتدانە، بۆیە خەڵک زۆرتر خێردەکات".

"لەتەلەفزیۆنی یەکگرتوو تائێستا نزیکەی شەش سەد ملیۆن دینار خەرجکراوە بۆ زیاتر لەسەد نەخۆش، کەهەموو ئەمانە نەخۆشیی ترسناکیان هەبووەو لەدەرەوە چارەسەریان بۆ کراوە" لهۆن قادر وایوت.

لای خۆیەوە هاوڕێ قادر ئامادەکاری بەرنامەی خوانی گەلی کوردستان کەبەرنامەیەکی تایبەت بەهاوکاریکردنی ماڵە هەژارەکان، ئاماژە بەوەدەکات ئەمساڵ بەرنامەکەی ئەوان بەسپۆنسەری کۆمپانیای ئاسیاسێل پێشکەشدەکرێتو ئەو کۆمپانیایە بڕی ٣٠ ملیۆن دیناری بۆ بەرنامەکە دابینکردووە، کەدوو رۆژ جارێک هەر ماڵە هەژارێک ٢ ملیۆن دیناری پێدەبەخشن.

هاوڕێ قادر وتی "خەڵکی ئێمە مسوڵمانن و روو لەئاینن و ئێواران سەیری بەرنامەی تەلەفزیۆنەکان دەکەن، کەشتێکی وادەبینن ویژدانیان قبوڵناکات، بۆیە هاوکارییکردنی هەژاران زیاتربووە لەمانگی رەمەزاندا".

پسپۆڕێکی بواری شەریعەت هانی موسڵمانان دەدات کەچاو لەپەیامبەری ئیسلام بکەن، بۆ هاوکاریکردنی هەژاران.

یوسف عەبدولڕەحمان مامۆستای بەشی دیراساتی ئیسلامی لەکۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی رانیە وتی "پێغەمبەر دەفەرموێ باشترین خێرێک کەبکرێت، ئەو خێرەیە کە لەمانگی رەمەزاندا بکرێت، بۆیە پێغەمبەری خوا لەرەمەزاندا لەهەموو کەس بەخشندەتربووە".

ئەوەشی وت "خودا پاداشتێکی گەورەی ئەوانە دەداتەوە کە لەرەمەزاندا خێردەکەنو دڵی هەژاران خۆشدەکەنو یارمەتیان بۆ کۆدەکەنەوە".

لهۆن قادر گلەیی لەکۆمپانیاو دەوڵەمەندەکان دەکات کە تائێستا بەجدی ئاوڕیان لەهەژارانو بەرنامەکەی ئەوان نەداوەتەوەو وتی "کەسانی مامناوەندو بەشێک لەچینی هەژاران هاوکاریمان دەکەن، تەنانەت هەندێکجار کرێکار لەرێگەی بەرنامەکەی ئێمەوە هاوکاریی نەخۆشو هەژارانی کردووە.

هاوڕێ قادر پێیوایە لەدوای دەرکەوتنی هەژارو کەمدەرامەتەکان لەتەلەفزیۆنەکانەوە هاوکارییەکی باشدەکرێن.

هاوڕێ وتی "لەشارۆچکەی عەربەت ماڵێک بەتەواوەتی لەناو هەژاریو نەخۆشیدا ژیانیان دەگوزەراند، دوای دەرکەوتنیان لەتەلەفزیۆنەوە، دەوڵەمەندێک بڕیاریداوە خانوویەکیان بۆ دروستبکاتەوە، کەسێکی تریش بڕیاریداوە چارەسەری نەخۆشییەکەیان بۆ بکات، خێرخوازێکی تر بڕیاریداوە خەرجیی ئەم رەمەزانەیان بۆ بکات بەجلوبەرگی چەژنیشەوە".

ئەوەشی وت "ساڵی رابردووش دوای دەرکەوتنیان لەبەرنامەکەی ئێمەدا، خێزانێک بڕی ٨٠ هەزار دۆلار هاوکاریکران".

یوسف عەبدولڕەحمان مژدەی بەدەوڵەمەندو موسڵماناندا کەئەگەر هاوکاریی کەسێک کەباوکی نییە بکات، ئەوا لەڕۆژی دواییدا لەپێغەمبەری خوداوە نزیکە، وتی "هەر کەسێک هاوکاریی هەتیوێک بکات، پێغەمبەری خوا مژدەی پێدەدات کە لەقیامەتدا زۆر نزیکەلێیەوەو ئاماژەی بەپەنجەکانی دەستی کردووەو وتویەتی منو ئەوانەی یارمەتی هەتیوان دەدەن، هێندەی ئەم دوو پەنجەیە نزیکن لەیەکەوە".

پێشیوابوو "تێرکردنی رۆژووانێک، نیعمەتێکی گەورەیە، ئیسلام پێماندەڵێت کەناندان بەموسڵمانێک لەڕەمەزاندا، خوای گەورە بەمیوەکانی بەهەشت پاداشتیدەداتەوەو هەرکەسێک تینویەتیی موسڵمانێک بشکێنێت، خوای بەرەحم لەرەحیق مەختومدا لەتینویەتی رزگاریدەکات" یوسف عەبدورەحمان وایوت.

دەلاقە

## ئامانج لەگۆڕانکاری چییە؟

حوسەین ئاسلان/ رۆژنامەی خەبەرتورک
و. لەتورکییەوە محەمەد عەلی

دەستوور بریتییە لە "پەیماننامەیەکی جەماوەری" کەشێوەی رێکخستنی دەوڵەت دادەڕێژێت، چوارچێوەکەی دیاریدەکاتو ئەو مەرجانە بۆ هاونیشتمانیان فەراهەمدەکات لەسەر زەمینێکی هاوبەش پێکەوەو بەیەکگرتوویی ژیان بەرنەسەر.

لەبەر ئەم هۆیەش ئەو دەسەڵاتە سیاسییەی بەتاقی تەنهاو بێ ئەوەی رێککەوتنی لایەنەکانی لەسەر بێت، ئەو گۆڕانکارییانەی نێو دەستووری ئامادەکردبێتو مۆرکی خۆی پێوەبێت، تەنانەت ئەگەر لەریفراندۆمیشدا لەلایەن خەڵکەوە پەسەندکرا، هەر نابێتە پەیماننامەی جەماوەریو خاوەنی تایبەتمەندیی ئەو پەیماننامەیە. ئەوەی کەدەبیندرێ ئەوەیە ئەو کۆمەڵە گۆڕانکارییانەی نێو دەستوور زیاتر لەوەی بەڵێننامەیەکی کۆمەڵایەتی بێت، بەرهەمی ئەو چالاکییانەیە کەپارتی دادوگەشەپێدان (ئاکەپە) بۆ لادانی رێگرو لەمپەرەکانی بەردەم خۆیو بەمەبەستی نەهێشتنی ئەو زەحمەتییانەی توشی دەبێت، پێی هەڵدەستێت. راستییەکیش هەیە کەناگۆڕێت ئەویش ئەوەیە ئەو گۆڕانکارییانەی کەجەمسەرگیریی نێو کۆمەڵگا تیژتر دەکەنەوەو تەنها خزمەت بەئامانجەکانی پارتی دەسەڵاتدار دەکەن، تەمەنیان هێندەی تەمەنی ئەو پارتە سیاسییەیە.

ئەوەی کەماوەتەوە ئەوەیە ریفراندۆمەکەی حکومەت کەستراتیژەکەی بریتییە لە "لێپرسینەوە لە ١٢ی ئەیلول" راستەقینە نییەو بۆ سەر لێشێواندنە، چونکە دەستوورەکەی ١٢ی ئەیلولی ساڵی ١٩٨٢ تائێستا ٢٠ جار لەدوای رێککەوتنی لایەکان لەنێو پەرلەماندا گۆڕاوە. ئێستاش بۆ جاری ٢١ەمین بێ ئەوەی هیچ رێککەوتنێکی پێش وەخت کرابێت، گۆڕانکارییەکان دەخرێنە بەردەم خەڵک. لەلایەکی دیکەشەوە دەستنەدانی ئاکەپە لەوەی کەئەو پارتەی لەسەدا ١٠ی دەنگەکانی سەرجەم تورکیا نەهێنێت، بۆی نییە بەشداری لەحکومەتدا بکات، کەبەرهەمی دەستووری ١٢ی ئەیلولەو دژی دیموکراسییە، نیازی ئاکەپە بەڕوونو ئاشکرایی پیشاندەدات کەبریتی نییە لە "لێپرسینەوە لەگەڵ ١٢ی ئەیلولو کودەتاچییەکان".

لەبارەی سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەرییشەوە دەسەڵات لەرێگەی هەموارکردنەوەی دەستورەوەو شێوازی هەڵبژاردنی ئەندامانی دادگای دەستووری لە ١٧ ئەندامەکەی ئەو دادگایە بەهۆی ئەوەی کەزۆرینەی نێو پەرلەمانی هەیە، لانیکەم دەتوانێ ١٠ ئەندامیان بخاتە نێو ئەو چوارچێوەیەوە کە لەهێڵێکی نزیک لەسیاسەتی پارتەکەیەوە بن. بەمەش زۆرینەی ئەندامان بەدەستدێنێ. لەو گۆڕانکارییانەش کە لەدامەزراوەی باڵای دادوەرانو پارێزەراندا ئەنجامدەدرێتو وەزیری دارایی دەبێتە سەرۆکی ئەو دامەزراوەیەو سەرۆکەکەشی دەبێتە ئەندام، بەمەش دەسەڵاتی نوێنەرایەتی ئەو دامەزراوەیە لەدەستی وەزارەتی داددا دەبێت، جگە لەمانەش دادوەرانی لێکۆڵینەوەی بەبێ رەزامەندیی وەزیری داد نەتوانن لێکۆڵینەوە بکەن. ئەمانە هەمووی بەمانای نەهێشتنی سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری دێت. دەرهێنانی دەسەڵاتە لەدەستی دادوەرانو رادەستکردنیەتی بەوەزارەتی داد.

ئەم تابلۆیە ئەوەمان نیشاندەدات کەوەزیری داد کۆنترۆڵی تەواوی دەسەڵاتی دادوەری دەگرێتەدەست. پرەنسیپی جیاوازی هێزەکانو سەربەخۆیی دادوەری دەبنە وەدیهێنەرو دروستکەری دیموکراسی زۆرینەی رەها. لەکاتێکدا بێلایەنی پێشمەرجی سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەرییە. لەبەر ئەم هۆیانە دەسەڵات لەوە دەڕوانێت کەدوگمەکانی کۆنترۆڵکردنی دەسەڵاتی دادوەری بخاتە ژێر چنگییەوە.

دەرەنجام: ئەم گۆڕانکارییانە بۆ لێپرسینەوە لەکودەتای ١٢ی ئەیلولو کودەتاچییەکان ئامادەنەکراوە، بەڵکو بۆ ئەوە ئامادەکراوە کەدەسەڵات هەیمەنەو هەژموونی بەسەر دەسەڵاتی دادوەریدا هەبێت.

REKLAM




جەمشید خانی مامم کەهەمیشە با لەگەڵ خۆیدا دەیبرد

ئەم رۆمانە دواهەمین بەرهەمی رۆماننووس "بەختیار عەلی"یەو هەنووکە لەکتێبخانەکانداریە. جەمشیدخان؛ مرۆڤێکە لەنێوان دنیا جیاوازەکاندا با دەیبات، هەم لەجەنگەوە دەئاڵێتو هەم لەئاشتی، ئەم کارەکتەرە نوێیەی بەختیار عەلی هەموو ناکۆکییە گەورەکانی ناو مرۆڤی تێدایە، هەم جوانییەکانو هەم دزێوییەکان. جەمشیدخان؛ کەسێکە بەشێک لەهەمووانی تێدایەو بەشێکیش لەئەو لەهەمووماندایە.

ئەم رۆمانە دواهەمین مرواریی دنیا ئەفسووناوییەکەی "بەختیار عەلی"یە، قەبارەی مامناوەندییەو ژمارەی لاپەڕەکانی ١٥١ لاپەڕەیەو لەلایەن کتێبخانەی ئەندێشەوە بڵاوکراوەتەوە.